# پاڵپشتی بۆ ئازادی لەهەرێمی کوردستان

کۆمەڵێک نووسەر

فارووق ڕەفیق
ڕێبین هەردی
دانا سەعید صۆفی
د. تەها عومەر ڕەشید
م. نەوزاد جەمال
د. سەلیم پتروس
هاوژین مەلا ئەمین
مەم بورهان قانع
مەریوان عەلی

ناوی کتێب: پاڵپشتییەك بۆ ئازادی لە هەرێمی کوردستاندا

جۆری کتێب: بیروڕا

نوسەر: کۆمەڵێك نوسەر

هەڵەچن: ئومێد ئەمین

دیزایینی بەرگو ناواخن: فەرەیدون ڕەشید

چاپ: چاپخانەی شڤان

تیراژ:

ژمارەی سپاردن:

## ناوەڕۆك


پێشەكی.................................................................5

وتوێژێك لەگەڵ فاروق ڕەفیق..........................................................9

وتوێژێك لەگەڵ ڕێبین هەردی.........................................................49

وتوێژێك لەگەڵ د. دانا سەعید صۆفی....................................................62

ئازادیو دەستوور.................................... د. تەها عومەر ڕەشید ......78

هەڵای ئازادی...................................م. نەوزاد جەمال.............94

ئازادی و گەشەسەندنی كۆمەڵگا ..................د. سەلیم پتروس ...........106

ئازادی وەك ناوەڕۆكی ڕێكخستنی سیاسی..........هاوژین مەلا ئەمین...........111

میدیاو ئیتیك.............................مەم بورهان قانع........... 123

بۆچی ئازادی.....................................مەریوان عەلی.............. 161

## پێشەکی

**شتێکی سەیروسەمەرە کە بەراوردی تەنزیری زیادەی ئازادیەکان بکەین، لە کاتێکدا ئازادی لە راڤەکاریدا بەرەو کەمبونەوە بچێت**

**لویس ئەنتونیە دی بیینا.**

هەمیشە قسەکردن لەسەر ئازادی راماندەکێشێت بۆ نێو ململانێیەکی توند لەسەر مافێکی زەوتکراو، ململانێیەك هەر جارەو ڕەنگ و بەرگ و شکڵێك بەخۆوە دەبینێت، هەڵبەت ململانێ لەپێناو بەدەستهێنانی ئازادی ململانێیەکی بارگران و پڕ کێشمە کێشە، بێگومان بەتەنیشت ئەو ململانێیەی لە پێناو ئازادیدا سەرشەقامی شارەکان دەتەنێتەوە، لێکۆڵینەوە فکری و دیبەیتە مەعریفیەکان رۆڵێکی گرنگ و بەهێز دەبینن لە روناکی خستنەسەر ئەو روبەرە تاریکانەی ئەم چەمکە راستەوخۆ ماناکانی تێدا بەرجەستە و شرۆڤە دەکات.

ئازادی پەیوەندی بە دیدی ئەقڵانی و راڤەکاریەوە هەیە، شتێك نییە لە ئیرادەیەکی رووتی بریاردان و بەرهەڵستکاری تاك یان گروپێکەوە سەرچاوە بگرێت، ئازادی راکردنێکی کوێرانە نییە لە ژێر سایەی دەسەڵاتدا، ئەوەندەی هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی رایەڵەی لێك تێگەیشتن لە دەسەڵات و سنورەکانی دەسەڵاتداری، راستیەکەی بەبێ تێگەیشتن لە دەسەڵات ئەستەمە لە ئازادی تێبگەین، هەروەك بەبێ کەشفکردنی ئەو نهێنیانەی دەسەڵات و کۆمەڵگا لەلایەك، لەلایەکی ترەوە دەسەڵات و تاك پێکەوە کۆدەکاتەوە دووبارە ئەستەمە لە مانا گشتیەکانی ئازادی تێبگەین.

كێشەی ئازادی بەتەنها لەوەدا كورتناكرێتـەوە "دەربـازبوون لـە كۆتوبەنـد"، چونكە ئـەم چـەمكە هـەڵگری زیـاد لـە مانـا و دەلالەتێكـە، ئـەوەی كـۆت و بەنـدێك كۆتـایی پـێ دێنێـت مـەرج نییـە كۆتوبەنـدێكی تـر بینانەكاتــەوە، هەروەك ئەوەی باس لە ئازادبوون دەكات لە گۆشە نیگا و رووبەرێكدا، مـەرج نییە گۆشە نیگا و رووبـەرێكی تـر وێـران نـەكات، كێشـەی ئـازادی لـە نێـوان میللەتانی دونیا بە شێوازو فۆرمی جیاواز خـۆی مانفێسـت دەكـات، لـە هـەر شوێنێكی دونیا ئازادی بە چەندین چـەمكی تـر دەوردراوە، راسـتیەكەی بـەو چەمكانەی بەهای گەردوونیان هەیە. هەڵبـەت چـەمكی ئـازادی وێسـتگەیەكی سەرەكیە بۆ شەڕكردن لەگەڵ سێ مەسەلەی گـرنگ"رەزیلـەت و كۆتوبەنـد و ستەمكاری"، بە بارێكی تر چەمكی ئازادی دەروازیەكە بۆ شرۆڤەكردنی سـێ مەسەلەی گرنگ "ئـیرادە و دادپـەروەری و لێبـوردەیی"، ئەگەرچـی مێـژووی ئەو ململانێ و تێكۆشانانەی لەو پێناوەدا ئەنجام دراون بـە چـەمكی ئازادیـدا تـێ نەپـەڕیون، بـەڵام دواجـار بـۆ بەرجەسـتەكردنی مانـا راسـتەقینەكانیان لەسەر ژینگەیەك دەگیرسێنەوە كە نـاو دەبرێـت بـە ئـازدی، هەڵبـەت هـەموو هەوڵێك بۆ گەیشـتن بـە مانـا راسـتەقینەكانی ئـەو چـەمكە گەردوونیانـە گـەر لەسەر زەمینی ئازادی نەگیرسێتەوە ئەوا مانای وایە هێشتا ئـەو چـەمكانە لـە دۆخ و قۆناغی پێنەگەیشتودایە.

چـەمكی ئـازادی لـە خۆیـدا چـەمكێكی ئـاڵۆز و فـرە ئیشـكالە، چـەمكێكە سـەرجەم هاونیشـتمانیانی كۆمــەڵگا و هێـز و جڤـادە كۆمەڵایەتیـەكان لــە فۆرمەلەكردنی مانا و دەلالەتەكانیدا بەشدارن، هربرت سبنسر پێیوایە"كـەس ناتوانێت بە شێوەیەكی تەواوەتی ئـازاد بێـت ئەگـەر هـەمووان ئـازاد نـەبین" بـەم تێگەیشـتنە ئـازادی بریتیـە لـە كێشـەی یـەك بـە یـەكی كۆمـەڵگا و لـە

گشتیشدا کێشەیەکی نەبراوەی نێوان کۆمەڵگا و دەسەڵاتە، هەڵبەت لە کوێ ئازادی تاك و جڤادێك زەوتکرا، ئەوا مانای وایە ئازادی لە گشتدا دەکەوێتە بەرپرسیار و گومانەوە، راستیەکەی کاتێك ئازادی مانای دەبێت کە ئازادی ئەوانی دی دەستەبەر کرابێت، ئەگەرچی ئەمە روویەکی ئەخلاقی ئەم چەمکەمان نیشاندەدا، بەڵام دواجار ئازادی دابراو نیە لە رەهەندە ئەخلاقیەکان هەروەك ئەمانیویل کانت دەنوسێت"ئازادی بریتیە لە سەربەخۆیی مرۆڤ لە هەموو شتێك، تەنها لە یاسای ئەخلاقی نەبێت"، هەڵبەت پەیوەندی ئازادی بە چەمکی ئەخلاقەوە، پەیوەندیەکی نەبراوە و نەمرە، لە هەر شوێنێك باسی ئازادی کرا جۆرێك ئەخلاق لە سێبەریدا ئامادەگی دەبێت، لە هەر جێگەیەکدا ئازادی کرایە مەبەست ئەوا ئەخلاقیش وەك تەواوکاری ماناکانی خۆی پێناس دەکاتەوە، بۆ نمونە کاتێك جون ستیوارت میل دەنوسێت " ئازادی بریتیە لە قودرەتی مرۆڤ بۆ هەوڵدان بەدوای بەرژەوەندی خۆی، بەگوێرەی تێروانینی خۆی، بەمەرجێك نەبێتە رێگەخۆشکەر بۆ زیان گەیاندن بەوانی تر" لێرەدا میل بۆ گەران و هەوڵدان بۆ بەرژەوەندی کەسەکان، ئەوەندە ئازادمان دەکات کە زیان بەوانی تر نەگەیەنین، ئەم گوتەیە ئەوەندەی قسە لەسەر ئازادی دەکات، ئەوەندەش قسە لەسەر ئەخلاقیش دەکات.

بێگومان بۆ قسەکردن لەسەر ئازادی تەنها پێداگریمان پێویستە لەسەر مافی ئازادی، هەروەك بۆ پێداگری لەسەر مافی ئازادی تەنها ئەو دەنگە ئازادانەمان پێویستە کە درك بە تەسکبونەوەی رووبەرەکانی ئازادی دەکەن، لێرەوە هەموو قسەکردنێك لەپێناو کەشفکردنی میکانیزمەکانی بەرتەسککردنەوەی رووبەرەکانی ئازادی بە رستێك لێکۆڵینەوە و دیبەتی مەعریفیدا تێدەپەرێت،

بەبێ لێكۆڵینەوە و گفتوگۆی چڕی نێوان دەسەڵات و ئەو دەنگە ناڕازیانەی هەن، ئەو هێزە كۆمەڵایەتیانەی دەیانەوێت گوزارشت لەبونی خۆیان بكەن، ئەو مافانەی پێشلكراون، ئەو قوربانیانەی خەڵتانی خوێن كراون... ناكرێن باس لەسەرەتایترین مافەكانی ئازادی بكرێت!

ئەم كتێبە بەرهەمی پرۆژەیەكی هاوبەشی نێوەندی رۆشنگەری و رێكخراوی كۆمەڵەی خەڵك بۆ گەشەپێدانە، كۆی پرۆژەكە خۆی لە چەند چالاكییەكی هەمەچەشەندا بینیەوە، كە بەكۆ پێداگری بوو لەسەر مافی ئازادی، وەك مافێك كە هاوڵاتیان دەستبەرداری نابن.

پرۆژەكە لە چەندین رەهەندی جیاوازەوە شرۆڤەی مافی ئازادی كرد، ئەوەی گرنگ بوو لەم پرۆژەیەدا تێگەیشتین كە ئازادی لە فەزای گشتیدا، لە هەنگاونانێكی بەرچاو و ترسناكدایە بەرەو پاشەكشێ و بچوك كردنەوەی بازنەكانی ئەم چەمكە. هەڵبەت لە بەرامبەر ئەم دۆخەدا، بە ئاشكرا بۆمان روون بۆیەوە، چەمكی ئازادی خەمێكی گەورەی هێزە كۆمەڵایەتی و مەدەنی و رۆشنبیرە جدیەكانە، خەمێكە پێویستی بە قسەكردن و تیوریزەكردن هەیە.

ئەم كتێبە گۆشەیەكی ئەو پرۆژەیەیە لە پێناو پێداگری لە چەمكی ئازادی، هەروەك ئاماژەمان پێدا پرۆژەكەی نێوەندی رۆشنگەری بریتی بوو لە پەیامێك كە ئازادی مافێكی دستبەردارنەبووە، مافێكە هەر سەردەم و نەوەیەك بە مانا و تێگەیشتن و بیركردنەوەیەكی خۆیان دەستبەرداری ئەم مافە نابن.

مەریوان عەلی

## ئازادیو جڤاتە كۆمەڵایەتییەكان
## دەقی وتووێژێك لەگەڵ فاروق رەفیق

**پ1/ با بە پرسیارێكی دوولایەنانە دەستپێبكەین، ئەویش ئەوەیە (بەرای تۆ) ئازادی بابەتێكی پەیوەندیداری ئیسۆتریكی خودە، یان كەڵكەڵەو پرسیارێكی نەبڕاوەی پەبلیك دۆمینە (كایەی گشتیە)؟**

**فاروق رەفیق:** كۆی كێشەكە پەیوەندی بەوەوە هەیە لە چ مەوقعێكدا قەرارمان گرتووە؟ واتە لە چ پنتێكو لە چ گۆشە نیگایەكو لە چ هەلومەرجێكدا خۆمان دەبینینەوەو ئەم پرسیارە دەكەینو لە كێشەكە دەڕوانین؟ گەر لە جوگرافیایەكدا، لە هەلومەرجێكی ژیاریی ئەوتۆدا خۆمان دەبینینەوە كە گشت ئازادیە سیاسییو مەدەنیو فیكریەكانی ئێمەی دابینكردووە، لە فەزایەكدا بوونی خۆمان دەبینینەوە كە وەك هاونیشتمانی مامەڵە دەكرێینو مامەڵە دەكەینو خاوەنی ئازادیە سیاسییەكانین، لەوانە ئازادی بەشداریكردن لە پرۆسەی سیاسەتو بەڕێوەبردنی ژیانی جڤاتیانەماندا، لەوانە ئازدی رادەربڕینو گفتوگۆكردنی ئەو پێشنیازو ئایدیانەی كە وەك پرۆپۆزەڵ لە ئەنجوومەنە لۆكاڵیو هەرێمیو تا لەسەرئاستی نەتەوەیی كە مەبەست لێیان داڕشتنیانە وەك یاسایەكو ئێمە

ئازادانە سەرقاڵی دبەیتکردن‌و هەڵسەنگاندن‌و نرخاندنیانین، گەر لە هەناوی هەلومەرجێکەوە ئەم پرسیارە دەکەین کە ژمارەیەك ڕێساو ڕێورەسمی یاسایی‌و کلتوریی‌و بگرە داب‌و نەریت‌و خووی مەدەنیانەی ئەوتۆ بوونیان هەیە، وەك میراتگەلێکی شارستانیانەو خووگرتن بە ئادابی ڕێزگرتنەوە لە کەسایەتی ئێمە، کە هەر هەموو لە مەدەنیەت دەدوێین‌و سەرجەم زەمانەتی ئازادیەکانی ئێمە دەکەن، ژمارەیەك زەمانەتی یاسایی وەك پرنسیپ‌و دەستورو ڕێسا بوونیان هەیە بۆ داکۆکیکردن لە ئازادی‌و کەرامەتی ئینسانیانەی ئێمە، لەم حاڵەتەدا قسەکردن لەسەر ئازادی وەك مەسەلەیەك یا کێشەیەکی وجودی، کێشەیەکی ناوەوەیی (ناوخودی زاتی مرۆڤ)و وەك کێشەیەکی ئیسۆتریکی (باطنی)ی گرنگی لە ڕادەبەدەری هەیە، چونکە دوای فەراهەمکردنی گشت زەمانەتە سیاسیی‌و یاسایی‌و کۆمەڵایەتییەکان چەندین گینگڵخواردن‌و قەلەقی‌و شك‌و گومان‌و گەڕان‌و پرسیار دەمێننەوە سەبارەت بە کەینونەی مرۆڤو مانای بوون‌و ژیانی تاکەکەسی، لە چەشنی ئێمە کێین؟ بۆ هەین؟ چۆن دەبێت ببین؟ واتە پرسیارگەلێکی سەرمەدی دەربارەی کەینونەو ژیانی ئێمەو بەتایبەت لە دەرەوەی ژیانە ڕۆتینیە ئاسۆییەکەی کە ڕۆژانە دەژین، ئەو پرسیارانەی کە لە دواجاردا خود بەخود دەمانبەنەوە سەر مانا حەقیقیەکەی بوونمان، لێرەدا پرسیارکردن لەئازادی بە مانا وجودی‌و بەمانا ئیسۆتریکیەکەی نەك گرنگە، بەڵکو دەبێت پرۆژەیەکی فیکری ـ فەلسەفی بێت بۆ کەشفکردنی نەك مانا شاراوەکانی ئازادی، نەك کەشفکردنی مانا شاراوەکانی بوون‌و ژیانی ئێمەو چۆنێتی بەڕێکردن‌و سەر ڕێگا خستنی ئەو ژیانە، بەڵکو دەبێت پرۆژەیەك بێت بۆ داهێنان‌و سەرلەنوێ بونیادنانەوەی شێوازەکانی ژیان‌و داهێنانی شێوازی

نوێی بیركردنەوەو بوون، شێوازی نوێی مامەڵەكردن لەتەك بووداو سەر ڕێگاخستنی جۆری نوێی ژیان، داهێنانی بیركردنەوەی نوێو ئایدیاو دنیابینی نوێ لەمەڕ ژیانو بوونمان، بەتایبەت داهێنانی شێوازی نوێی مامەڵەكردنو تێڕامان لە كێشەو مەسەلە هەرە زاتیو ڕۆحیەكانمان، هەركەسەو بەپێی توانای عەقڵی خۆیو پێداویستی ڕۆحی خۆی،و قودرەتی تێڕامانو بیركردنەوەی خۆی لە جیهانی ناوەوەی خۆیو لە كێشمەكێشو ململانێ زاتیەكانی خۆی لەپێناو گەیشتن بە ئازادی ناوەوەیی یا ئیسۆتریكیو گەیشتن بە هەلو مەرجێكی ڕۆحی، كە مانا بە ژیانو بوونی دەبەخشێت، كە ئەم تێڕامانو بیركردنەوەیە ڕەنگە هەندێك كەس بگەیەنێتە كەنارەكانی ئارامی ڕۆحی، هەندێك بكاتە عارف، هەندێكی دی بكاتە كەسێكی بیركەرەوە، یا كەسێكی بەختەوەر، هەندێكی دی بكاتە كەسێكی ژیرو حەكیم یا زانا، یا داهێنەر لە بوارە جیاوازەكانی ئەدەبو هونەردا، بەڵام لە هەموو حاڵەتەكاندا كەسێك كە خۆی لەم ژینگە ڕۆحیەدا دەبینێتەوە بێگومان دەبێتە مرۆڤ، ئاخر لە بیرمان نەچێت كە مرۆڤ بوون دراوێكی (given) سروشتی نییە بەو مانایەی كە لەبەرئەوەی سروشت لە رووی بایۆلۆژیەوە ئێمەی وەك مرۆڤ خەڵق كردووەو پرۆسەی ئۆرگانی بەمانای بایۆلۆژیو سروشتی جێبەجێ دەكەین، دەخۆین، دەجولێین، دەخەوین، كەواتە مرۆڤین، نا، مرۆڤ بوون پرۆژەیەكی – فیكری – شارستانییە، لە هەمووی گرنگتر پرۆژەیەكی وجودیە كە هەركەسەمان دەبێت خۆی پێی هەڵبستێت، واتە مرۆڤ بوون بە مانا ئیسۆتریكیەكەی واتا ئازادی، ئێمە خوڵقاوین بۆئەوەی هەبین، بەڵام بۆئەوەی هەبین ئێمە هیچ نین جگە لە پرۆژەی ئازادی، پرۆژەی ئازاد بوونو چوونە ژێر لێپرسراوێتی ئازاد –

بوونەوە، كە ئەم پرۆژەیە بەدوای خۆیدا ریسكو موغامەرەو دەردو تراژیدیاو نوشستهێنان لەخۆ دەگرێ، هەروەك چۆن ئەگەری بەخۆ گەیشتنو گەیشتن بە بەختەوەرىو شادبوون لەخۆ دەگرێ، شادیی هەبوونی بوونێكی مانادارى پڕ لە تێڕامانو بەختەوەری، كە بەختەوەری هیچ نییە جگە لە بەخۆگەیشتن، جگە لە خۆ – بوون، جگە لە ئەرێ گوتن بۆ ژیان بە هەموو ئازارو دەردو نەهامەتىو تراژیدیاكانیەوە، بەڵێ مانای حەقیقی بوون وا لە جەغدكردنو ئەرێ گوتندا بۆ خودی تراژیدیای بوون.

گووتمان كۆی كێشەكە پەیوەندی هەیە بە ئەو شوێنەوەی كە ئەم پرسیارەی لێوە دەخەینەڕوو، پەیوەندی هەیە بە گۆشە نیگاو هەلومەرجێك كە لێوەی ئەم پرسیارە دەخرێتە ڕوو. با جارێكی دی جەغد بكەینەوە سەر روو یا روخساری ئەو دیوی كێشەكە، گەر ئەم پرسیارە لە هەلومەرجێكی دیكەدا بكەین، وەك هەلومەرجی ژیانو بوونی ئێمەی كورد، ئێمەی "موسڵمان" لە وڵاتە ئیسلامیەكاندا، ئێمەی "خۆرهەڵاتی" لە كۆمەڵگا "خۆرهەڵاتیەكاندا" و لە ئەمڕۆو لە ئێستادا لە هەلومەرجێكدا كە باڵادەستە، كە چەند سەدەیەكە هەیەو هەژموونی خۆی وەك مۆتەكەیەك لەسەر رۆحمان، ژیانمان، بوونمان، دنیا بینیمان هەواری خستووە، هەوارێك كە تەنیا عەقڵ تێدەگات چەندە سەختە لە گرێژەنەبردنی كۆڵەكەكانی، چەندە سەختە هەڵوەشانەوەی، چەندە سەختە هەوار گواستنەوەو بیركردنەوە لە سەفەركردن، هەوار گواستنەوەو بیركردنەوە لە هەوارێكی فیكری – دنیابینیەكی نوێ، چەند سەدەیەكە عەقڵمان خەستە (**شەكەت**) و و ماندوو لەژێر هەوارێكدا خەوتووە، ماندوو شەكەتە لە بیركردنەوەو لە تێڕامانو لە داهێنانی چەمكو ئایدیاو ماندووە لە موغامەرەكردنو پرسیاركردنو خەون

بینین بە ئایدیاو مەسەلەو دنیایەكی نوێی پڕ لە موغامەرەو شتە نوێكانەوە، تەنانەت ماندووە لە بیركردنەوە لە خودی بیركردنەوە، ماندووە لە بیركردنەوە لە بوونی خۆی (واتە خودی عەقڵ)، ماندووە لە بوونو داهێنان، ماندووە لەوەی كە پرسیار بكات خۆی چییە؟ بۆ هەیە؟ چۆن هەیە؟ واتە عەقڵی ئێمە لە مێژە لە كاركەوتووەو بە وەزیفە هەرە بنەڕەتیەكانی خۆی، كە بیركردنەوەیە لە ماهیەتی وجودو بیركردنەوە، هەڵناسێت.

كە عەقڵ لەكاركەوت، كە عەقڵ باڵا دەست نەبوو لە پرۆسەی بیركردنەوەو شەنوكەو كردنی كێشەو مەسەلەكاندا، كە عەقڵ دادوەر نەبوو لە مەیدانی حوكم كردنەكاندا، حوكمكردن لە جوگرافیای بووندا، لە ئەحكامە جۆراوجۆرەكانی ئەخلاقو یاساو رێسای بوونو جوانناسیو وجودیەكاندا،و لە بەرخەستەییو شەكەتی عەقڵ رێگە خۆشكرا بۆ ئەحكامە ئاینییە بەدور لە هەرە حوكمە سەرەتاییەكانی عەقڵ كە هیچ نین جگە لە ستەمكاری وەحی (سروش) لە دەرەوەی تاقیكردنەوەی عەقڵ، لە دەرەوەی ئەحكامەكانی عەقڵی سەلیم، لە دەرەوەی ئیدراكی گشتی، كەواتە ئێمە هەلومەرجێكمان هەیە یاخود جەسورانە بڵێین كە هەلومەرجێكی وجودیو ژیاریمان خولْقاند كە دژ بە ئازادیو داهێنانە، خۆنەویستانە تەسلیمی ئەو هەلومەرجە بووین، كە بەناو شارستانیەوە خراوەتەڕوو و دەخرێتە ڕوو كە هیچ نییە جگە لە مەرگی ئازادی، مەرگی داهێنان، مەرگی دبەیتكردن، مەرگی خەون بین بە دنیایەكی عادلانەتر، عەقلانی تر، ئازادانە تر، مەدەنیانە ترەوە، لەم هەلومەرجەدا نابێتو ناشێت جەغدی ئێمە لەسەر ئازادی بێت وەكو بابەتێكی ئیسۆتریكی (باطنی)، یا ئازادیەك كە هەندێك فەیلەسوفی فەلسەفەی وجودی لەو باوەڕدابوون كە ئازدی مەسەلەیەكی

وجودیو ناوەوەیی مرۆڤەو بگرە مرۆڤ لە سەختترین هەلومەرجی ستەمكاریشدا دەتوانێت ئازاد بێت یا هەست بە ئازاد بوونی خۆی بكات. لێرەوە ئیدی ئێمە بە ناچاری دەبێت باس لە ئازادی بكەین وەك مەسەلەیەكی بنەڕەتی – یا ئایدیایەك كە بەشێكی دانەبڕاوە لە فەزای گشتی. ئێمە لە مێژە دەستو پەنجە لە تەك كۆمەڵێك كێشەی ژیارییو سیاسیو كلتوریو ئایینیو عەقڵیدا نەرم دەكەین، بۆ تاوتوێكردنی ئەو كێشانەو بۆ بەگێروگرفتكردنی مێژوومانو شێوازی ژیانمان پێویستمان بە ئازادی هەیە وەك مافێكی بنەڕەتیو سەرەتایی بەڵام زیاتر لەمە وەك مافێكی زۆر گرنگی مرۆڤ. جگە لەوەی كە ئازادی خۆی لەخۆیدا ئامانجەو شوێنی جەغدكردنەوەیە چونكە پابەندە بە پرۆژەی مرۆڤ بوونەوە، بۆئەوەی مرۆڤ بیت دەبێت ئازاد بێت، بوونی مرۆڤ ئەوكاتە تەحقیق دەبێت كە مومارەسەی مافێكی سروشتی خۆی بكات كە ئەویش ئازادیە.

بوونو ئازادی لێرەدا دوانەیەكی لێك دانەبڕاون. كەواتە ئازادیو بوون یەك پرۆژەن، لێرەوە ئازادی خۆی لەخۆیدا ئامانجە. بەڵام وێڕای ئەمەش، ئازادی ئامڕازێكە بۆ كۆمەڵێك ئامانجی دیكە. بۆنموونە ئازادی ئامڕازێكی عەقڵە بۆ تێگەیشتن لەبوون، لە مێژوو، ئێمە گەر ئازاد نەبین لە بیركردنەوەماندا، ئازاد نەبین لە پرسیاركردن، گومانكردنو لە گەڕانو باسكردنماندا لەسەر ئاین، كلتور، مێژوو، سیاسەت، جگە لەوەی كە بوونێكی نا – تەواو هەینو دەبینو ناتوانین تەحقیقی بوونی خۆمان، یا پرۆژەی بوونمان بكەین، دەشبینە كۆیلەی كۆمەڵێك دۆگماو نەریتو خووی كۆمەڵایەتیو خووی عەقڵی كە خوومان پێوەگرتوون، دەبینە كۆیلەی میراتێكی بەناو عەقڵی یا ئایینی، كە نەوە دوای نەوە بێ تاقیكردنەوە بۆمان ماوەتەوەو داوامان لێدەكرێت كە

ملكەچی ئەو میراتە بین‌و وەك راستی موتڵەق لێی بڕوانین. لێرەدا ئێمە ئازادیمان دەوێت تاكو نەبینە كۆیلەی ئەو شێوازانەی ژیان كە ئیدی مانایەك نادەن بەدەستەوە، ئازادیمان دەوێت لە فەزای گشتی دا تا نەبینە كۆیلەی دۆگما ئاینیەكان‌و نەبینە كۆیلەی هەندێ دام‌و دەستگای سیاسیی‌و كۆمەڵایەتی (حیزب‌و حكومەت‌و مزگەوت‌و خێزان) بگرە تا نەبینە كۆیلەی كۆمەڵگا، كەواتە لە بنەڕەتدا، لەلایەكەوە ئازادی پابەندی فەزای گشتیەو لەلایەكی دیكەوە پرسێكی وجودی‌و مەعریفیە. راستە كە ئازادی چەمكێكە، یەكەیەكە، بەڵام لە بوغچەیەك دەچێت كە كۆمەڵێك مانای ئازادی‌و ئازادیە جیاوازەكانی لەخۆدا كۆكردۆتەوە. كە قسە لەسەر ئازادی دەكەین، مەبەستمان گشت ماناكانی ئازادیە، یاخود بەعیبارەتێكی دیكە مەبەستمان لە گشت ئازادیە سیاسیی‌و مەدەنی‌و عەقڵیەكانە. كە پێ لەسەر ئازادی دادەگرین زۆر راشكاوانە دەبێت مەبەستەكەمان رۆشن بكەینەوە كە مەبەستمان لە ئازادی بریتییە لە ئازادی ئابووری، ئازادی سیاسیی، ئازادی دروستكردنی كۆڕو كۆبوونەوەو ئەنجوومەنەكان، ئازادی ئایینی، بەمانای ئەوەی كە ئازادبین خاوەنی بیروبۆچوونی ئایینی بین‌و لەهەمانكاتیشدا ئازادبین لە ئایین، بەواتای ئەوەی ئایینێك مافی ئەوەی نەبێت دۆگماكانی خۆیمان بەسەردا بسەپێنێت‌و ملكەچمان بكات بۆ سروت‌و مومارەسە دینیەكانی پەیڕەوانی ئەو ئایینەو بگرە ئازادبین لەوەی كە هەر باوەڕمان بە ئایین نەبێت، ئازادی بەیان، واتە ئازادی دەربڕینی بیروبۆچوون‌و راكانمان لەسەر هەرشتێك كە دڵمان دەخوازێ‌و بێ هیچ قەیدو شەرتێك، ئازادی میدیاو راگەیاندنەكان، ئازادی فیكر، واتە ئازاد بین لەوەی كە چۆن بیر دەكەینەوەو چۆن لە دنیا دەڕوانین، ئازادی هەڵبژاردنی شێوازی ژیان، واتە

ئازادین لە مومارەسەكردنی ئەو شێوازەی ژیان كە بۆ ئێمە گونجاوەو ئیرادەی دەكەین، ئازادی زانستی بەمانای هەبوونی ئازادی بۆ زانایان‌و پسپۆڕانی كایە زانستییەكان تاكو ئازادانە سەرقاڵی باس‌و لێكۆڵینەوەی زانستی بن لە دەرەوەی دەستێوەردانی دام‌و دەستگا سیاسیی‌و ئایینیەكان‌و لە دەرەوەی مۆتەكەی داب‌و نەریت‌و ئادابی گشتی، ئازادی ئەكادیمی، واتا ئازادبوونی زانكۆكان لە دەستێوەردانی دەرەكی‌و ئازادبوونی پسپۆڕەكانی كایە جیاوازەكانی ئەكادیمیا تاكو باس‌و لێكۆڵینەوەكانیان بە ئەنجام بگەیەنن لەدەرەوەی ترس لەو هێزانەی كە دژ بە ئازادی مونازەرەی فیكری‌و زانستین. بەڵگەنەویستە كە ئەم ئازادیە، یا ئەم بوغچەیە لە ئازادیەكان پابەندە بە فەزای گشتییەوە، واتە مەسەلەیەكی ئیسۆتریكی‌و (باگنی) نییە تایبەت بە ناوەوەی مرۆڤ، بەڵكو لە بنەڕەتدا سەر بە فەزای گشتی‌و مەدەنی‌و سیاسیەكەیە، كرانەوەی ئەو فەزایانە مانای فەراهەمكردنی ئازادیەكان دەگەیەنێت‌و نەبوونیش یاخود داخستنیشی یا پەكخستنی فەزای گشتی‌و فەزای سیاسیی واتە ترۆركردنی ئازادی بەگشت ئەو مانایانەی كە تائێستا ئاماژەمان پێداون. ئاشكرایە كە هەریەك لەم ئاماژانەی چەمكی ئازادی، یا هەریەك لەم ئازادیانە، پێویستی بە وردكردنەوەو شیكردنەوە هەیە تا مەغزا سیاسیی‌و مەعریفیەكانی ئاشكرا بكرێن، ئێمە پێویستمان بەوەیە كە لەسەر هەریەك لەو ئازادیانە بوەستین‌و تێڕابمێنین‌و رەهەندەكانیان شیبكەینەوە. ئەمەش ئەو شتەیە كە یا نەمانكردووە یا زۆر بەكەمی تازە بەتازە هەوڵی لەوجۆرە لە سەرهەڵداندان. بەڵام بۆئەوەی تەنانەت لە ئازادی قسە بكەین ئێمە پێویستمان بە ئازادی هەیە، پێویستە ئازاد بین لە قسەكردن لەسەر ئازادی، كە لە كۆمەڵگای ئێمەدا ئەو كەسەی

قسە لە ئازادی دەکات ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگو کێشەی سیاسیی دەبێتەوە، ڕوبەڕووی چەندین هێز دەبێتەوە کە دژ بە ئازادین، لەوانە هێزە ئاینیەکانو بە دیاریکراوی ئیسلامگەراکانو پیاوانی ئایینی. جەغد دەکەمەوە سەر ئەو ڕاستیەی کە ئازادی چلۆنایەتیەك یا حاڵەتێکی بوونە لە دەرەوەی دەستێوەردانە دەرەکیەکان، جا ئەو دەستێوەردانە لە دەوڵەتەوە بێت یا حکومەت یا حیزب یاخود دامودەستگای ئایینی. هەروەها ئازادی بە مانایەکی دیکەی فەلسەفی بریتییە لە هەبوونی دەسەڵاتو سەرچاوەکان لای مرۆڤ و لەبەردەست مرۆڤدا تاکو مرۆڤ بوونو ئەگەرەکانی خۆی تەحقیق بکات، واتە ئازادیەك بۆ تەحقیقکردنی پرۆژەی بوونە مرۆڤ.

**پ2/ لە یەکێك لە کتێبەکانتدا (ماڵێکی لێك ترازاو)، ڕەسەنایەتی پەیوەستدەکەیتەوە بە فەزای گشتیەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم چەمکە (ڕەسەنایەتی) بە کۆمەڵێك چەمکی گرنگەوە گرێدەدەیتەوە لەوانە: بەتەنگەوەهاتنی ژیانی ئەوانی دی، غەمخواردن، تا دەگاتە توانای پرسیارکردن لە بوون، تۆ پێتوایە چەمکی ئازادی، چەمکێکە لە فەزای گشتی جڤاتی کوردیدا توانای خولڤاندنی دبەیتی هەبێت لەسەر ئەو مەسەلە گشتیانەی هەموومان رادەگرێت بەرامبەر بەرپرسیارێتی چارەنووسی ئازادانەی ئەم جڤاتە؟**

**فاروق رەفیق:** چەمکی ڕەسەنایەتی چەمکێکی فەلسەفییە بە پلەی ئیمتیاز، چەمکێکی ئاڵۆزەو پێویستمان بەوەیە لێی بڕوانینو تێڕابمێنینو بە گیروگرفتی بکەین، ئەوەش ئەو کارەیە کە نەمانکردووە، وێڕای ئەوەش ئەمڕۆ ڕەسەنایەتی وەك بیرۆکەیەك بۆتە دەستکەلای دەست هێزە

ئاینیەكان، بۆتە ئامڕازێك بۆ سەركوتكردنی هەموو ئازادیەكان، ئازادی سیاسیی‌و كۆمەڵایەتی‌و عەقڵی‌و ئایینی، ئامڕازێكە كە هێزە سیاسییەكان بەكاریدەهێنن بۆ سنورداركردنی ئازادیەكانمان، بەناوی ئاداب‌و رسومی كوردەواریەوە، بەمانایەكی دی بەواتا رەسەنایەتی كورد بوونەوە دەیەها ئاستەنگ دروستدەكەن لەبەردەم ئازادیەكاندا، لەهەمووی ترسناكتر بەناوی رەسەنایەتیەوە دەست دەنێنە بینەقاقای ئازادی بیروڕاو ئازادی بیركردنەوەوە. لەبەرئەوە ئەركی ئێمەیە كە ئەم چەمكە رزگاربكەین‌و پەیوەستی بكەینەوە بە فەزای گشتیەوە. بگرە ئەركی ئێمەیە كە خودی ئەم چەمكە لە قالّبە بەرتەسكەكەی رزگار بكەین‌و بەگیروگرفتی بكەین، پەیوەستی بكەین بە مانا بەرفراوانەكانی ئازادیەوە كە تائێستا ئاماژەمان پێداون. لەبەر هیچ نا، لەبەرئەوەی ئێمە غەرقی كۆمەڵێك قەیران‌و كێشەی ژیاریی‌و فیكرین، لەبەرئەوەی ئێمە هاتووینەتە سەر كەلاوەیەك كە پاشماوەی "شارستانیەتێكە" كە چەندین سەدەیە نغرۆ دەبێت‌و غەرقی زەلكاوەو ئەمڕۆ كێشەیەكی گەورەی بۆ مرۆڤایەتی خوڵقاندووە، سەرەو لێژبوونەوەو داڕمانی‌و چەقبەستوویی بەناو (شارستانێتی ئیسلامی) بۆتە مایەی سەرسامكردنی عەقڵ.

كە مێژوی عیرفانی ئیسلامی دەخوێنینەوەو لە ژیان‌و سلوك‌و راوبۆچوونی هەندێك لە عارفە گەورەكانی ناو ترادسیۆنی ئیسلامی ورد دەبینەوە، لەوانە ئیبن عەرەبی، مەولانا، ئیبن فارچ، حەللاج، مەلا صەدرا، حافڤ، بایەزیدی بوستامی، دەگەینە ئەو قەناعەتەی كە ئەمانە كەسانی ئازاد بوون، بەمانای ئازادی ئیسۆتریكی (باطنی)،و رەنگە بشلّێین رەسەنانە، بەپێی هەلومەرجی ژیاریی ئەو سەردەمانە، ژیاون، دیارە هەرگیز ئازاد نەبوون لە دەسەلاتی

فەقێكان‌و فقهی ئیسلامی كە هەمیشە ئامرازێكی ستەمكارانە بووە بۆ سەركوتكردنی ئازادی عەقڵ‌و بیركردنەوە. بەڵام ئەمڕۆ ئەمجۆرە لە رەسەنایەتی‌و ئەمجۆرە لە ئازادی ناشێت شوێن جەغدكردنەوەی ئێمە بێت، نەك لەبەرئەوەی گرنگ نییە بەڵكو لەبەرئەوەی ئێمە لە هەلومەرجێكی ژیاریی‌و سیاسیی نوێدا خۆمان دەبینینەوەو لەلایەكەوە شارستانیەتێكی مۆدێرن بوونی هەیە بەخۆی‌و گشت رەهەندە جیاوازەكانیەوەو لەلایەكی دیكە ئێمە هاتووینەتە سەر هەلومەرجێكی پڕ لە قەیران‌و كێشەی سیاسیی‌و فەرهەنگی‌و عەقڵی‌و ئایینی كە هەموو ئەمانە داوامان لێدەكەن جۆرێكی دیكە بیربكەینەوەو داوامان لێدەكەن هەستین بە تاقیكردنەوەیەكی سەراپاگیرانە نەك چەمكەكان‌و ئایدیاكان، نەك تاقیكردنەوەی مێژووی خۆمان، نەك تاقیكردنەوەی ئایین‌و ترادسیۆنی ئایین بە هەموو رەهەندەكانیەوە، نەك تاقیكردنەوەی ستەمكاری كە ئێمە جگە لە ستەمكاری لە مێژووی خۆماندا هیچ فۆرمێكی دیكەی سیاسیمان نەبووەو تاقینەكردۆتەوە، بەڵكو لێرەوە ئێمە روبەڕووی ئەركێكی گەورە كراوینەتەوە یا بووینەتەوە كە ئەركێكی شارستانیە، ئەویش دامەزراندنی مەدەنیەتە بە هەموو ماناكانیەوە، راستی بڵێم ئێمە هاتووینەتە سەر كەلاوەیەك كە باس لە مەدەنیەت ناكات، بەڵكو باس لە پاشاگەردانی‌و نا – مەدەنیەت‌و سەرلێشێواوی عەقڵی‌و فیكری دەكات. پرسیاری سەرەكی ئێمە دەبێت ئەمەبێت: مەدەنیەت یا بەربەریەت، ئێمە دەزانین بەربەریەت چییە چونكە لە مێژە لەم ناوچەیە، لە ئێستاداو لێرە ئەزموونی دەكەین، ماوەتەوە بزانین مەدەنیەت چییە؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە كە لە خۆمان نەكردووە، راستە خەون بینینێك بە مەدەنیەتەوە هەیە، شاعیرانی ئێمە لە حاجی قادری

كۆییەوە تاكو گۆران لە رێگای شیعرو بە زمانێكی شاعیرانە خەونیان بە مەدەنیەتەوە بینیوە، واتە خەونێك هەبووەو هەیە بەمەدەنیەتەوە، بەڵام مەدەنیەت بابەتی شیعر نییە بەڵكو كێشەیەكی فەلسەفی – فیكرییە بە پلەی ئیمتیاز، واتە ئەوە فیكرو فەلسەفەیە كە هەڵدەستێت بە تاقیكردنەوەی ئەم چەمكەو دیاریكردنی مەغزاو ماناكانی مەدەنیەتو مەدەنی بوون، ئەمەش ئەو كارەیە كە تازە بەتازە ئێمە لەسەرو بەندی ئەوەداین بە ئەنجامی بگەیەنین كە دەبێت بڵێم كارێكی سەختەو بابەتی چەند وتارو لێكۆڵینەوە نییە بەڵكو خۆی لەخۆیدا پرۆژەیەكی فیكری – شارستانیە كە دەبێت هێزێك، هێز بە مانا نیچەویەكەی، پێی هەڵبستێت، هێزێكی كارای دژ بە ئەو وەحشیگەریەتەی كە ئێمە رۆژانە دەستو پەنجەی لەتەكدا نەرم دەكەین لە "دنیای ئیسلام"دا.

لێرەدا هەوڵی ئەوە نادەم كە لە ماناكانی مەدەنیەت بدوێم، بەڵام لە پەیوەند بە پرسیارەكەی ئێوەوە بە ناچاری دەبێت ئاماژەیەكی خێرا بدەم بۆ مانایەكی مەدەنیەت كە بریتییە لە بەتەنگەوەهاتن، بە تەنگەوەهاتن خۆی لەخۆیدا چەمكێكی دیكەی فەلسەفیو بەتایبەت فەلسەفەی سیاسییە كە لە هەلومەرجێكی ژیارییو رۆحیو كلتوریو عەقڵی مرۆڤ دەدوێ، ئاستێك یا هەلومەرجێكی ژیاری كە مرۆڤی مەدەنی پێی دەگات كە تێیدا لە چەمكی بەتەنگەوەهاتن دەگاتو دەگاتە ئەو ئاستە لە هۆشیاریو ئەو ئاستە لە ئەخلاقی مەدەنی كە بەتەنگ كۆمەڵێك شتو حاڵەتو بارودۆخو كیانەوە بێت، لەوانە بەتەنگ كیانی خۆیو بوونی خۆیو ژیانی رۆحیو ناوەوەیی خۆیەوە بێت، بەتەنگ خودی بوونەوە بێت، بوون بەمانای (Being)، یا كەینونە، بەتەنگ جڤاتو ژینگە مەدەنیو كۆمەڵایەتیو سروشتیەكەی

خۆیەوە بێت، بەتەنگ چاكەی گشتیو كۆمەڵێك بەهاو پرنسیپەوە بێت كە هەرهەموو كارێك دەكەن نەك پێكەوە ژیانی جڤاتیانە شیاو و مسۆگەر بێت، بەڵكو پێكەوە ژیانی مەدەنیانە شیاو بێتو تاكو ماناكانی خۆی مانیفێست بكات، بەتەنگەوەهاتنی ئەوانی دیكە كە بەشێكن یا پێكهێنەرێكی سەرەكی ئەم پێكەوە ژیانە مەدەنیەن، لەهەمووی گرنگتر بەتەنگەوەهاتنی خودی بوونو ژیانە. لێرەدا بەتەنگەوەهاتن بەمانای غەمخواردن نییە بەتەنیا، بەڵكو ئەم چەمكە واتە بەتەنگەوەهاتن تەنیا چەمكێكی ئەخلاقی (Ethics) نییە، بەڵكو چەمكێكی ئۆنتۆلۆژیو بگرە چەمكێكی ئیپستمۆلۆژیشە لەوەدا پابەندە بە پرۆسەی زانینەوە، گشت رەهەندەكانی ئەم چەمكە فیكرییە قوڵە پابەندن بە جۆرو چۆنێتی ژیانەوە، یەكێك لەماناكانی بەتەنگەوەهاتن پابەندە بە پرسیاركردن لە خودی ژیانو ئەو جۆرە ژیانە یا ئەو شێوازەی ژیان كە دەژین، كەواتە بەتەنگەوەهاتن كە بەهایەكی مەدەنیە پابەندە بە پرۆسەی پرسیاركردنو تاقیكردنەوەی خودی ژیانو بوونەوە. ئەمەش خود بەخود دەمانباتەوە سەر خوانی چەمكی ئازادی. ئێمە ناتوانین پرسیار بكەینو ناتوانین ژیان تاقی بكەینەوەو شێوازە جیاوازەكانی ژیانو بوونو رەفتارو خووە عەقڵیو خووە كۆمەڵایەتیەكانو بیروڕاكانمان بخەینە ژێر پرسیارەوە یا بە فیلتەری عەقڵیاندا بەرین گەر بێتو ئازاد نەبین. كەواتە چۆن بەتەنگەوەهاتن مەرجێكە لە هەلومەرجی مەدەنی بوون، ئاوهاش ئازادی مەرجێكی بنەڕەتی مەدەنیەتە، كاتێك كە مرۆڤەكان ئازاد نەبوون، ئازادیە سیاسییو فیكریو ئایینیو مەدەنیەكانیان لێ زەوتكرا هەلومەرجێ كە لەم بارودۆخەوە دێتە بوون بێگومان هەلومەرجێكی مەدەنی نییە، لەو بارودۆخەدا مرۆڤەكان بەهۆی ئەو ئاستەنگانەی بەهەر هۆیەكەوە بێتو

بەناوی هەر موقەدەسێکەوە بێت کە دەخرێتە بەردەمیان، ناتوانن ژیان تاقیبکەنەوە، ناتوانن پرسیار بکەن، ناتوانن گەشە بە تواناو فاکۆڵتیەکانی عەقڵیان بدەن، ناتوانن گەشە بە خەیاڵو وزە شاراوەکانی رۆحی خۆیان بدەن، ناتوانن ئەگەرەکانی بوونی خۆیان تەحقیق بکەن، کەواتە ئەمەش هەلومەرجێکە بەدوورە لە هەلومەرجی مەدەنی بوونەوە، ئەم حاڵەتە لەرووی سیاسییەوە لە ستەمکاری دەدوێ، لەڕووی عەقڵیشەوە لە ترۆر کردنی عەقڵ دەدوێو بگرە لە برەودان بە جەهلو نەفامیو گەمژەیی دەدوێ. واتە باس لە باڵادەستیو ستەمی جەهل دەکات چ ستەمکاری سیاسییو چ ستەمی جەهل دەبنە مایەی لەباربردنی پرۆژەی بوونە مرۆڤ، ئەمەش ئەو هەلومەرجە نا – شارستانیەیە کە ئێمەی موسڵمان زۆر لە مێژە دەستو پەنجەی لە تەکدا نەرمدەکەین.

سەبارەت بە ئەوبەشەی پرسیارەکەشت کە دەپرسی ئایا چەمکی ئازادی چەمکێکە لە فەزای گشتی دا توانای خولقاندنی دبەیتی هەبێت؟ ئەوە چەمکی ئازادی نییە کە بتوانێت یا نەتوانێت ئەو دبەیتە سەر ڕێگا بخات، ئەوە توانای عەقڵیو زەینیو هۆشیاری ئێمەیە، گەر بە ئاستێکی باڵا گەیشتبێت، بێگومان نەك دبەیت لەسەر چەمکی ئازادی دەکات، بەڵکو دبەیت لەسەر کۆی کێشە سیاسییو وجودیەکانی ژیانی تاکانەو جڤاتیانەی ئێمە سەر ڕێگا دەخات. زۆر گرنگە پێ لەسەر ئەم پەیوەندیە دابگرین ئەویش پەیوەندی نێوان عەقڵو ئازادیە. عەقڵو ئازادی لە پەیوەندیەکی ئاڵۆزو فرە ڕەهەنددان، بێ گەشەکردنی عەقڵو بگرە لە غیابی عەقڵدا ئازادی هیچ مانایەك نادا بەدەستەوە، یاخود ئەو مانا قووڵانەی کە لەخۆی دەگرێت لە دەرەوەی عەقڵ ناتوانن خۆیان مانیفێست بکەن، لە دەرەوەی ئازادیش

عەقڵ گەشە ناکاتو ناتوانێ ئەگەرەکانی لەبوون بەهێزەوە بگۆڕێت بۆ بوون بە کردار (وجود بالفعل)، واتا گەر عەقڵ ئازاد نەبێت لە ریسكو موغامەرەکردنو پرسیارو تاقکردنەوەکاندا ئەوا دەپوکێتەوە، لە دەرەوەی عەقڵیش ئازادیش مانایەکی شیاو نادا بەدەستەوە، هەربۆیەشە ئەمڕۆ لە جڤاتەکەی ئێمەدا ئەو هێزانەی دژ بە عەقڵن، دژ بە ئازادیشن، ئەو هێزە لا — عەقڵانیانە لەلایەکەوە پارێزەری ستەمکارینو لەلایەکی دیکەوە پاسەوانی جەهلو خورافیاتن، بەدواشیدا دژ بە ژیانو مرۆڤو مەدەنیەتن.

وەك لەسەرەتاوە جەغدم لەسەرکردەوە، ئازادیەك کە شوێنی گرنگی پێدانی ئێمەیە ئازادیە سیاسییو عەقڵیو مەدەنیەکانن، ئەمەش خود بەخود پابەندە بە هەبوونی فەزایەکی گشتی کاراوە. بۆئەوەی باز بەسەر شتەکاندا نەدەینو تێکەڵیان نەکەین، سەرەتا دەبێت بزانین ئێمە فەزایەکی گشتی کارامان هەیە؟ چونکە گەر فەزایەکی گشتیمان نەبێت قسەکردن لە ئازادی بە ناچاری یا مانا نادابەدەستەوە یاخود ئەو ئازادیەی لێی دەدوێن خود بەخود ئازادیەکی ئیسۆتریکییە تایبەت بە زاتی مرۆڤ، ئەوەش ئەو شتە نییە کە ئێمە ئێستا لەپێناویدا تێدەکۆشین، بەڵکو چاومان لە ئازادیە سیاسییو مەدەنیو عەقڵیەکان بڕیوە، کە هەموو پابەندن بە فەزای گشتییەوە. بوونی فەزای گشتیش واتە بوونی مەدەنیەت. نەبوونی فەزای گشتی تەنیا مانای غیابی ئازادی ناگەیەنێت بەتەنیا، بەڵکو مانای غیابی مەدەنیەتیش دەگەیەنێت.

بەڵگە نەویستە کە ستەمکاری هۆی پوکانەوەی فەزای گشتییە، بەمانایەکی دیکە ستەمکاری ئەو رژێمە سیاسیەیە، ئەو هەلومەرجە عەقڵیو کلتوریەیە کە تێیدا شوێنی فەزایەکی گشتی کاراو داینامیك نابێتەوە، مادامێکیش ئێمە

لە مێژووی دوورودرێژی خۆماندا جگە لە ستەمكاری، بەمانا سیاسییو بەمانا ئایینیو كلتوریەكەی، ئەزموونی هیچ هەلومەرجێكی دیكەمان نەكردووە، كەواتە دەتوانین بە ئاسانی بڵێین ئێمە خاوەنی فەزایەكی گشتی كاراو بگرە ناكاراش نەبووین، لە ئەمڕۆی ژیانی ئێمەدا شتێك هەیە كە لە فەزای گشتی دەچێت، گروپی جیاواز جیاوازو كۆمەڵەو رێكخراوی مەدەنیو كلتوری لەسەرهەڵداندان، ژمارەیەك كەس سەرقاڵی نواندنی چالاكیی مەدەنیانەن، ژمارەیەك روناكبیرو رۆژنامەنووسو هونەرمەند سەرقاڵی نواندنی چالاكیە فیكریو هونەریو میدیاییو مەدەنیەكانن، گەر بێتو هۆشیارانەو شلگیرانە داكۆكی لەو چالاكیانە بكەینو برەو بەو فەزایە بدەین ئەگەری ئەوە زۆرە كە فەزایەكی گشتی كارای لێ بەرهەم بێت. بەڵام دەبێت هۆشیاربین لەو راستیەی كە چەندین هێزی سیاسییو ئایینی زۆر شیلگیرانە لە هەوڵو كۆششدان بۆ لەناوبردن یا قۆرخكردنی ئەو فەزایە كە لە فەزای گشتی دەچێت. ئەو هێزە ئایینیو سیاسیانە، جارێك بەناوی پاراستنی ئادابە كۆمەڵایەتیو رەسەنایەتی كوردانەوەو جارێك بەناوی ئەوەی كە كورد موسڵمانەو بەناوی پاراستنی ئایینەوە بە بەردەوامی دژی هەر هەوڵێكی فیكریو كلتوریو سیاسین بۆ فراوانكردنی رووبەری فەزای گشتیو دژی ئازادیە سیاسییو مەدەنیەكانو بەبەردەوامی سەرقاڵی لەناوبردی پرۆژەی بەمەدەنیكردنی كۆمەڵگای كوردین.

ئێستا با گریمانەی ئەوە بكەین كە شتێك هەیە بەناوی فەزای گشتییەوە، لەم فەزایەدایە كە ئێمە بەناچاری دەبێت كۆمەڵێك گفتوگۆو مونازەرەی فیكریو سیاسیی سەر رێگا بخەین لەسەر گشت رەهەندەكانی ژیانی تاكانەو ژیانی جڤاتیانەمان، لەم فەزایەدا كە دەبێت هەڵبستین بە كۆمەڵێك

تاقیكردنەوە، تاقیكردنەوەی ئاینو ژیانی ڕۆحیمان، تاقیكردنەوەی ژیانی سیاسییو دنیابینیە سیاسییەكانمان، تاقیكردنەوەی دابو نەریتو خووە كۆمەڵایەتیەكانو بپرسین كە تاچەندە لە خزمەت گەشەكردنی مرۆیینو گەشەكردنی عەقڵیانەی ئێمەدان، تاقیكردنەوەی "كلتور"و فەرهەنگی كوردیو لەهەمووی گرنگتر تاقیكردنەوەی ئەو شێوازانەی ژیان كە خومان پێوە گرتوونو تاقیكردنەوەی مێژوومانو تاقیكردنەوەی سێ دامو دەستگا كە ڕۆڵیان بینیوە لەوەدا كە ئێمەیان بە ئەمڕۆ گەیاندوە، خێزان، دامودەستگای ئایینی،و دامودەستگای سیاسیی، لەوانە حیزبی سیاسیی. زۆر بە سادەیی بەڵام لۆژیكیانە دەبێت بڵێین كە بۆئەوەی بتوانین بەم ئەركە فیكریو ژیارییو سیاسییە هەڵبستین ئێمە دەبێت ئازادبین، واتە هێندە ئازادیمان هەبێت كە بتوانین پرسیار بكەینو دبەیت بكەینو هەڵبستین بە تاقیكردنەوەی ژیانی عەقڵیو سیاسیی خۆمان. هەر لێرەشدایە كە گرنگی چەمكی ئازادی خۆی بەیاندەكات، واتە ئازادی مۆتۆرێكە لە ئەودیو هەر پرۆسەیەكی بیركردنەوەو پرۆسەی سیاسییو بگرە پرۆسەی بونیادنانی مەدەنیەتەوەیە، ئازادیو دبەیتكردن دوو ڕووی دراوێكن، ئێمە ناتوانین دبەیتێكی عەقڵی شارستانیانە ساز بدەین لەسەر كێشەكانمان گەر خاوەنی ئازادی سیاسییو ئازادی فیكرو ئازادی بەیانو ئازادی ئایینی نەبین، بەمانایەكی دیكە گەر ئێمە ئازاد نەبین لە كۆسپو تەگەرەو ئاستەنگە دەرەكیەكانو ئازاد نەبین لە زۆر بۆ هێنانە دەرەكیەكان لەلایەن حكومەتو دامودەستگای ئاینیەوە ناتوانین دبەیت بكەین، كەواتە بۆئەوەی دبەیت بكەین سەرەتا دەبێت ئازاد بین.

بەڵام دبەیت چییە؟ دبەیت (مونازەرە) گفتوگۆیەکی عەقلّیە لە نێوان کەسە مەدەنیو عاقڵەکانداو لە گۆشە نیگای جیاوازەوە لەسەر بابەتو کێشەو پرسیاری خراوە روو لە هەلومەرجێکی مەدەنیو عەقلّی تەندروستدا بەربنەمای بەڵگەو بەهانەو ئەرگومێنتی عەقڵی لە دەرەوەی دەمارگیریە حیزبیو تایفیو مەزهەبیو نەتەوەییەکان. ئامانجگەلێکی زۆر بوونیان هەیە لە دبەیتە جیاوازەکاندا، بەڵام گرنگترین ئامانج بریتییە لە بەرفراوانکردنی ئاسۆی بیرکردنەوەو تیشك خستنەسەر کێشەو بابەتەکان بە پشت بەستن بە دەنگی عەقڵو بەهۆی ئامرازەکانی عەقڵەوە. بوونی مەرجی جەوهەرین لە دبەیتکردندا یا لە پرۆسەی سازدانی دبەیتدا، یەکەم، کرۆکی دبەیت خستنەڕووی ئەرگومێنتو دژە – ئەرگومێنتە، واتە داڕشتنی ئەرگومێنت لەلایەن لایەنێکی مونازەرەکەوە و پەرچدانەوەی ئەو ئەرگومێنتە لە رێگای قوتکردنەوەی دژە – ئەرگومێنتەوە لەلایەن بەشداربووەکەی دیکەی مونازەرەکە. کە باس لە ئەرگومێنت دەکەین واتە باس لەلۆژیك دەکەین، لۆژیکیش ئامرازی عەقڵە، کەواتە بۆئەوەی گفتوگۆیەك بشێو ناوزەد بکرێتو ببینرێت وەك دبەیت پێویستمان بە گەشەکردنی عەقڵە تا ئەو ئاستەی کە توانای بیرکردنەوەی لۆژیکی هەیە، بەواتایەکی دی دوای ئاشنابوون بە لۆژیك بۆ تاقیکردنەوەی ئەرگومێنتەکانو داڕشتنەوەی ئەرگومێنتی نوێ لەلایەن بەشداربوانی ئەو دبەیتەوە. مەرجی دووەم هەبوونی ئاستێکی بەرزی مەدەنی بوونە، واتا گەیشتن بە ئاستێك لە ئەخلاقی مەدەنی کە تێیدا کەسە ئازادو مەدەنیەکان لە دەرەوەی هەر دەمارگیریەك، دەتوانن پشت ئەستور بەتوانا عەقلّیەکانیان گفتوگۆ بکەن، کەواتە دبەیت کردن هونەرێکە پابەندە بە ئاستی شارستانی بوونەوە، زۆر بە ئاسانی دەتوانین بڵێین کەسە نا –

مەدەنیەکان، کەسە – خێڵەکیەکان، کەسە دەمارگیرەکان، کەسە دۆگماکان، ئەو کەسانەی کە خاوەنی کۆمەڵێك فەزیلەتی مەدەنی نین ناتوانن دبەیت بکەن. کەواتە توانای دبەیتکردن توانایەکی عەقڵیە کە لەگەڵ گەشەسەندنی مەدەنیەتداو لەتەك هەبوونی فەزایەکی مەدەنی ئازاددا گەشە دەکات.

راشکاوانە بڵێم کە ئێمە لەمڕۆوە کە مبودێکی زۆرمان هەیە، ئێمە لە غیابی هەردوو مەرجەکەی کە ئاماژەمان پێدا ژیان بەسەر دەبەین، نەقودرەتی عەقڵیمان گەیشتووە بەو ئاستەی کە بتوانین دبەیت بکەین بەربنەمای لۆژیك، چونکە لەبنەڕەتدا لەلای ئێمە خەبەرێك لە لۆژیك نییە،و نەبەو ئاستە شارستانیەش گەیشتووین کە بتوانین دبەیتێکی مەدەنیانە ساز بکەین بێ ئەوەی تێکەڵی بکەین بە سۆزو هەڵچوونە دەرونیەکان‌و توڕەبوون‌و کەڵکەڵە زاتیەکان، لە دەرەوەی کۆمەڵێك بیماری کە ئالوودە بووین پێیانەوە، لەوانە بیماریە دەروونیەکان‌و گیرخواردن بەدەست چەندین گرێی دەروونیەوە، لەوانە قەبەکردنی خود تا سنوری دێوانەیی، گیرخواردن لە قۆزاغەیەکدا کە زادەی بیماری خەیاڵە، گیرخواردن بەدەست کۆمەڵێك دەمارگیری‌و لایەنگیری‌و ئیجحافەوە کە هەر هەموو بوونەتە مایەی پوکانەوەی توانا عەقڵیەکان، ئەمانە هەر هەموو ئاستەنگن لەبەردەم گەشەکردنی عەقڵ‌و ئازادی عەقڵدا. لەبەرئەوە لە ئێستادا لە غیابی ئەو دوو مەرجەدا ئێمە نەك ناتوانین دبەیت بکەین لەسەر ئازادی، بگرە ناتوانین دبەیت لەسەر هیچ کێشەیەکی چارەنووس ساز بکەین، دبەیتکردن هونەرێکە دەبێت فێری بین، لەسەری پەروەردە بکرێین، ئێ سیستەمی

پەروەردەی ئێمەش لە خێزانەوە تا قوتابخانەو تا زانکۆ کارەساتێکی تەمام عەیارە، سیستەمێکە کەسێکی نا – مەدەنی نا – عەقڵی باردەهێنێت.

**پ3/ بەردەوام دەسەڵات جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئازادی لە هەرێمدا هەیە! بیرمەندێك (ئالەن) دەڵێت" پێشکەشکردنی هەر جەستیفیکەیشنێك لەسەر بوونی ئازادی بریتییە لە کوشتنی ئازادی" تۆ لەم بارەیەوە چی دەڵێیت؟**

**فاروق رەفیق:** جۆرج ئۆرویل لە وتارەکانیدا باس لە "وشە بێ ماناکان" دەکات، ئەو وشانەی کە بەبەردەوامیو بێ هۆو بێ هەبوونی بەهانە لە فەزای سیاسیی دا بە بەردەوامی دووبارە دەکرێنەوە، بۆنموونە وشەگەلی لە چەشنی "ئازادی"، "عەدالەت"، "دیموکراسی"، بەڕای ئۆرویل ئەم وشانە بەهۆی دووبارەکردنەوەو پێداگرتنی سیاسیەکان یا نوخبەی سیاسیەوە لەسەر ئەم وشانە، ئەم وشانە بەشێوەیەك خراپ بەکارهاتون کە مانا ئەسڵیەکانی خۆیان لەدەستداوە. بەبێ دیاریکردنی مانا دەقیقەکانی ئەو دیو ئەو چەمکانە، لەوانە ئازادی، سیاسیەکان دەتوانن واقیع بشێوێننو کارێك بکەن کە خەڵکی فریو بدەن، بەمانایەکی دیکە، راستیە تاڵەکان دەشێ بشاردرێنەوە لەودیو بەکارهێنانی نیازدارانەی بێ مانای زمانو وشەو چەمکەکانەوە، واتە لە رێگای لاقەکردنی زمانەوە دەتوانن هەلومەرجێك بخولقێنن کە ئیدی زەحمەت بێت راستیەکان ببینرێن، هەلومەرجێك کە تێیدا کۆیلایەتی وەکو ئازادی خۆ بنوێنێت، ستەمکاری وەکو عەدالەت، درۆ وەك راستی، خیانەت وەك نیشتمان پەروەری، شکستی نەتەوەیی وەك دەسکەوتی نەتەوەیی خۆ بنوێنێت. ئەوەی لە کوردستان روو دەدات زۆر

لەم سیناریۆیەوە نزیکە. بگرە ئێمە لەم هەرێمەدا پێیەکمان لە جیهانی ئۆرویلی دایە، واتە جیهانی براگەورە، واتە ستەمکاریو پێیەکەی دیکەمان لە جیهانی هکسلی دایە (نیسبەت بە Aldous Huxley بەتایبەت لە ڕۆمانەکەیدا (1931) Brave New World)، واتە جیهانی بیرنەکردنەوەو جیهانی بێ باکی، جیهانی استرخاو... هتد. ئایا هەبوونی کۆدێك لە حوکمڕانی ئەم هەرێمەدا بەناو "کۆدی ئاسایش" باس لە دنیای جۆرج ئۆرویلی (1984) ناکات؟ من لە بۆنەی دیکەدا لەسەر ئەم کۆدە دەوەستم، بالێرەدا بەخێرایی ئاماژەیەکی پێ بدەم. هاونیشتمانی ئەم وڵاتە کاتێك کاروبارێکیان دەبێت، هەر لە پرۆسەی هاوسەرگیریەوە تاکو دامەزراندنو کڕینو فرۆشتنی زەویو دوکان یا خانووگرتن تا هەر معامەلەیەکی سادەی ناو ئیداراتی وڵات، بۆئەوەی کاروبارەکەیان بۆ جێبەجێ بکرێت، بۆنموونە بۆئەوەی هاوسەرگیری بەئەنجام بگەیەنرێت، دەبێت بچن بۆ ئاسایش تاکو کۆدێکیان بدەنێ، ئەم کۆدەش دوای ئەوە دەدرێت کە هەرچی زانیاریەکیان لایە دەربارەی ژیانیان دەبێت بە ئاسایشی بڵێن، هەرشتێك کە لە ژیانیاندا رووی داوە تەنانەت کۆمەڵێك زانیاری زۆر تایبەت بە ژیانی شەخسیان ئەوسا ژمارەیەکیان پێ دەدەن، لێرەدا ئەم هاونیشتمانیە ئیدی لەبەشەر دەکەوێتو دەبێتە ژمارەیەك کە لە کۆمپیوتەرەکەی ئاسایشدا پارێزراوە، ئەمە کتومت پەیڕەویکردنە لە رژێمە تۆتالیتاریو فاشیەکان. دوای کۆدی ئاسایش ئیدی برا گەورە کە حکومەتە، کە حیزبە، ئاگاداری شتە وردو درشتەکانی ژیانی هەموو هاونیشتمانیانە. ئەمە سەرەتای جیهانێکی ئۆرویلیە.

ئایا ئازادی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە؟ ئایا ئێمە لە غیابی دەستێوەردانەکانو زۆر بۆ هێنانەکانی هەردوو دەستە بژێری سیاسیی‌و ئایینی ژیانی خۆمان دەژینو ئازادانە سەرقاڵی گفتوگۆو باسو لێکۆڵینەوەو پرسیارکردنین لەسەر فاکتە سیاسییەکان، لەسەر ئەزموونی شەست ساڵەی بزوتنەوەی کوردایەتی، سەرقاڵی پرسیارکردنین لە ئایینو دۆگماکانی‌و سروتەکانی؟ یاخود کۆمەڵێك تابوو بوونی هەیە، کۆمەڵێك بابەتو بوارو کایە لە ئێمە حەرامکراون کە دەستیان بۆبەرینو تاقییان بکەینەوە، لەوانە ئایین، سیاسیەت، رابردووی حیزبە سیاسیەکان، سێکس، مێژووی کوردو ئەو شتەی پێی دەڵێن "کلتوری کوردی"و ئادابو دابو نەریتی کوردەواری؟

لە وەڵامی پرسیاری بەرێزتدا ئاماژەم بەچەند ئازادیەك کرد. بالێرەدا لە بەرانبەر هەندێك لەو ئازادیانە تەنیا چەند پرسیارێك بخەینەڕوو.

یەکێك لە ئازادیەکان ئازادی ئابوریە، واتە هاونیشتمانیان ئازادبن لە بەشداریکردنی چالاکیە ئابوریەکانو بتوانن ببنە خاوەنی موڵکداری‌و لە بازاڕدا وەك کەسە ئازادەکان بەشداری پرۆسە ئابوریەکان بکەن، هەروەها واتە هەبوونی بازاڕێکی ئازاد لە دەرەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتو حیزبی سیاسیی. ئێستا لە هەلومەرجی کوردستاندا کە نوخبەی سیاسیی هەرهەمان نوخبەی ئابوریە، واتە سیاسیەکان بازرگانەکانو خاوەنی سەدەها پشکن لە کۆمپانیاکانو لە بازاڕەکانو خاوەنی دەیەها پرۆژەی بازرگانین، بەنزینخانە، سوپەرمارکێت، کارگە، دوکان، حیزب خۆی بۆتە کۆمپانیایەکی گەورەو دەستی بەسەر بازاڕدا گرتووە، ئا لەم هەلومەرجەدا ئایا دەتوانین قسە لە ئازادی ئابوری بکەین؟ بەرپرسی سیاسیی نیە کە پشکێکی لە پرۆژەیەکی بازرگانیدا نەبێت، یاخود بە تۆپزی باج لە پرۆژەیەکی بازرگانی یا چەندین

پرۆژە نەستێنێت. پرۆژەیەکی ئابوری نییە سەر رێگا بخرێت بێ دانی باج بە حیزبێکی سیاسیی، یا بێ بەشداربوونی سیاسەتمەدارێك. "سیاسەتمەدارێك" لەسەر کەناڵێکی تەلەفزیۆنیەوە درۆیەکی گەورەی کرد ئەویش ئەوەی کە "بەڵێ ئێمە کۆمپانیامان هەیەو هەموو حیزبێکیش لە دنیادا کۆمپانیای هەیە"، ئەمە درۆیەکی گەورەیە، حیزبە سۆشیال دیموکراتەکانی ئەوروپا کۆمپانیایان نییە، ئەوان بازرگان نین، ئەوان لەسەر پیتاکی ئەندامەکانو ئەو باجە دەژین کە هاونیشتمانیان دەیدەنە دەوڵەتو لێرەوە دەوڵەتیش پشکی ئەو حیزبەی لێ دەدات.

لە چەندین ساڵی رابردوودا هەزاران داستان لەمڕووە تۆمارکراون، گەر بازرگانە کوردەکان، کەسە خاوەن ویژدانەکان بێنەگۆ، حەقیقەتی حیزبە سیاسییەکانمان زیاتر بۆ ئاشکرا دەبێت، حەقیقەتێك کە باس لە مۆنۆپۆڵکردنی بازاڕو بازرگانی دەکات لە کوردستاندا لەلایەن حیزبی سیاسییو لەلایەن بەرپرسە سیاسیەکانەوە، ئەوانەی کە ملیۆنلێرە گەورەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستن بەهۆی کۆنترۆڵکردنو بەتاڵان بردنی سەروەتو سامانی کوردستانەوە، ئەوانەی کە حیزبو حکومەتو ئابوریان تێکەڵکردووەو وا مامەڵە لەتەك سەروەتو سامانی وڵاتدا دەکەن، کە موڵکی خۆیانە، هەر بۆیەشە سەدەها کادری حیزبی بەپلەی وەزیر خانەنشین دەکەن، تەنانەت ئەو کوڕو کچی بەناو "سەرکردەکان" کە هێشتا لاونو هەروەها هەرگیز پلەی حوکمیان نەبووە، ئەمڕۆ خانەنشین دەکرێن بە پارەیەکی خەیاڵی، کەسانێك کە لە حەفتاکاندا شەهید بوون بە پلەی وەزیر خانەنشین کراون، ئەمە نەك گەندەڵیە بەڵکو لاقەکردنی گشت پرنسیپێکی

ئابوریە،و هیچ مانایەك بۆ ئازادی ئابوری‌و پرۆسەی بازاڕی ئازادو چالاكی ئابوری ناهێڵێتەوە.

یەكێك لە ئازادیەكان، ئازادی ئایینیە، بەمانای ئەوەی كە تاك ئازادە لەوەی كە چ بیروباوەڕێكی ئایینی هەیەو چۆن ئازادە لە مومارەسەكردنی سروتە ئایینیەكانی ئەو ئایینە، هەروەها ئازادە لەوەی كە ئایینی خۆی بگۆڕێت. هەروەها رەهەندێكی دیكەی ئازادی ئایینی بریتییە لە بێ باوەڕی، واتە كەسێك ئازادە كە پەیڕەوی لەهیچ ئایینێك نەكات. ئێستا دەپرسین ئەمە ئەو شتەیە كە لە كوردستان دەگوزەرێ؟. بێگومان نەو. لە كوردستان چەندین كەمایەتی ئایینی‌و مەزهەبی بوونیان هەیە، زۆربەی موسڵمانەو سەربە مەزهەبی شافعیە، بەڵام یەزیدی‌و كاكەیی‌و ئەهلی حەقەو شیعەو ئاشوری‌و كلدانی بوونیان هەیە، لەپاڵ ژمارەیەكی بەرچاو لە كەسانێك كە مومارەسەی ئایین ناكەن‌و پەیڕەوی لەهیچ ئایینێك ناكەن، بگرە خەڵكانێكی (atheist) واتە بێ باوەڕ بوونیان هەیە. كاتێك ئازادی ئایینی بوونی هەیە، كە زۆربە دیدو بیروبۆچوونی ئایینی‌و دۆگماكانی‌و سروتە ئایینیەكانی بەسەر فەزای گشتیدا نەسەپێنێت‌و زاڵ نەكات‌و هەمووان ناچار نەكات، كە بیروبۆچوونەكانی خۆیان پەنهان بكەن‌و ناچاریان نەكات ملكەچ بكەن بۆ سروتە ئایینەكانی خۆی. بەواتایەكی دی فەزایەكی گشتی هەبێت لە دەرەوەی هەژموونی هەر ئایین‌و مەزهەبێك، فەزایەك كە موڵكی هەموانەو گشتییەو ئایین لەوێدا هیچ شتێكی خۆی ناسەپێنێت بەسەر هیچ گروپ‌و دەستەو تاقمێكدا، تەنیا لەبیری خۆی‌و ئیماندارەكانی خۆیدا دەبێت، واتە فەزایەك هەیە، كە موڵكی هەموانە ئایین تێیدا هەژموونی نییەو هەوڵی قۆرخكردنی نادات.

لە كوردستانی ئێمەدا ئەمڕۆ پێچەوانەی ئەو هەلومەرجە حاڵەتێك بوونی هەیە كە لە ستەمكاری ئایینی دەدوێ، هەلومەرجێك هەیە كە باس لە هاوپەیمانێتی پیاوانی ئایینی‌و دامودەستگای تەقلیدی ئایین‌و ئیسلامگەراكان بە كۆمەكی حیزبە بەناو عەلمانیەكان‌و سیاسەتمەدارو سەركردەكانی كورد دەكات، هەلومەرجێك كە باس لە خەفەقان‌و كوشتن‌و ترۆركردنی ئازادی دەكات، بەتایبەت ئازادی ئایینی. مەلاكان زەمینەیان بۆ خۆشكراوە كە بە ئارەزووی خۆیان لەسەر هەموو ئەو شتانە قسە بكەن كە هیچی لێ نازانن، بە ئارەزوی خۆیان دەستوەردەنە ئەو كایانەوە كە زۆر بێ ئاگان لێی، لەوانە زانست، فەلسەفەی ئایین، فەلسەفە، ئەدەب، هونەر، سیاسەت، بە ئارەزووی خۆیان هێرش بكەنە سەر رووناكبیرو ئەدیب‌و نووسەرو هونەرمەندانی كورد، ئەمە جگە لەوەی كە ئازادی موتڵەقیان هەیە لەوەی كە هێرش بكەنە سەر ئایینەكانی دیكە لەوانە مەسیحیەت‌و یەهودیەت‌و بگرە لە زۆربەی حاڵەتەكاندا گووتارەكانیان زۆر بە پیسی بۆنی دژە سامی‌و دژە یەهودی لێ دێت‌و بگرە لە رەگەزپەرستی دەدوێت، وەك ئەوەی كە دژایەتیكردنی یەهود بە موتڵەقی رێگە پێدراوبێت لە كوردستاندا. ئەمە جگە لەوەی ئەو شتانەی دەیڵێن دەربارەی یەهودیەت‌و مەسیحیەت لە جەهلێكی تەمام عەیار دەدوێ‌و شوێنی بەزەیی پێداهاتنەوەیە، ئەم دەستەبژێرە ئایینیە لە كوردستاندا كە لە دەرەوەی دنیای مۆدێرن دەژی‌و زۆر بێ ئاگایە لە فیكرو فەلسەفەو زانستی مۆدێرن‌و بێ ئاگایە لە چوارسەدە لە گۆڕان‌و شۆڕشی گەورەی زانستی‌و فیكری، ئەمڕۆ بەو سەرمایە هەرە پووچەیەوە، بەیارمەتی سیاسیە هەزیلەكانی كورد هاتۆتە مەیدان بۆ دژایەتیكردنی عەقڵ‌و ئازادی. كەچی سیاسییەكانی ئێمە باس لە پێكەوە

ژیانی ئایین‌و مەزهەبەكان دەكەن لە كوردستانداو باس لە هەبوونی ئازادی دەكەن لەكاتێكدا ئەو دەستەبژێرە ئایینیە روناكبیرو ئەدیب‌و هونەرمەندە نەماوە لەماوەی چل ساڵی رابردوودا لە مینبەری مزگەوتەكانەوە جنێو بارانی نەكات. ئایین‌و مەزهەب، لە دەرەوەی مەزهەبی شافعی، نەماوە هێرش نەكاتە سەری، تەنانەت هێرشیان كردە سەر زانایەكی ئایینی وەكو موستەفا زەڵمی، ئایا ئەمەیە ئازادی ئایینی كە گوایا ئێمە لە كوردستان خاوەنین؟ دوا داستانی ئەم دەستەبژێرە، بە كۆمەكی هێزە ئیسلامیەكان، كۆمەڵ‌و یەكگرتوو و بزوتنەوە، هێرشكردن بوو بۆسەر چەمكی "جێندەر" كە هیچ نەبوو جگە لە كۆمیدیایەك، بەڵێ كۆمیدیایەك كە خوێنی لێ دەتكێ، ئەم كۆمیدیا – تراژیدیە وەبیری هێناینەوە كە ئێمە لە چ هەلومەرجێكی عەقڵی – ژیاریی دا قەرارمان گرتووە، كە باس لە كارەساتێكی عەقڵی گەورە دەكات باس لە غەرقبوونی جڤاتەكەمان دەكات لە زەریای جەهلێكی بێ پایاندا. بێگومان كاتێك وڵات‌و كاروباری ژیانی سیاسیی‌و فیكری وڵات بدەیتە دەست ژمارەیەك سیاسیی – بازرگان كە تەنیا لەبیری دەوڵەمەندكردنی خۆیان‌و خێزانەكانیاندابن‌و سەرقاڵی پەیداكردنی پۆستی سیاسیی بن بۆ نەوەكانیان هەر ئەمەی لێ بەرهەمدێت.

با هەڵوێستەیەك بكەین بەرامبەر بە ئازادی سیاسیی، بزانین ئازادی سیاسیی لە كوردستان بوونی هەیە، یا كە هەیە چۆنە؟ بەكورتی ئازادی سیاسیی كۆمەڵێك مانا لەخۆ دەگرێت، لەیەكێك لە ماناكانیدا واتە غیابی دەستێوەردان لە كاروبارو ژیانی تاكەكەسدا لەلایەن دەسەڵاتەوە بەهۆی زۆر بۆ هێنان یا توندوتیژیەوە. واتە ئازادی بریتییە لە ئازاد – بوون لە سەركوتكردن لەلایەن دەسەڵاتەوە. میلتۆن فریدمان، وەك بیرمەندێكی

لیبرِاڵ پێیوایە کە "جەوهەری ئازادی سیاسیی بریتییە لە غیابی زۆر بۆ هێنانی کەسێك لەلایەن کەسێکی دیکەوە. بنەڕەتیترین مەترسی بۆ ئازادی سیاسیی بریتییە لە چڕبوونەوەی دەسەڵات. بوونی مقدارێکی زۆری دەسەڵات لە دەستی چەند تاکە کەسێکدا کە وا دەکات کە ئەو دەسەڵاتە بەکاربهێنن بۆ زۆر بۆ هێنان بۆ هاونیشتمانیەکانیان".

(Milton Friedman, The New Liberal's creed. C 1991)

گەر ئەم بۆچوونەی فریدمان بەجدی وەربگرین، کە دەبێت بەجدی وەریبگرین، دەتوانین لەبەر رۆشنایی ئەم رایەدا بڵێین، کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا دەسەڵاتی سیاسیی (کە خۆی دەسەڵاتی ئابوریشەو هەر ئەمەشە کارەساتەکە) لە دەستی ژمارەیەك سیاسییو "سەرکردە"دا چڕبۆتەوە، ئەوان لە دەرەوەی هەبوونی هیچ شەفافیەتێكو هیچ پێودانگێکی سیاسییو عەقڵیو لە دەرەوەی هیچ چاودێرییەك دەسەڵاتیان بەکاردەهێننو بڕیارە چارەنوسسازەکان دەردەکەن بێ بەشداریکردنی هاونیشتمانیان، کارەساتەکە بەوە گەیشتووە، کە باوکانی سیاسییو سەرکردە کوڕو کچەکانیان دەبەنە مەرکەزی بڕیارەوەو پۆستی گەورەی سیاسییان پێ دەدەنو لەناو حیزبە سیاسیەکاندا لە مەرکەزی بڕیارداندا دایاندەنێن. کە ئەمە لێدانە لە ئازادی هەموو هاونیشتمانیانو نەوەی نوێو گەندەڵیە بەپلەی ئیمتیاز.

مانایەکی دیکەی ئازادی سیاسیی بریتییە لە بوونی دەسەڵات بۆ تەحقیقکردنی بوونی خۆ. واتە بوونی ئازادی تاکو تاکەکەس بتوانێت ئەگەرەکانی بوونی خۆی تەحقیق بکات. یەکێك لە ئەگەرەکان بریتییە لە ئەگەری سیاسیی، بەمانای ئەوەی وەك هاونیشتمانیەك تاك ئازادی سیاسیی هەیە، کە لە پرۆسە سیاسییەکەدا بەشدار بێتو زەمینەیەك رەخساو بێت

تاكو تواناكانی خۆی لە سیاسەتدا تاقی بكاتەوەو راوبۆچوونی سیاسیانەی بەهەند وەربگیرێتو مافی خۆ كاندیدكردنی هەبێت بۆ پۆستە سیاسیەكان.

ئایا ئازادیەك لەم چەشنە لە كوردستانەكەی ئێمەدا بوونی هەیە؟ بەچەند خاڵێكو زۆر بە خێرایی وەڵامی ئەم پرسیارە دەدەمەوە. یەكەم، جارێ پێش هەموو شتێك، شتێك نییە بەناوی سیاسەتەوە، سیاسەت بەمانا قوڵەكەیو گشت ئەو ماناو مەغزایانەی كە لەخۆی دەگرێت گەر لە گۆشە نیگای فەلسەفەی سیاسییەوە لێی بڕوانین، سیاسیەت چ بەمانای رێكخستنی كاروباری جڤاتو كۆمەڵگا، چ بەمانای فەزایەك بۆ ململانێو كێشمەكێشەكان كە ئەمە خودی هونەری سیاسەتە، لای ئێمە سیاسەت درێژكراوەیەكی دنیابینی خێڵەكیو عەشایەریو درێژكراوەی هەڵسوكەوتو مامەڵەكردنی خێڵەكیانەیە بەسەر پەیوەندی نێوان گروپو حیزبەكانەوە دەبینرێت، بەسەر ئەو شتەوە كە بەناوی "سیاسەتەوە" خۆی دەنوێنێو مومارەسە دەكرێ. سیاسیەت لە كوردستاندا دەریاچەیەكی وشك بوەوەیە، یاخود مێرگێكە كە پرۆسەی بە بیابانكردن سەوزاییو ژیانی لێ سەندۆتەوە. دەستەبژێرێك لە شەستەكانەوە دەستیان بەسەر ئەم كایە گرنگەدا گرتووە، كە پەروەردەی چلەكانو پەنجاكانی سەدەی رابردوون، پەروەردەی كلۆڵی فیكریو سیاسیی ئەوسای عێراقو كۆمەڵگای كوردین كە دیدو دنیابینیو سلوكیان لە هەمووشت دەدوێ جگە لە هەبوونی كارامەییو شارەزایی لە هونەری سیاسەتو لە زانستێكدا كە گونجاوە بۆ ئەمڕۆی دنیا. ئەم دەستەبژێرە بۆتە مایەی لەباربردنی هەوڵو كۆششی نەوە لەدوای نەوە، هەوڵو كۆششی كەسانێك كە خەونیان بەوەوە بینیوە كە كورد لەپێناو دۆزە رەواكەیدا سیاسەت بكات، شارەزای زانستو هونەری سیاسەت بێتو كەچی ئەمان

بەبەردەوامی جڤاتی كوردیان بردۆتەوە سەر خوانی دنیابینیو زەینی خێڵەكیانەو بە كۆمەڵێك دروشم كە هیچ بەهایەكی سیاسییو ستراتیژیان نییە هەم جڤاتی كوردیان بەلاڕێدا بردووەو هەم بونەتە مایەی لەباربردنی عەدالەتی دۆزەكەی،و لەمەش خراپتر لەپێناو ئەم پاشاگەردانیە فیكریو سیاسیەدا بوونەتە مایەی رشتنی خوێنی هەزاران مرۆڤی ئەم وڵاتە لە شەستەكانەوە تاكو ئەمڕۆ، گەر ئەم دەستەبژێرە رانەگرین ئاییندەی كورد ئاییندەیەكە لە خوێنو شكستو نائومێدی دەدوێ. ئەوەی شوێنی سەرنجە ئەو راستیەیە، كە ئەم دەستەبژێرە بەناو سیاسیە ئێستا سەرقاڵی جێگرتنەوەی خۆیانن لەلایەن كوڕو كچو خێزانەكانیانو بگرە ئەوكەسانەوە كە خاوەنی هیچ توانایەكی فیكریو سیاسیی نین تاكو درێژە بەم پاشا گەردانیە بدەن.

كەواتە تەنانەت ئەوشتەش كە بەناوی "سیاسەتەوە" لەجەرەیاندایەو سەرێگا دەخرێتو مومارەسە دەكرێن، قۆرخكراوە لەلایەن چەند حیزبێكەوە، چەند كەسایەتیەكەوە كە لە شەستەكانی سەدەی پێشوەوە ئەم كایەیان قۆرخكردووە، ئێستاش سەرقاڵی ئەوەن كە نەوەكانیان لە مەركەزی بڕیاردا دابنێنو رێ لە هاونیشتمانیانو كەسە شارەزاكان بگرن تاكو ئەمان نەگەنە نێوەندە گرنگەكانی بڕیارو نەبنە رابەری پرۆسە بەناو "سیاسیی"یەكە. لەم حاڵەتەدا قسەكردن لەسەر ئازادی سیاسیی زیاتر لەوەی لەكۆمیدیایەك بچێت هیچ شتێكی دیكە نییە، بەڵام كۆمیدیایەك كە بۆنی خوێنی نەوەكانی پێشوو و نەوەی ئێمەو بۆنی خوێنی منداڵەكانی ئێمەی لێ دێت.

دووەم، لە هەلومەرجی بەناو "سیاسیی" ئەمڕۆی هەرێمی كوردستاندا هاونیشتمانی سادە گەر سەربەخۆ بێت ناتوانێت خۆی بۆ هیچ پۆستێك كاندید بكات، پۆستەكان لە مەكتەبی سیاسیی حیزبەكانەوە دیاریدەكرێن، هەر لە وەزیرو ئەندام پەرلەمانو بەڕێوەبەری گشتیو جێگرەكانو پارێزگاو بەڕێوەبەری ناحیەو قایمقامەوە بیگرە تاكو بەڕێوەبەری قوتابخانەكانو سەرۆكی بەشەكانی كۆلێژەكانی زانكۆو راگرەكانو سەرۆكی زانكۆكان، تاكو بەڕێوەبەری هەر پرۆژەیەكی سادەی ئیداری، یا ئابووریو بگرە سەرنوسەری گۆڤارو رۆژنامەو لێپرسراوانی هەر فیستیڤاڵێكی سادەی رۆشنبیری. ئەم دیاریكردنەش بەربنەمای كواڵەتی (چلۆنایەتی) ئەو كەسانەو شایستەییان نییە، بەربنەمای تواناكانیان نییە بەڵكو یەك داوپێنگ بوونی هەیە، تاچەندە وەلائیان بۆ حیزبو سەركردەكەی هەیە، بە واتایەكی دی تا چەندە ملكەچی بڕیارەكانی حیزب دەبنو بگرە تاچەند "خۆیان نین"و ئامادەن ببن بەو كەسانەی كە حیزب دەیەوێت ببن، واتە تاچەندە ئامادەن كە مەسخ ببن، دەپرسم لێرەدا ئازادی سیاسیی لەكوێدایە؟

سێیەم، ئەوەی كە ئەمڕۆ لە هەرێمی كوردستانو لە پرۆسە بەناو سیاسیەكەدا ئاشكرایەو شوێنی مشتومڕ نیە بریتییە لەو راستیەی كە ژمارەیەك "سیاسەتمەدار" دەستیان بەسەر سەروەتو سامانی وڵاتدا گرتووەو بە پلەیەك كە سەدان كۆمپانیایان هەیە، زەویو زاری وڵاتیان لەسەرخۆ تاپۆ كردووە كە وێنەی لە مێژووی جیهاندا زۆر زۆر كەمەو مەگەر لە رژێمە ستەمكاریەكاندا نەبێت، ئەم "سیاسەتمەدارانە" ئەو سەرچاوە هەرە مەزنە ئابوریە بەكاردەهێنن بۆ كڕینی وەلائی سیاسیی، خەڵكێكی زۆریان كردووە بە مەعاشخۆرو پارەیەكی بێ شوماریان خستۆتەگەڕ بۆ

كڕینی دەنگو بەتایبەت چەقی قورسایی بەناو (ستراتیژیەتیان) لەسەر كڕینی دەنگ و وەلائی سیاسیی سەرۆك هێزو شێخو مەلاو ئاغاكانو تەكیەو خانەقاكانە، كە لە ئەنجامدا ئەمە بۆتە مایەی ئەوەی كە هیچ بوارێك بۆ سیاسییەت نەمێنێتەوە. ئەوەی لە كوردستاندا لەسەر دەستی ئەم "سیاسەتمەدار"و "سەركردانە" روو دەدات نەك مانایەك بۆ سیاسەت ناهێڵێتەوە، نەك شوێنێكی بۆ بەشداری سیاسیانەی هاونیشتمانیان نەهێشتۆتەوە، بگرە روبەرێكی كەمیشی بۆ ئازادی سیاسیی نەهێشتۆتەوە.

چوارەم، ئەمرۆ لە كوردستاندا هاونیشتمانیان تەنیا لەوەدا ئازادن كە رەنگی پەڕۆیەك هەڵبژێرنو هوتاف بدەن، یاخود هوتاف نەدەن، بەڵام لە پەراوێزدا سەرقاڵی ژیانی تایبەتی خۆیان بن بێ ئەوەی بەشداری سیاسیەت بكەن، هاونیشتمانی ناتوانێت موناقەشەی سیاسەتەكان بكات، بڕیارە سیاسیەكان لە ئەنجوومەنە محەلیەكانەوە دەرناچنو پرۆپۆزەڵی یاساكان لەو ئەنجوومەنانەوە گفتوگۆیان لەسەر ناكرێتو بەرز ناكرێتەوە بۆ پەرلەمان بەڵكو لە سەرەوە، لە مەكتەبی سیاسیی پارتەكانەوە رەوانەی پەڕلەمان دەكرێن بە هەڵاواردنی گشت هاونیشتمانیانو مەجالیسە محەلیەكان، گەر گفتوگۆش لەسەر پڕۆپۆزەڵی پرۆژە یاسایەك لە كۆڕو كۆبوونەوە مەدەنیەكاندا ساز بكرێت هیچ حیسابێك بۆ ئەو گفتوگۆیانە ناكرێتو رای هاونیشتمانیان بەهەند وەرناگیرێت، بگرە رێز لە ئەندام پەرلەمانەكانیش ناگیرێت، نموونە یاسای "قەدەغەكردنی خۆپیشاندانەكانە" كە ئێمە لە ساڵی 2006 دا بەشداری چەند دانیشتنێكمان كردو لەسەر پڕۆپۆزەڵەكە گفتوگۆمانكردو هەر ئەوسا دژی فیكرەی "مۆڵەت" وەرگرتن بووین، كەچی پرۆژە یاسایەكە وادەرچوو وەك سیاسیەكانی پارتیو یەكێتی ویستیان، واتە

شەقێكیان لە ئیرادەی هاونیشتمانیان دا. ئازادی سیاسیی لێرەدا لە كوێدا خۆی دەبینێتەوە؟

پێنجەم، دەتوانم بڵێم لەم هەرێمەدا نە ئازادی نێگەتیڤمان هەیە، بەمانای ئەوەی كە ئازدابن لە دەستێوەردانو زۆر بۆهێنانی حكومەتو هێزە ئایینیو سیاسیەكانو نە ئازادی بۆزەتیڤمان هەیە بەمانای دەسەڵات بۆ تەحقیقكردنی بوونی خۆمان.

با ئاماژەیەك بە ئازادی فیكری بدەین كە ئازادیەكی سەرەكیەو یەكێكە لە پرۆسە سەرەكیەكانی گوتاری مافی مرۆڤ لە دنیای مۆدێرندا. ئازادی فیكری پەیوەستە بە ئازادیەكانی دیكەوە لەوانە، ئازادی ئایین، ئازادی بەیانو ئازادی رادەربڕین. ئازادی فیكر هەلومەرجێكی پێویستو جەوهەریە بۆ گشت فۆڕمەكانی دیكەی ئازادی. لە جاڕنامەی جیهانی مافەكانی مرۆڤداو لە ئارتكڵی 18 دا هاتووە كە:

"هەموو كەس مافی ئازادی فیكریی ویژدانو ئایینی هەیە، ئەم مافە، مافی گۆڕینی ئایین یا بیروباوەڕو قەناعەت لەخۆ دەگرێت، لەپاڵ ئازادی چ بەتەنیا یاخود لەتەك ئەوانی دیكەدا لە فەزای گشتی دا یاخود لە ژیانی تایبەتیدا، بۆ بەیانكردنی ئایینی خۆ یاخود بیروڕا..." ئەم مافە ئازادی هەبوونی بیروڕا لەخۆ دەگرێت بێ هیچ دەستێوەردانێك.

ئەمڕۆ لە كوردستاندا، سوپاس بۆ سیاسیەكانی شەستەكانی سەدەی رابردوو، ئەم ئازادیە بوونی نییە، ئەوكەسەی كە لە كوردستاندا ئازادانە تەعبیر لە فیكری خۆی دەكات ریسك بە ژیانیەوە دەكات، گەر ترۆر نەكرێت ئەوا بەلانی كەمەوە پەراوێز دەخرێتو لە ژیانی سیاسییو ئابوری دادەبڕدرێتو راوبۆچوونی بەهەند وەرناگیرێت، میدیاكان تیشك ناخەنە سەر

راو بۆچوونو بەرهەمەکانی، گەر بلیمەتیش بێت چونکە لەتەك شەپۆلی سەرەکی دا نییە، کە حیزب دیاریدەکات شوێنێك نییە بۆ ئەو لە جوگرافیای راوبۆچوونەکاندا. ئەمە جگە لەوەی بەهۆی ئەو هەلومەرجەوە کە دروست بووەو باس لە ترۆری فیکرو عەقڵ دەکات هەلومەرجێك کە باس لە تەحالوفی سیاسیەکانو پیاوانی ئایینی دەکات شوێنێك بۆ ئازادی فیکری نەماوەتەوە. رۆژ نیە داستانی سانسۆرکردنی وێنەیەك، شیعرێك، بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی، گۆڤارێك، وتارێك نەبیستین، کار بەوە گەیشتووە کە مەلاکان لە مزگەوتەکانەوە فەتوا دەردەکەن لەسەر ئەدەب، هونەر، فیکر، زانست، کە هەر هەمووی دەچنە خانەی رێگەگرتن لە بیرکردنەوەو داهێنانو سیاسیەکانیش گوێ لە مەلاکان دەگرن، چونکە مەلاکان دەتوانن بەسیجی جەماوەر بکەنو لەم حاڵەتەدا ئەوەی دەبێتە قوربانی ئازادی فیکرە، ئەمرۆ لە کوردستاندا ئێمە ئازادنین کە قسە لەسەر خوداو ئایینو فەلسەفەی ئایینو سروتە ئایینیەکانو لەسەر زانست وەکو ئەوەی کە هەیە، قسەبکەینو ئازادانە ناتوانین راوبۆچوونی خۆمان دەربڕین ئیدی لەم هەلومەرجەدا، کە لە خەفەکانو ترۆرکردنی ئازادی دەدوێ، قسەکردن لە ئازادی فیکر زیاتر لە نوکتە دەچێت. سەرۆکی هەرێم ئیمزا لەسەر یاسای "خۆپیشاندانەکان" دەکات، بەڵام ئەو پرۆژە یاسایەی وەزارەتی رۆشنبیریو لاوان رەوانەی پەرلەمان دەکاتەوە لەبەر وشەی جێندەر "بەهۆی فشاری مەلاکانەوە" واتا نەفیکر حسابی بۆ دەکرێتو نە ئازادی هاونیشتمانیان، بەڵکو سیاسیەکان هێندەی مەبەستیانە کە راوبۆچوونی دامودەستگای ئایینیو قسەکەرەکانی بەهەند وەربگرن هێندە مەبەستیان نییە کە حیسابێك بۆ فیکرو ئازادی فیکر بکەن. ئەمرۆ لە کوردستاندا هیچ

کەس ناتوانێت بەڕاستیو راستەقینانە راوبۆچوونی خۆی دەربارەی ئایین دەربڕێ، بەڵکو کەس ناتوانێت قسە لەسەر ئایینەکانی دیکە بکات، لێ گەڕێ کە کەس ناتوانێت رایبگەیەنێت کە ئایینی خۆی گۆڕیوە یاخود باوەڕی بەهیچ ئایینێك نییە، ئیدی ئازادی فیکر لەکوێدایە؟ بێ هەبوونی ئازادی فیکر ئێمە ناتوانین مەدەنیەت بونیاد بنێینو ژیانی سەربەخۆیانەی رۆحیو فیکری خۆمان بژین، ئەمڕۆ ئێمە لە غیابی ئەم ئازادیەدا ژیان بەسەر دەبەین.

دەتوانین درێژە بەم باسو خواسە بدەینو لەسەر ئازادیەکانی دیکەو نەبوونیان لە کوردستاندا قسە بکەین، لەوانە ئازادی بەیان، ئازادی ئاکادیمی، ئازادی زانستیو غیابی فیکری ئازاد، ئەوەی گرنگە کە جەغدی لەسەر بکەینەوە ئەو راستیەیە، کە ئازادی لە کوردستاندا دروشمێکە کە توێژی باڵادەست، سیاسیەکان کە لەهەمانکاتدا بازرگانە گەورەکانی وڵاتن، بەکاریدەهێنن بۆ جوانکردنی ئەم حوکمڕانیە کە هێزێك نییە لە دنیادا بتوانێت وەك شێوازێکی حوکمڕانی دروستو مەعقول بیبینێت جگە لەو سوپایە لە رۆشنبیرانو رۆژنامەنووسانی ناو حیزبە کوردیەکان، کە سەرقاڵی ماکیاجکردنی روخسارە ناشیرینەکانو ماکیاجکردنی ئەم ئەزموونە ناشیرینەن.

**پ4/ پرسیارێك کە دەمێکە خوازیارم لە بەرێزتی بکەم ئەوەیە: جیاوازی تێگەیشتنو داکۆکیکردنو راڤەکردنی چەمکی ئازادی لە نێوان کەلتورە جیاوازەکاندا بۆچی دەگەڕێتەوە؟ ئایا هەر کلتورێك دیدێکی تایبەتیان هەیە بۆ ئازادی؟ یان ئازادی چەمکێکی یونیفێرسەلانەیەو پابەندە بە رستێك رێساو یاسای گەردوونی؟**

**فاروق رفیق:** پرسیارێكی زۆر جەوهەریەو لە رۆژگاری ئەمڕۆشدا كرۆكی كۆمەڵێك دبەیتو گفتوگۆی فیكرییە لە نێوان توێژەرو رۆشنبیری سەر بە ترادسیۆنە جیاوازەكان، بەڵام بەداخەوە من لێرەدا ناتوانم هەقی تەواو بەم پرسیارە بدەم چونكە پێویستمان بەوەیە كە گەشتێك بكەین بەناو ترادسیۆنە گەورەكاندا لە چەشنی ترادسیۆنی ئیسلامی، ترادسیۆنی مەسیحیو ترادسیۆنی تاویزم — كۆنفۆشیزم و ترادسیۆنی هیندۆیزمو بودیزم بۆ تاقیكردنەوەی تێڕامانی ئەو ترادسیۆنانە لە بیرۆكەی ئازادی، ئەمەش بە لێكۆڵینەوە بە ئەنجام دەگەیەنرێت نەك ئاوها بە ئاسانی لەسەری بوەستین، لێرەدا ئەو هەقەم بدەنێ كە تەنیا تەركیز بكەمە سەر ژیانی هاوچەرخ لە پەیوەندیدا بە چەمكی ئازادیەوە، وە چەند سەرنجێك دەربڕم.

ئێمە كە باس لە ئازادی دەكەین، وەك ئەوەی لەم دیدارەدا تائێستا ئاماژەمان پێداوە، مەبەستمان لە ئازادییە بەمانا مۆدێرنەكەی، یا ئەو ئاماژە مۆدێرنانەی كە چەمكی ئازادی لەخۆی دەگرێتو ئازادی وەك چەمكێكی مەركەزی پرۆژەی مۆدێرنتیو بەتایبەت دوای دوو شۆڕشی سیاسییو كۆمەڵایەتی گرنگ ئەویش شۆڕشی ئەمریكیو شۆڕشی فەرەنسییە. ئێمە لە رۆژگاری ئەمڕۆدا كە باس لە ئازادی دەكەین بەو مانایە باس لە ئازادی دەكەین، كە بە تەواوی لە سەدەی نۆزدەداو لە فیكرو فەلسەفەی خۆرئاواییدا گەڵاڵە دەبێتو شێوەی پێ دەبەخشرێتو هەروەها بەومانایە باس لە ئازادی دەكەین كە لە جارنامەی جیهانی مافەكانی مرۆڤدا هاتووە، بەواتایەكی دیكە مەبەستی ئێمە لە ئازادی هەمان چەمكە سەرەكیەكەی دیسكۆرسی مافەكانی مرۆڤە.

راشكاوانە پێ لەسەر ئەو راستییە دادەگرم كە چەمكی ئازادی چەمكێكی گەردوونیە (universal)، راستە لە شارستانیەتێكی تایبەتیدا، كە شارستانی خۆرئاوایە، فۆرمیلە دەكرێتو شێوە لەخۆ دەگرێتو هەموو ماناو مەغزاو ئاماژەكانی كە ئەمڕۆ لەو چەمكەدا مانیفێست دەبن لە رەوتێكی فیكری – فەلسەفی – ژیاریی دا گەڵاڵە دەبن، وێڕای ئەمەش چەمكی ئازادی چەمكێكی گەردوونیەو زادەی ململانێو كێشمەكێشو تێڕامانی خودی عەقڵە، عەقڵێك كە عەقڵی مرۆڤەو بریتییە لە گەشەكردنو كامڵ بوونی عەقڵێك كە لە پشتیەوە میراتێكی فیكری –– فەلسەفی قووڵ هەیەو ئیدی تەجاوزی ناوچەو حاڵەتی لۆكاڵو كلتورێكی تایبەت دەكاتو بە حاڵەتی گەردوونی خۆی دەگات، واتە ئازادی بەرهەمی عەقڵە ئەو كاتەی كە بەخۆی دەگات بە ووتەی هیگڵ دوای غوربەتو نامۆییو شەق بوونی لە رۆژگارە جیاوازەكاندا. لە بیرمان بێت كە ئەمڕۆ ئێمە شاهیدی بوونی چەند شارستانیەتێك نین بە خۆیانو دیدو دیدگاو بۆچوونی جیاواز جیاوازەوە لەمەڕ بوونو مرۆڤ و ژیانەوە، بەڵكو ئەمڕۆ یەك شارستانیەت بوونی هەیە، كە شارستانی مۆدێرنە، شارستانیەتێك كە زادەی فیكری فەلسەفی مۆدێرنە، ئازادیش بەو مانایانەی كە ئەمڕۆ ئەم چەمكە لەخۆی دەگرێت زادەی دنیای مۆدێرنو ئەم شارستانیەتەیە.

لەسەدەی بیستەمداو لەسەردەمی راگەیاندنی جاڕنامەی مافەكانی مرۆڤ ئێمە دەزانین كە وڵاتە ئیسلامیەكان، لەوانە سعودیەی عەرەبی، لە هەوڵی ئەوەدابوون لە رێكخراوی نەتەوەیەكگرتووەكاندا كە لەلایەكەوە رێ بگرنو ئاستەنگ دروست بكەن لەبەردەم داڕشتنی بەیاننامەیەك یا گوتارێكی گەردوونیدا لەمەڕ مافەكانی مرۆڤەوە، كە كەمترین ماف بریتییە لە

ئازادییەکان. لەلایەکی دیکەوە لە هەوڵی ئەوەدابوون کە دیدێکی دی یا بۆچوونێکی دی فۆڕمیلە بکەن سەبارەت بە مافەکانو ئازادیەکان لە گۆشە نیگای ئیسلامەوە. لەو رۆژەوە تاکو ئەمڕۆ رۆشنبیرانی ئیسلامیو دواجار بزوتنەوە ئیسلامیەکان لە هەوڵی ئەوەدان کە بڵێن مافەکانی مرۆڤ و ماناکانی ئازادی کە لەو گوتارەو لەو بەیاننامەو جاڕنامەیاندا هاتووە دژ بە خوداو دژ بە مرۆڤنو دژ بە ئیسلامنو مانا حەقیقیەکانی ئازادی تەنیا لە ئایینی ئیسلامدا بەرجەستە دەبن. دیارە ئەمە کرۆکی کێشەیەکی ژیارییو فیکریەو بانگەشەکەرانی ئەم دەعوەیە لەڕووی عەقڵیو فیکریو سیاسیەوە شکستیان هێناوە لەوەدا کە فۆرمیلەی وێنایەکی چەمکی ئازادی بکەن کە لەلایەکەوە جیاواز بێتو لەلایەکی دیکەوە عەقڵی بێتو مانادارو مەعقول. بەلانیکەمەوە ئەزموونی سەد ساڵی کۆمەڵگا ئیسلامیەکانو ئەزموونی چەندین رژێم کە بەربنەمای شەریعەتی ئیسلامی دامەزراون، لەوانە ئێران، سودان، سعودیە، پاکستان، ئەفغانستان، هەرهەموو باس لە تراژیدیایەکی تەمام عەیار دەکەن دەربارەی غیابی ئازادیو عەدالەتو عەقلانیەتو لە هەمووی گرنگتر غیابی ئازادی بە هەموو ئەو مانایانەوە کە ئەم چەمکە لەخۆی دەگرێت. ئەزموونی سیاسییو کلتوریو فیکری وڵاتە ئیسلامیەکان لەماوەی سەد ساڵی رابردوودا باس لە هیچ ناکات جگە لە ستەمکاریو ترۆرو سەرکوتکردن، حوکمی شەریعەتیش هیچ نییە جگە لە ستەمکاری بە پلەی ئیمتیاز.

لە دونیای ئیسلامدا لە ترادسیۆنی ئیسلامی دا، بۆ نموونە، ئاسەوارێکی چەمکی ئازادی بە مانا مۆدێرنەکەی بەدی ناکرێت، ئەم حوکمە بۆ ترادسیۆنی چینیش راستە. ئەمڕۆ سیستەمێکی ستەمکاری لە چین

بەركەماڵە كە ئیدی ئاشكرایە كە فەرمانڕەوا ستەمكارو ئۆلیگارشیەكانی چین بە بێگومان پەنا دەبەنە بەرئەوەی كە بڵێن ئازادی بە مانای مۆدێرن گونجاو نییە لەتەك كلتورو "شارستانێتی" ئێمەدا، كە ئەمە تەفسیرو راڤەكردنی چەمكی ئازادی نییە بەڵكو بەهانەیە بۆ ستەمكاری چینی، هەروەك چۆن لە دنیای ئیسلامدا هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی رێگاو بەهانە بۆ دەربازبوون لەمانا رەسەنەكانی ئازادی، ئازادی بە هەموو ماناكانیو گشت رەهەندو كایەكانیەوە، ئەمە جگە لە پەردەپۆش كردنی ستەمكاری زیاتر هیچی دیكە نییە، بەڵام ئەمجارە لەژێر ناونیشانی "جیاوازی بوون"و "رەسەنایەتی"و هەبوونی دیدو بۆچوونو راڤەكردنی دیكەدا بۆ ئازادی بە ئەنجام دەگەیەنرێت، بەڵام دەبێت بزانین كە هەوڵێكە بۆ پەردە پۆشكردنی ئەو ستەمو ناعەدالەتیەو ئەو هەلومەرجە كە باس لە غیابی ئازادی دەكات.

من گشت بەرهەمە فیكریو فەلسەفیەكانی فەیلەسوفی ئێرانی (سەید حوسەین نەسر)م خوێندۆتەوە، لەوانە وتارێكی ئەم بیرمەندە لەمەڕ دیدی ئیسلام بۆ ئازادی، كە بەڕای من هەوڵێكی شكستخواردووەو هەتا دڵت بخوازێت لاوازەو هیچ مانایەك بەدەستەوە نادات. سەید نەسر لەم وتارەدا لە هەوڵی ئەوەدایە بڵێ ئیسلام وێناكردنێكی جیاوازی هەیە بۆ ئازادی، كە وێناكردنێكی راستەقینەی ئازادیە، كە لە دواجاردا هیچ نییە لە "تەسلیم بوون" بە ئیرادەی خوداوەند كە خۆی لە خۆیدا مانای ئیسلام دەگەیەنێت، واتا ئیسلام تەسلیم بوونەو ئازادیش بریتییە لەم تەسلیم بوونە. لەگەڵ رێزمدا بۆ سەید حوسەین نەسر ئەم تەفسیرە هیچ نییە جگە لە بێ ئاگاییەكی كامڵ لە سیاسەتو لە دنیای مۆدێرنو بگرە چاوپۆشیكردنە لە ستەمو ناعەدالەتیەك كە باڵادەستە لە وڵاتە ئیسلامیەكاندا، هەروەها هیچ

نییە جگە لە بەهانە هێناوە بۆ مێژووی ستەمکاری کە مێژووی خودی ئیسلامە. نە شارەزایی سەید حوسەین نەسر لە فەلسەفەی سیاسیی خاڵی لاوازی فیکری ئەم بیرمەندەیە. مەبەستی سەرەکی من لێرەدا ئەوەیە کە بڵێم نەخێر کلتورە جیاوازەکان ناتوانن دیدو راڤەو شرۆڤەی جیاوازیان هەبێت بۆ چەمکی ئازادی، بەڵکو ئەوەی دەیبینین بریتی نییە لە تەفسیری جیاواز بۆ چەمکی ئازادی، بەڵکو بریتییە لە بەهانە هێنانەوەی جیاواز بۆ ستەمکاری، لەوانە ستەمکاری کلتورو دابو نەریتو بگرە بەهانە هێنانەوە بۆ ستەمکاری شەریعەت، یاخود بەهانە هێنانەوە بۆ حوکمو فەرمانڕەوایەتی ئایینی، کە هیچ نییە جگە لە ستەمکاری، باشترین نموونە لە رۆژگاری ئەمڕۆدا رژێمی ئێرانیو رژێمی سعودیەو تاڵیبانو سودانو دیدو بۆچوونی هەرە ترسناکی بزوتنەوە ئیسلامیەکانە، و لە وڵاتی خۆشماندا دیدو بۆچوونی بزوتنەوەی ئیسلامیو کۆمەڵی ئیسلامیو یەکگرتووی ئیسلامیە، کە باس لە ترۆرکردنی ئازادیو عەقڵ دەکات. ئیسلامگەراکان لە رۆژگاری ئەمڕۆدا فێڵبازانە سود لە دیسکۆرسی پۆست مۆدێرنیزم وەردەگرنو پێ لەسەر "جیاوازی" خۆیانو کلتورو ئاینیان دادەگرن، بەڵام لەپێناو کوشتنو ترۆرکردنی جیاوازیو ئازادیو گشت مافەکانی مرۆڤدا. پێداگرتن لەسەر جیاوازی کلتوری ئەمڕۆ هیچ نییە جگە لە نەخۆشیەکی دەستە جەمعی، جگە لە بەهانە هێنانەوە بۆ جەهلو لا عەقلانیەتو نا دادپەروەری، بۆئەوەی داکۆکی لە مەدەنیەت بکەین، بۆئەوەی داکۆکی لە ئازادی بکەین دەبێت جە سورانە پێدابگرین لەسەر گەردوونی بوونی چەمکی ئازادیو هەبوونی یەك شارستانیەت، یەك کلتور کە شارستانیەتو کلتوری مۆدێرنە. ئەرکێکی فیکریو شارستانییە لەسەر شانی ئێمە کە پێدابگرین لەسەر ئەوەی کە

چۆن مرۆڤێكی ئەمریكی، یا فەڕەنسی، یا ئیتاڵی خاوەنی كۆمەڵێك مافو ئازادییە، بەهەمان شێوەو بەهەمان ماناو رەوت ئێمەش دەبێت خاوەنی هەمان مافو ئازادی بین، لە دەرەوەی ئەمە ئەوەی دەمێنێتەوە تورەهاتی كلتوریە.

**ئامادەكردنو دارشتنی پرسیارەكان: مەریوان عەلی**

## هەمیشە دەنگێکی ڕەخنەگر و ئازادانە...

## گوڤاری رۆشنگەری
## دەقی وتوێژێك لەگەڵ نوسەر رێبین هەردی

بەرێز کاك رێبین دەمەوێت لەم چاوپێکەوتنەدا بەشوێن ئەو پرسیارانەدا نەکەوم کە وەڵامێکی حازبەدەستیان هەیە، مەبەستمە بڵێم هەندێك پرسیار وەڵامەکەی لەم پرسیارەدا چنگدەکەوێت، هەندێك پرسیاریتریش هەیە، وەڵامەکەیان پێویستی بە تێفکرینێکی قوڵ و دەستراگەیشتن هەیە بە برێك نهێنی و نزیککەوتنەوە لە رۆحی بابەتەکان، لێرەدا بوارم بدە سەرنجەکەم روونبکەمەوە، من دەمەوێت ئەم دەرفەتە بقۆزمەوە بۆ ئەوەی بابەتی وتوێژەکەمان زیاد لە ڕەهەند و پانتایی و تیۆرێك بگرێتەوە، هەروەك دەمەوێت لەسەرەتاوە ئەوەش بڵێم، ئامانجی ئەم وتوێژە روناکیخستنەسەر ئایندەی ئازادی لە هەرێمی کوردستاندا، دیارە من دەزانم وتوێژەکەم وتوێژێکی سانا و تێپەر نییە، چونکە درك بەوە دەکەم بەرامبەر نوسەرێکی ئاسایی دانەنیشتوم! بۆیە دەبێت لەو دیدگایانەوە تەماشای بابەتەکان بکەین کە فکر رۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە شیکارکردن و ساخکردنەوەی دیبەیت و روناکردنەوەی رووبەرە تاریکەکاندا، بەهەر حاڵ با بێینەسەر پرسیارەکان.....

**پ1/ پرۆژەی ڕەخنەگرتن لە دەسەڵات و حزب و ترادسیۆنی كۆمەڵایەتی و ئاینی و تیۆری و فكری، ... پرۆژەیەكە تێدا دەستدەبرێت بۆ گەلێك كایەی هەستیار و ئاڵۆز، ڕاستر پرۆژەی ڕەخنە لە كوردستاندا بە پلەی نایاب دەستكاریكردن و دەستبردنە بۆ هەموو كایەكان، تۆ كۆی ئەم پرۆژەیە(ئەگەر ڕاستبم بە پرۆژە ناوی بەرم) چۆن دەخوێنیتەوە؟ ئایا ڕەخنەگرتن لە كایەی سیاسی و رۆشنبیری ئێمەدا پابەندی پرنسیپەكانی تیۆری ڕەخنەیە؟ ئایا بەرای تۆ خوێندنەوەیەكی واقعی و نزیكمان لە ترپەی دڵی ڕووداوەكانی كۆمەڵگای كوردی؟**

***رێبین هەردی:*** هێشتا زۆر شت ماوە تیشكی بخرێتە سەر. جیهانی ئێمە هێشتا تاریكە و پێوستی بە رونبونەوەی زیاتر و كاری زیاتر هەیە. نە مێژووی سیاسی، نە مێژووی ئەدەبی و هونەری و نە مێژووی كلتوری ئێمە كاری زۆر گەورەی لەسەر نەكراوە و ڕوبەری گەورەی ئەم مێژوانە تاریكە. كارێكی كەم لەسەر كۆمەڵگای كوردی كراوە هەم لە ئێستا و هەم لە رابردوودا. بەشی زۆری روبەری ئەدەبی ئێمە هێشتا نەخوێنراوەتەوە و كاریگەری و ماناكانی ئاشكرا نەكراون. كەسایەتی مرۆڤی ئێمە چ لە روی فكری سایكۆلۆژی یان كۆمەڵناسی یان كلتوریەوە نەخوێنراوەتەوە و رەهەندەكانی رون نەبونەتەوە. ئەو كاریگەریانەی لەسەد ساڵی رابردودا لە ئاستە جیاجیاكاندا كاری لەژیانی ئێمە كردووە، لەتاریكیدایە و روبەرێكی یەكجار كەمی قسەی لەسەر كراوە. من بە پێچەوانەی بەڕێزتانەوە بڕوام بەوە هەیە هێشتا هیچ شتێكی ئەوتۆ نەكراوە بۆ ئەوەی زیاترو باشتر هەم لە كۆمەڵگای خۆمان و هەم لە رابردوی تێبگەین. كاتێك ئەتوانین قسە لە پرۆژەیەكی رەخنەیی بكەین كە توانیبێتمان زیاد لە بوارێكدا زیاد لە

لێكۆڵینەوە و لێكدانەوەمان بۆ ئاستە جیا جیاكانی ژیانی كۆمەڵگای خۆمان هەبێت. وەك چەندینجاری تریش نوسیومە كتێبخانەی كوردی فەقیرترین كتێبخانەی دنیایە و كەرەسەكانی بەشی ئەوە ناكەن وێنەیەكی هەرچەند تەماویش لە جیهانی ئێمە پیشانبدەن.

دیارە هۆكار گەلێك زۆر بۆ ئەم فەقیریە هەیە كە لەپێش هەموویانەوە دۆخی سیاسی كوردستانە. ئێمە تا هەنوكەش پرسی ئازادی ئەژین و لە ململانێیەكی گەورەداین بۆئەوەی لانیكەمی ئەو دەستكەوتە سیاسیانەی لەراپەرینەوە بەدەستهاتون بپارێزین. پرسی دروستنەبونەوەی ستەمكاری بۆتە سەردێڕی بیركردنەوەی زوربەمان و هەموو وزە و بیركردنەوەی بە خۆیەوە خەریك كردووە. بەڕاستیش ئەم ململانێ و پرسە ئەوەندە چارەنوسساز و گرنگە كە پێش هەموو پرسەكانی تر ئەكەوێت. ئەم پرسە لانیكەم رایكێشاوین بۆ ئەوەی بڕێكی زۆر لەسەر ئەو بنەما و لایەنەنانە قسەبكەین كە ئەبێتە هۆی دروستبونی ستەمكاری، بەشێك لەو میكانیزمانە ئاشكرا بكەین، كە بەرەو ستەمكاری و دوبارەكردنەوەی رژێمە داخراەكانمان ئەبات. ئەوەی رەنگە بەشێوەیەكی چڕو كاریگەر كارمان لەسەر كردبێت و خەڵكی بە وردی پێی گەیشتبێت تێگەیشتنە لەهۆكارەكانی خراپی سیستەمی سیاسی كوردستان و ئەو شتانەی ئەبێت لەم سیستەمەدا بگۆڕێن بۆئەوەی بە ستەمكاری نەگەن. رەنگە شتێك كە بەشێوەیەكی كەم تازۆر كرابێت و جێگەی دڵخۆشی بێت ئەوە بێت  هوشیاری ئینسانی ئێمە بە رێگەكانی ستەمكاری گەورەتر بووە، و ئەم هوشیاریەش بەرەو بەرەنگاری و رێگەگرتن لە ستەمكاری هانی داون. جۆرێك لە حەزی ئازادی و بەرگریكردن لە دەستكەوتەكانی راپەڕین كە لەهەمویان لەپێشتر ئازادی بیرورا و فرەییە،

دروستبووه کە  وزەی بە برێکی زۆری خەڵك داوە بۆ ئەوەی قسە لە ماف و ئازادیەکانیان بکەن و دژی هەموو ئەو هەنگاو و بڕیارانە هەڵوێست وەربگرن کە بۆنی گەڕانەوەیان لێدێت بۆ ستەمکاری. بەڵام ئەگەر هوشیاری سیاسی ئێمە گەورەتر بووە، ئەوا بەهیچ شێوەیەك هوشیاری ئێمە بەرامبەر ئینسانی ئێمە، بەرامبەر بە کلتور و رەهەندەکانی، دین و شێوازەکانی دەرکەوتن و کارکردنی، سایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتی ئێمە و گرێکانی، پێکهاتەی کۆمەڵگای ئێمە و دابو نەریتەکانی، کاریگەریەکانی هەموو ئەمانەش لەسەر شێوەی بیرکردنەوە و بڕیاردانی ئینسانی ئێمە، لەتاریکیدایە. هەموو ئەمانە روبەرێکی یەکجار گەورەی نەزانراون کە ئەم نەزانراویەش بێگومان دەوری هەیە لەوەی بەدروستی ئەو رێگە و شێوازو هەنگاوانە نەدۆزینەوە کە وردتر وە کاریگەرتر کار لەسەر ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیمان ئەکەن. نەزانین گوناه نیە، بەڵام بێگومان هەمیشە باجی گەورەی هەیە و بیَ زیان تێناپەڕێت.

**پ2/ لەپاڵ ئەو ڕەخنە جدیانەی کۆمەڵێك رۆشنبیر لە رێگەی نوسین و وتارەکانیانەوە بڵاویدەکەنەوە، تۆ پێتوایە ئەو نەزیفە نوسینەی لەلایەن قەلەمبەدەستەکانی حزبەوە بڵاودەکرێتەوە توانا و هێزی باوەرهێنانیان هەبێت کەلە هێز و کاریگەری ڕەخنە جدیەکان کەمبکاتەوە؟ ئاسۆکانی ئەم ڕەخنەگرتنە چۆن دەبینیتەوە؟**

***رێبین هەردی*** : وەڵام: ئەدەبیاتی حیزبی ئێمە وەك ئەدەبیاتی زۆرێك لە حیزبە داخراوەکانی دنیا بیر ئەچێتەوە و ئەبێت بە ژێر مێژوەوە. ئێستا چەند ئەو نوسەر و نوسینانەمان لەیادە کە بە شان و شەوکەتی هێزە داخراوو ستەمکاراکانە هەڵدراون، هەر ئەوەندەش ئەو نوسینانەمان لەیاد

ئەبێت کە بەسەر حیزب و دەستکەوت و گەورەیی سەرکردەکاندا هەڵدراون. بەشێکی زۆر لە ئەدەبیاتی حیزبی ئێمە پشت بە تەلقین ئەبەستێت، شتێك بەهەزاران شێوەی جیاواز لەچەندان کەناڵی جیاوازەوە ئەگوترێتەوە بۆ ئەوەی لە بیری خەڵکدا بچەسپێت و ببێت بە بەشێك لە دنیابینی ئینسانی ئێمە. سیاسەتی هەڵواسینی وێنەی سەرکردەکان لە شوێنە گشتی و فەرمیەکاندا ئەچێتە ئەم خانەیەوە. واتە بە مانایەکی تر بیرۆکەی داگیرکردنی هوشیاری ئینسانی ئێمە لەرێگەی تەلقین و پیاهەڵدانەوە ئامانجی سەرەکی ئەم نوسینە حیزبیانەیە. بەڵام خۆشبەختانە هەمیشە و هەموو کات لەپاڵ ئەم نوسین و قەڵەمە مەتحکەرانەدا، نوسین و قەڵەمی ترمان هەبووە کە جۆرێکی تر بیری کردۆتەوە و بەدیدکی رەخنەییەوە بەگژ هەموو ئەم کلتورە لە نوسین، لە سیاسەت، لە دەسەڵاتدارێتیدا چۆتەوە کە بە هەموو شێوازە جیاوازەکانیەوە ئەمانبنەوە سەر هەمان دەرئەنجام: ستەمکاری.

پێموایە ئێستا شتەکان زۆر رون و ئاشکران و زیرەکیەکی زۆری ناوێت بۆئەوەی ببینین: ئەو کەسانەی بەرژەوەندیان لەم باڵادەستی ئەمجۆرە سیاسەتو حوکمڕانیەدا هەیە بەهەموو شێوازێك بەرگری لە مانەوەو بەردەوامی ئەکەن، و ئەوانەش کە خەون بە جیهانێکی دادپەروەرانەتر و ئازادانەترەوە ئەبینن، وەك یەك بونیان هەیە. ریزبەندیەك دروستبووە کە رۆژ بە رۆژ سیماکانی دیارترو تۆختر ئەبێتەوە لەنێوان کەسانێکدا بەرگری لە بەردەوامی و درێژەدان بەدۆخێك ئەکەن کە تیاییدا بێ نرخترین شت ئینسان و ونترین بەها دادپەروەریە و کەسانێکیش هەوڵێکی بێوچان ئەدەن بۆئەوەی سیستەمێك بێتە ئاراوە گەورترین بەها تیایدا ئینسان و دادەپەروەریو ئازادی بێت. داهاتوی ئەم ململانێیە وەك هەمیشە بە قازانجی هێزە

ئازادیخوازەکان کۆتایی دێت نەك لەبەرئەوەی ئەم هێزە ئێستا لە کوردستاندا زۆر گەورە و بەهێزە، بەڵکو لەبەرئەوەی ئەم ساتەوەختەی ئێستا بەو ئالۆزیانەوە کە لە کۆمەڵگای کوردیدا هەیە، جێگەیەك بۆ خەونی ستەمکاری نیە. بینەرانی ئەم خەونە ئەتوانن و لەدەستیان دێت ئازارێکی زۆری خەڵکی ئێمە بدەن‌و رەوشی سیاسی ئالۆزبکەن و ساڵانێك دوامان بخەن، بەڵام هیچ گومانم نیە درەنگ یان زوو هەموو هێزەکانی کوردستان بەو راستیە ئەگەن رێگەیەك نیە لەبەردەمیاندا کرانەوەو پێکەوەژیان و قبوڵکردنی رێساکانی دیموکراسی نەبێت. رێگەیەك نیە جگە لەوەی واز لەوە بێنن بیانەوێت خۆیان بە تەنیا حوکمڕانی تاك و تەنیا بن و ناچار بن قبوڵی دانوستان بکەن و واز لە خەونی کۆنتڕۆڵکردنی کۆمەڵگا بێنن.

ئاسۆی ئەو رەخنانە لای من روناکە و دواجار ئەم هێزە سیاسیانەی کوردستان ئەبێت و ناچار ئەبن تێبگەن رێگەیەك لەبەردەمیاندا نیە، رێزگرتن‌و پێکەوە کارکردن و گوێ لێگرتن لەیەك نەبێت، هیچیان لەبەردەمدا نیە رێزگرتن لە ئینسانی ئێمە و مافەکانی نەبێت. تا ئەمەش روونەدات ململانێ لەنێوان ئەم دوو لایەنەدا بەردەوام ئەبێت.

پ3/دەمەوێت پرسیارەکەم بە بابەتێکی ترەوە گرێبدەم، بۆ ئەوەش سود لەسەرنجێکی محمد ئارگون دەبینم، ئارگون لە کتێبی (الاسلام الأخلاق و السیاسە)، ئاماژە بەوە دەدات کە، ئەمرۆ پارێزگاریکردن لە خەلافەتی ئیسلامی هیچ مانایەکی نییە، لای کەسیش مقنع نییە، بەڵام لەمرۆبەدواوە نابێت ئەو تێروانینە ئاینیەی رەوانبێژە کلاسیکیەکان خولقاندویانە لەبەرچاومان پەردەپۆشبکرێت، کە خەسڵەتێکی دونیایی رووتی هەیە بۆ

دەسەڵاتی سیاسی لە ئیسلامدا..چۆن بەدەستدێت و چۆنیش مومارەسەدەكرێت، دواتر دەگاتە ئەوەی بڵێت ئامانج لەمە، كرانەوەی فكری عەرەبی_ئیسلامییە لەسەر بنەمای فەلسەفە و وەزیفەی یاسایی و رۆشنبیری علمانی، تۆ پێتوایە كایەكانی سیاسەت و رۆشنبیری كوردی لەسەر بنەمای فەلسەفە و وەزیفەی یاسایی و رۆشنبیری علمانی، كرانەوەی بەخۆوە بینی بێت؟ دواتر ئارگون ئاماژە بە بۆچونێكی علی عبدالرزاق دەدات كەناوبراو پێشتر رایگەیاندووە، دامەزراوەی خەلافەت لەلایەن رەوانبێژەكانەوە تەقدیسكراوە، كەلە خۆیدا هیچ قودسیەتێكی نەبووە، نەلە دروستبوونیدا نەلە جەرەیانی مێژوویدا و نەلە راڤەكاریدا، ئەم سەرنجانەی ئارگۆن لەوەدا چردەكەمەوە

كە: ئەزموونی دەسەڵاتدارێتی كوردی، ئەزمونێكە هێشتا ئەو رۆحەی تێدایە قەناعەت بە تۆ بكات كە دەبێت هەموومان پارێزگاری لێبكەین وەك كیانێكی تەقدیسكراو، پاشان چ فاسیلەیەك یان رووبەرێك هەیە لە نێوان پارێزگاریكردن لە ئەزموونەكە و ڕەخنەگرتندا لە ئەزموونی دەسەڵاتدارێتی كوردی؟

***رێبین هەردی*** : وەڵام: كێشەی سەرەكی ئەوەیە زۆربەی هێزەكانی كوردستان و بەتایبەتی هێزە كاریگەرو باڵادەستەكانی كوردستان ئەوەیە هەموو كوردستان و بەرژوەندیەكانیان كورتكردۆتەوە بۆ حیزب و بەرژەوەندیەكانی. یەكسانكردنێكی كۆمەڵگا هەیە بە حیزب و سەركردەكانی. خەونی سەپاندنی موقەدەسەكانی حیزب بەسەر سەرجەم كۆمەڵگای كوردیدا، ئەو خەونە ترسناكەیە كە هەمیشە كوردستان لە لێواری مەترسی و پەشێویدا ئەهێنێتەوە. چونكە لەسەردەمێكدا ئەژین كە فرەیی، جیاوازی، و

تێكشكانی یەكڕەنگی لە سیما سەرەكیەكانێتی. ئەم فرەییە ئەمڕۆ تەنها بەرهەمی دیدی جیاوازی پێكهاتە كۆمەڵایەتیە جیاوازەكانی كوردستان نیە، تەنها بەرهەمی روانینی جیاوازی پێگەی جیاوازی چینایەتی نیە كە ماركسیەكان ئەیانگوت، بەڵكو لە هەمانكاتدا بەرهەمی سەردەمی پەیوەندی خێرا و گواستنەوەی خیبرە، و ئەزمونو جیهانبینیە لەنێوان بەشە جیاوازەكانی جیهاندا. ئەمڕۆ تەنها پارچەكانی كلتوری خۆماڵیو فرەیی ناوخۆ جیاوازی دروست ناكات، بەڵكو لێشاوی ئەو وێنەو وێنایەش دروستی ئەكات، كە لە زیاد لە ناوچەیەكی جیهانەوە ئەكەونە بەر هوشیاری ئینسانی ئێمە. ئەمەوێت بڵێم گەورەبونی دەرگاكانی پەیوەندی، كرانەوە بەسەر جیهاندا، هورژمی وێنەی جیاوازی دنیا كاریگەری راستەوخۆیان لە هوشیاری ئینسانی ئێمە كردووەو وایان لێكردووە لەژێر كاریگەری جیاوازو هەمەڕەنگدا بن. لەبەر هەموو ئەمانە هەموو هەوڵێك یان تەنانەت بیركردنەوە لە ئەنجامدانی هەوڵێك بۆ ناچاركردنی ئەم كۆمەڵگا فرە رەنگ و جیاواز و هەمەجۆرە، بۆئەوەی هەمووی یەك رەنگ و یەك جۆر و یەك دەنگی هەبێت، كۆمەڵگای كوردی توشی پەشێوی و ئاڵۆزی و گرژی یەكجار گەورە ئەكاتو بگرە لە لێواری شەڕو پێكدادان نزیكی ئەكاتەوە. ئەمڕۆ و بەتایبەتی لەم سەردەمەدا هیچ دەرفەتێك بۆ خەونی تۆتالیتارانە نەماوە. بێگومان ئەمە بە مانای ئەوە نیە ئەوانەی ئەم خەونەیان هەیە هیچیان پێناكرێتو ناتوانن زیانی گەورەو بچوك لە ژیانی سیاسی و كۆمەڵایەتی ئێمە بدەن، بە پێچەوانەوە...وەك وتم ئەشێت ئەوانەی ئەم خەونەیان هەیە سەدەیەك كۆمەڵگای كوردی بەرنە دواوە و توشی چەندان تەنگژەی سیاسیو كۆمەڵایەتی و نەبونی ئاسایش و ئارامی بكەن. بەڵام لە دوا چركەدا ئەم

خەونە نەك هەر سەركەوتن بەدەستناهێنێت، بەڵكو لەگەڵ خۆشیدا ئەو هێزەش ئەكوژێت كە جورئەتی كردووە ئەم خەونە ترسناكە ببینێت.
هەستئەكەم تا سیاسەتی كوردیش لەم خەونە تۆتالیتاریە رزگاری نەبێت، لەو خەونە رزگاری نەبێت كە هەوڵئەدات مێژووو موقەدەساتی كۆمەڵگا كورتبكاتەوە بۆ موقەدەس و مێژووی حیزب و سەركردەكەی، بواری سیاسی كوردستان دۆخێكی تەندورستو هێمن و ئارام ناژی.

پ4/ لە پێشەكی كتێبەكەیدا دانیال برومبرگ دەنوسێت(لە 3 نۆفمبری 1996 لە یەكێتی بۆسنای كرواتی یەكەمین هەڵبژاردنی ئازادانە ئەنجامدرا.....پێش شەری ناوخۆ لە یوگسلافیا پردی ناسراوی شارەكە"ستاری موست" كەلە ساڵی 1566دا بونیادنرابوو، ببوە هێمای كلتوری فرەیی لە موستار، بەڵام لە ماوەی شەرەكەدا لە خوێن هەڵكشا، لەگەڵیا هەموو هیواكانی گونجاندنی نێوان ئیتنكیەكان كۆتایی هات، دەنگدەران هیواخوازبوون ئەو هەڵبژاردنە ببێتە هەنگاوی یەكەم بۆ گەرانەوەی سەرلەنوێ بیناكردنەوەی پردی پەیوەندی سیاسی لە شارەكەیاندا، ...ئەم هیوایەیان نەهاتەدی، هەردووی حزبی سەرەكی كە كێبركێیان بووە لەسەر كورسیەكانی ئەنجومەنی ناوچەیی شارەی موستار...لەرێگەی توندوتیژی و ترساندنەوە ....توانیان سەرجەم دەنگە ئەقلانیەكان بێدەنگ بكەن) ئەم باسەم بۆ ئەوەبوو، داخۆ لەروی بابەتیەوە نزیكییەك هەیە لەگەڵ ئەزموونی ئێمەدا؟ مەبەستمە بڵێم فرەیی بەهۆی دوو هێزە سەرەكیەكەوە لەبەردەم مەترسیدایە، هەڵبژرادنەكان بەهۆی ترساندن و توندوتیژی و تەزویرەوە مانا راستەقینەكەی دیموكراسی لەدەستداوە، هەروەك هیوایەك شك نابرێت تا ئەم دوو هێزە رووبەرەكانی ئازادی فراوان

بکەن، تۆ لەم چوارچێوە گشتیەدا، ئەزموون هەردوو هەڵبژاردنی 7/25 و 3/7 لە سایەی بوونی ئۆپوزیسۆنێکی کارا چۆ دەبینیتەوە؟ ئایا ئێمە دەتوانین ئازادانە بیر لە فرەییەکی تەندروست بکەینەوە؟

***رێبین هەردی*** : رەنگە لە مێژووی کوردستاندا هیچ رێکەوتنامەیەك هێندەی رێکەوتنامەی ستراتیژی یەکێتی و پارتی زیانی بە ژیانی سیاسی کوردستان نەگەیاندبێت. هەندێکجار هەستئەکەم مەترسیەکانی ئەم رێکەوتنە، تەنانەت لە مەترسیەکانی شەڕی ناوخۆدا بوو. ئەم رێکەوتنە هەموو رۆحێکی ململانێ و کێبەرکێی کوشت و هەموو بەشداریەکی راستەقینەی خەڵکی لە ژیانی سیاسیدا کوشت و بڕیاری سیاسی لە کوردستاندا کورتکردەوە بۆ بڕیار و بیرکردنەوەی گروپێکی بچوك کە لە ژورێکی داخراو و نهێنیدا شتەکان لەنێوان خۆیاندا بەش ئەکەن. ئەم بەشکردنە جۆرێك لە نزیکبونەوەی دنیابینی لە دوو هێزەکەدا دروستکرد کە لە مێژووی ململانێی ئەم دوو حیزبەدا بێوێنەیە.

بەڵام خۆشبەختانە دروستبونی بزوتنەوەی گۆڕان بارودۆخەکەی بەشێوەیەکی سەرەکی گۆڕیو رۆحی ململانێی گەڕانەوە بۆ بواری سیاسی و بەمەش بازنەی بەشداری لە بڕیاری سیاسیدا گەورەتر کرد. ئەمڕۆ کوردستان لەبری دوو هێز سێ هێزی سەرەکی تێدایەو ئەم ریزبەندیە تازەیەش توانای وتوێژو موبادەرە فروانتر ئەکات. راستە ئێستا و رەنکە تا داهاتویەکی نزیکیش ئەم پەیوەندیە پڕ بێت لە گرژیو لێکتێنەگەیشتنو بەدگومانی، بەڵام هیوایەکی گەورەم هەیە داهاتوی ئەم پەیوەندیە نەرم و هێمن بێت و رێگەی دیالۆگ و لێك تێگەیشتن لە نێوانیاندا دروست ببێ.

بێگومان تەزویر یەکێکە لە گرفتەکانی زوربەی هەڵبژاردنەکانی ئەم ناوچەیە. رێگەیەکی کۆنکرێتیش شك نابەم بۆ ئەوەی رێگەی لێبگرێت، تەنها بەشداری

فراوانی خەڵكی نەبێت لە هەڵبژاردندا. هەستئەكەم تا رێژەی بەداری خەڵك لە هەڵبژاردنەكاندا زۆرتر بێت، ئەگەر و تواناكانی تەزویر كەم ببێتەوە. هەستئەكەم نا هوشیاری سیاسی خەڵكی ئێمە فروانتر بێت، باشتر و وردتر لە گرنگی مافی دەنگدان‌و نرخی دەنگی تێبگات، كەمتر ئەتوانرێت تەزویر بكرێت. بەڵام تەنانەت گەر ئەمەش نەكرێت بڕوام بەوە هەیە تەزویر ئەتوانێت چەند كورسیەك كەم یان زیاد بكات، بەڵام ئەستەمە بتوانێت هێزێكی سیاسی لە ئەڵقەی ململانێكە بخاتە دەرەوە.

پ5/ پرسیارێك كە مەبەستمە لە بەرێزتی بكەم، پێت وایە هێزە كۆمەڵایەتیەكانی كۆمەڵگای كوردی دەتوانن كێبركێ لەگەڵ هێزە سیاسیە باڵادەستەكاندا بكەن، لە پێناو سەپاندن وچەسپاندنی كۆمەڵێك چەمكی وەك دیموكراسی و مافی بەشداری سیاسی و ئازادی؟ ئەگەر وەڵامەكەت ئەرێنیە ! كۆی ئەم ململانێیە چۆن بەرێوەدەچێت؟

***رێبین هەردی*** : هەر ئێستا ئەتوانیت ئەو ململانێیە ببینیت. ئەتوانیت ئەوە ببینیت چۆن هاتنە سەر شەقام و ناڕازایی دەربڕین ئەتوانێت كاریگەر بێت‌و هێزە سیاسیەكان لەم بڕیار یان ئەو بڕیار پەشیمان بكاتەوە. ئەمڕو لەهەموو كاتێك زیاتر ئەو راستیە بۆ خەڵكی ئێمە دەركەوتووە كە بەكارهێنانی شێوازە یاسایی و رێگە پێدراوەكانی مافی ناڕەزایی، چەند ئەتوانێت لە هەموو شێوازەكانی دی كاریگەر بێت‌و هیچ زیانێكیش نە بە ئەزمونەكە و نە بە ئاسایشی هەرێم بگەیەنێت. ئەمڕۆ لە هەموو كاتێكی تر زیاتر هەست بەوە ئەكرێت خەڵكی زیاترو گەورەتر لە جاران بەشدارن لە ژیانی سیاسیدا و كاریگەری گەورە و بچوكیشیان لەسەر رەوتی روداو و بڕیارەكان هەیە.

هەستئەکەم ئێمە لەبەردەم یەك هەڵبژاردنداین کە دووهەمی نیە: رێگە مەدەنیەکانی گۆڕانکاری و سوربون لەسەری. جورئەتی قسەکردن و نوسین و رخنەگرتنو نەترسان. فشاری بەردەوام بۆ نەهێشتنی هیچ هەڵە یان ستەم یان تاوانێکی گەورە یان بچوك.

ئەبێت هەمووماں ئەوە بزانین کە هەموو دەنگ یان جوڵەیەك چەند بچوکیش بێت بەشی خۆی کاریگەری بەجێ دێڵێت.

پ6/ رودنی سموللا دەنوسێت"قسەکردنی ئازادانە بریتیە لە باشترین کەرەستەی خود فەرمانڕەوایەتیکردن لە کۆمەڵگای دیموکراسیدا" تۆ چۆن پەیوەندی دیموکراسیەت بە ئازادیەوە گرێدەدەیتەوە؟ ئایا دیموکراسیەت بوونی هەیە بەبێ ئازادی؟

رێبین هەردی : یەکێك لە بیریارەکان کە پێناسی کۆمەڵگای دیموکراسی ئەکات ئەڵێ "ئەو کۆمەڵگایەیە کە قسە ئەکات" بەبێ ئازادی قسەکردن هیچ دیموکراسیەتێك بوونی نیە.دیموکراسیەت تەنها بەشداریکردن نیە لە هەڵبژاردندا، بەڵکو ئەوەشە خەڵکی بەشێوەیەکی بەردەوام توانای قسەکردن و را دەربڕینو رەخنەگرتنیان لەسەر سەرجەم ئەو شتانە هەبێت کە پەیوەندی بە چارەنوس و شێوەی بەڕێوەبردنی ژیانی خۆیانەوە هەیە. دیموکراسی سیستەمێکی سیاسیە کە رێگە بە بەشداری سیاسی هاولاتیان ئەدات‌و ئەم بەشداریەش بەبێ ئازادی، بەبێ نەبونی هیچ رێگرێك، رونادات. بەشدار خەڵکیش بەبێ قسەکردن‌و لێدوان و رخنەگرتن‌و سکالا ئاشکراکردن روو نادات. قسەکردن هەموو هوشیاری سیاسی ئینسانی ئێمە ئەباتە سەرێ، هەم دەسەلاتداران وا لێئەکات لەبری جارێك دە جار بیر بکەنەوە پێش ئەوەی هەنگاوێك بنێن.

تا ئازادی گەورەتر بێت، رۆحی بەرپرسیاری هەم لە هاولاَتی و هەم دەسەلاَتداراندا زیاتر ئەبێت. چونکە هاولاَتیان لە فەزایەکی ئازادا رەخنە و نارشازیبونی خۆیان ناشارنەوە و ئاشکرای ئەکەن و دەسەلاَتدارانیش بۆ رازیکردنی خەڵکی ناچارن پەنا بۆ قەناعەت پێکردن، نەك ترساندن و تۆقاندن بێنن.

**ئامادەکردن و دارِشتنی پرسیارەکان: مەریوان عەلی**

## گەران بە شوێن مانای ئازادی
## د.دانا سعید سۆفی، لەبەردەم ئەو پرسیارانەی دەخوازێ لە دیدێکی جیاوازەوە شرۆڤەی چەمكی ئازادی بكرێت

***پ1/ بۆ ئەوەی لەو پرسیارە سەرەتاییە دەربازبین كە ئازادی چییە؟ با لەو سەرنجەی جان جاك رۆسۆوە دەستپێ بكەین، رۆسۆ لە پەیمانی كۆمەڵایەتیەكەیدا دەنوسێ"مرۆڤ بە ئازادی لەدایكدەبێت، بەڵام هەر زوو كۆت و بەند دەكرێت لە هەموو لایەكەوە، چۆن ئەم گۆڕانە روویدا؟ نازانم چی وایكردووە ئەم بارودۆخە رەوایەتی هەبێت؟" هەرچی پەیوەندی بە مێژووی سیاسی ئێمەوە هەیە، مێژوویەكە خەڵتانی خوێنە لە پێناو ئازادیدا، چی وادەكات رەوایەتی بدرێت بە هەر جۆرە پاشەكشێیەك لە ئازادی؟***

د. دانا سعید: پەیمانی كۆمەڵایەتی خۆی لە خۆیدا، هەم بەپێی ڤێرشنی رۆسۆ و هەم بەپێی ڤێرشنی تۆماس هۆبز، واتای دەستبەرداربوونی تاكەكانی كۆمەڵە لە هەندێ لە ئازادی و مافەكانیان بۆ دەسەڵاتێك لەسەرووی خۆیان یان بۆ ویستی گشتی بۆ ئەوەی ژیانی تاكەكان رێكبخرێت. بەواتایەكی دیكە مرۆڤەكان بۆ ئەوەی بەرژەوەندی خۆیان بپارێزن و دوور بكەونەوە لە شەڕ و خراپەكاری بەرامبەر یەكتر، ناچارن دەسەڵاتێكی زۆر ببەخشنە كەسایەتییەك یان چەند كەسایەتییەكی مەعنەوی كە لەرێی چەند دامودەزگایەكەوە ئەو دەسەڵاتەی پێیان دراوە پیادەی دەكەن، بێگومان

بەگوێرەی ئەو پەیمانە كۆمەڵایەتییەی كە لەیاساكانی هەر وڵاتێك رەنگ دەداتەوە. ئەو كەس و دامودەزگایانەی كە بەگوێرەی پەیمانی كۆمەڵایەتی دەسەڵاتی رێكخستنی ژیانی تاكەكانی كۆمەڵ وەردەگرن، مەرج نییە راستەوخۆ لەلایەن تاكەكانی كۆمەڵەوە متمانەو رەوایەتییان پێببەخشرێ، زۆرجار ئەو كەس و دامودەزگایانە خۆیان دەسەپێنن یان رەوایەتی بەدەست دێنن. دروستبوونی كۆمەڵگا و دەوڵەت كۆمەڵێ كۆتوبەند و سنور بۆ ئازادییەكانی تاك دادەنێ. ئەگەر پێمانوابێ كە مرۆڤ بە ئازادی لەدایك دەبێ، ئەوا دواتر لەنێو كۆمەڵگادا ئەو ئازادییە دادەڕێژرێتەوە، دواتر نورمە كۆمەڵاتییەكان، كە دەتوانرێ وەك بەرهەمی پەیمانی كۆمەڵایەتی تەماشایان بكرێ، سنور بۆ ئازادییە سروشتییەكانی تاك دادەنێن. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پرسیارەكەی رۆسۆ، بۆچی مرۆڤە ئازادەكان دوچاری كۆتوبەند دەبن دواتر؟ بە تێگەیشتنی من رۆسۆ هۆكارە سەرەكییەكە دەگێڕێتەوە بۆ پەیدابوونی ماڤی مولكدارێتی، واتە ئەوكاتەی كە یەكەم مرۆڤ دێ و ئاماژە بە پارچە زەویەك دەكاو دەڵێ ئەمە هی منە و ئێمەش باوەڕی پێدەكەین و رەوایەتی پێدەدەین، ئیدی لێرەوە نەهامەتی و كۆتوبەندەكان دروست دەبن.

سەبارەت بە مێژووی سیاسی كوردستان كە بریتی بووە لە خەبات بۆ وەدەستهێنانی ئازادی، بەڵام چی وادەكات كە رەوایەتی بە پاشەكشێ لەو ئازادیە بدرێ؟ دەتوانم بڵێم كە هەر دیاردەیەكی سۆسیۆسیاسی بەشێوەی جیاواز رەوایەتی وەردەگرێ. بۆ نمونە دەكرێ سپاردنی دەسەڵاتێكی لەرادەبەدەر بە كەسایەتییەكی یان چەند كەسایەتییەكی كاریزمایی مەودای ئازادییەكانی تاك كەم بكاتەوە، جا ئەم تەمەركوزی دەسەڵاتە لای كەسی كاریزمایی بەشێوەیەكی ئارەزومەندانە یان بەزۆرەملێ رەوایەتی وەرگرتبێ“

دیارە كەسایەتی كاریزمایی ئەگەر سەرچاوەیەكی فراوانی دەسەڵاتی لەبەردەست دابێ، بە ئیحتیمالی زۆر رەنگە رۆڵی دیكتاتۆرێك پیادە بكات ئەگەر مەبەست تیایدا سەركوت كردنیش نەبێ، واتە كەسی كاریزمایی دەسەڵاتدار بیەوێ و نەیەوێ رۆڵی دیكتاتۆرێك وازی دەكات و شەرعییەتیش لەو سەرچاوە بەرفراوانە وەردەگرێ كە لەبەردەستی دایە، لایەنێكی دیكەی پاشەكشێی ئازادییەكان لە پەیوەندی لەگەڵ كەسی كاریزمایی دا دەگەڕێتەوە بۆ ویست و پێویستی راكردن لە بەرپرسیارێتی و ئازادی وەك خەسڵەتێك لای تاكەكانی كۆمەڵ وەك ئەوەی كە ئێریش فرۆم باسی دەكات، واتە بێجگە لە پەیمانی كۆمەڵایەتی و بوونی كەسایەتی كاریزمایی كە دەبنە هۆی سنورداركردنی ئازادییەكانی تاك لە كۆمەڵ دا، پێویستییەكی دەرونیش لای تاكەكان هەیە بۆ دووركەوتنەوە لە ئازادی. بەرتەسك بوونەوەی یان پاشەكشێی ئازادییەكان دەكرێ لەژێر ناوی پیادەكردنی یاساكانەوە لەلایەن دامودەزگاكانی وڵاتەوە ئەنجام بدرێ" رۆڵی یاساكان لە بەرتەسك كردنەوەی ئازادییەكان دەكرێ دوولایەنە بێ، بۆ نمونە دەكرێ یاساكان لەگەوهەردا هاوسەنگی نێوان ماف و ئازادی و سنورەكانیان پاراستبێ، بەڵام لە پیادەكردنی لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێكردنەوە خراپ بەكاربێ و قورسایی بخرێتە سەر سنورداركردن. یاسای باش دەتوانرێ لەلایەن دامودەزگای باشەوە بەباشی جێبەجێ بكرێ. لایەنی دووەم ئەوەیە كە یاساكان لە بنەڕەتدا ناهاوسەنگن بەو مانایەی كە دەسەلاتێكی فراوانی داوە بە ئەوتۆریتێت و ناڕوونن بۆیە دەبنە هۆی سنورداركردنی ئازادییەكان.

لە كوردستان هەم لەرێی رەوایەتی كاریزمایی هەم لەرێی رەوایەتی یاسایی كاریگەری نێگەتیڤ خراوەتە سەر رەوشی ئازادی. لە كولتور و ژیانی

ڕۆژانەی كۆمەڵگای كوردستانی دا پانتاییەكی فراوان بۆ كەسایەتی كاریزمایی هەیە، ئەمەش بەهۆی غیابی عەقڵانییەتی یاسایی وەك ڕەگەزێكی بنەمایی ئەو كولتورە، بێگومان نەریتی باویش ڕەوایەتی كاریزمایی بەهێزتر كردووە. كەم حیزبی دامەزراو هەیە لە كوردستان كە كەسایەتییەك یان چەند كەسایەتییەكی كاریزمایی دەسەڵاتداری لەپشتەوە نەبێ، كەدواتر تارماییان بەسەر تەواوی دامودەزگاكانی وڵاتەوە درێژبۆتەوە. مۆدێلی ڕەوایەتی كاریزمایی بواری ڕۆشنبیری و كولتوریشی گرتۆتەوە، گۆڤار و ڕۆژنامەو تەلەفزیۆنەكان بەشدارن لە بەرهەمهێنانی كەسایەتی كاریزمایی و ڕەواج دان بە مۆدێلی كاریزمایی لەبری عەقلانییەتی یاسایی. هەردوو لایەنی نێگەتیڤی یاساییش لەكوردستان كاریگەری خۆیان بەسەر ڕەوشی ئازادی بەجێ هێشتووە، زۆر یاسا هەیە لە كوردستان كە بە مەبەستی ڕێكخستنی ماف و ئازادییەكان دەرچویندراون، بەڵام كەم تا زۆر ناهاوسەنگییان پێوە دیارە، بۆ نمونە نارونیی و ئاڵۆزییەك لە یاساكانی تایبەت بە ڕۆژنامەگەری، خۆپیشاندان و باری كەسییەوە هەیە كە بواری بۆ خراپ بەكارهێنان بەجێ هێشتووە، ئەمە بێجگە لەوەی كە خودی دامودەزگاكانیش یاساكان بە دیوە پۆزەتیڤەكەی جێبەجێ ناكەن، كەوابێ گرفتی سەروەریی یاساش بەشێكە لە پرۆسەی پاشەكشێی ئازادییەكان. گاندی قسەیەكی جوانی هەیە سەبارەت بە یاسا، ئەو پێیوایە كە داڕشتنی یاساكان بۆ سنورداركردنی دەسەڵاتی ڕەهای دەسەڵاتدارانە، بە بڕوای من ئەمە لەكاتێكدا ڕاست دەردەچێ ئەگەر یاساكان هاوسەنگ بن و وەك خۆیان لەلایەن دامەزراوەی عەقڵانییەوە جێبەجێ بكرێن، واتە ئەگەر یاسا سەروەر بێ.

پرسێكی دیكە هەیە سەبارەت بە پارادۆكسی یان دووانەی خەبات كردن بۆ ئازادی و دواتر پاشەكشێ كردن لێی كە مێژووی نوێی سیاسی هەرێمی كوردستان ئاماژەی پێدەكات، ئەوەیە كە لە لێكۆڵینەوەكانی تایبەت بە ناسیۆنالیزم و ململانێی ئیتنیكی پێی دەڵێن گرفتی دەسەلاَتداریی. ئەو پرسە دەتوانم بە نمونەیەك روون بكەمەوە، كەمالیزم لە مێژووی سیاسی توركیا دا سەرەتا بریتی بوو لە بزوتنەوەیەكی ئازادیخوازانە لە دژی هێزو دەسەڵاتی داگیركەری بیانی، بەڵام دوای وەرگرتنی دەسەڵات كەمالیزم دەبێتە هێزێكی سەركوتكەر بەرامبەر بە كەمینە و هێزە دیموكراسیخوازەكانی ناوخۆی توركیا. ئەو بزوتنەوە و شۆڕشانەی كە بە ئامانجی رزگاركردنی گەلێك لە چنگی گەلێكی دی یان دەسەڵاتێكی دەرەكی دروست دەبن، دوای ئەوەی كە خۆیان دەسەڵات دەگرنە دەست دەبنە هۆی پاشەكشێی ئازادی و سەركوتكردن لە ناوخۆدا، واتە رزگاریخوازانەن بەرامبەر بە هێزە دەرەكییەكان و سەركوتكەرانەن بەرامبەر بە هێزە ناوەكییەكان، ئەمەیە گرفتی دەسەڵاتداریی. بێگومان هێزەكانی كە ئەمڕۆ دەسەڵاتیان هەیە لە كوردستان مەسەلەی گرفتی دەسەڵاتداریی بەسەریاندا جێبەجێ دەبێت، ئەو هێزانە رۆژانێك لەدژی داگیركاری بەعسی عەرەبی خەباتیان كردووە بۆ ئازادبوونی گەلێك، بەلاَم دوای وەرگرتنی دەسەڵات دوچاری گرفتی دەسەڵاتداریی بوون، بەو مانایەی كە لەزۆر رووەوە بوونەتە هۆی پاشەكشێ كردن لە ئازادییەكان.

***پ2/ لەو شوێنەی كەمترین قسەلەسەر ئازادی دەكرێت، جیاوازی چیە لەو شوێنەی زۆرترین قسە و وتاف بۆ ئازادی دەكێشرێت؟ ئایا ئێمە بەردەوام پێویستمان بە قسەكردن هەیە لەسەر ئازادی؟***

د. دانا سعید: چەندە قسە لەسەر ئازادی دەكرێت، دەكرێ لێكدانەوەی جیاوازی بۆ بكرێ. زۆر قسەكردن دەكرێ مانای هەوڵدانی ستەملێكراوان بێ بۆ دروستكردنی یان زاڵكردنی گوتاری ئازادی، لە هەمان كاتیشدا دەكرێ مانای بوونی بواری رادەربڕین بێ. كەم قسەكردنیش لەبارەی ئازادی دەكرێ ئاماژە بێ بۆ دوو باری جیاواز، بۆ نمونە نەبوونی بواری ئازادی رادەربڕین، لەلایەكی دیكەوە كاتێ گوتاری ئازادی زاڵدەبێ یان بەدامودەزگایی دەبێ، ئیدی پێویست ناكات زۆر هوتاف بۆ هەڵبكێشرێ لەبەرئەوەی لەكاتی بەدامودەزگایی بوونی ئازادی دا بەشێوەیەكی نەستی و ئۆتۆماتیكیانە لەپەیوەندییە كۆمەڵایەتی و سیاسی، لە پەیوەندییە فەرمی و نافەرمییەكانی رۆژانەی خەڵك و دامودەزگاكان رەنگدەداتەوە، واتە ئازادی دەبێتە عادەتێكی رۆژانە. بەڵام لەبەر ئەوەی ئازادی چەمكێكی رەهاو نەگۆڕ نییە، هەمیشە پێویستە پێناسەی بكەینەوە و لەگەڵ هەلومەرجەكانی سەردەم و كۆمەڵ دا بیگونجێنین. ئێمە كلێشەیەكمان نییە بۆ ئازادی كە بە بەری هەموو سەردەم و كۆمەڵگایەك بكات، بەڵكو دەبێ باس لە ئازادییەك بكەین كە وەڵامدەرەوەی كێشەو گرفتەكانی رۆژانەمان بێ، ئازادییەك كە باس لە رێكخستنی پەیوەندییەكانمان دەكات لەگەڵ تاكەكانی كۆمەڵ و لەگەڵ دامودەزگاكان، ئازادییەك كە نابێتە هۆی تەجاوزكردنە سەر ئازادی ئەوانیتر، بەڵام لە هەمانكاتیشدا بوار بۆ رادەربڕین و مومارەسەكردنی ئیرادەی تاكەكان دەڕەخسێنێ لە چوارچێوەی ئەرك و مافەكانی هاوڵاتیبوون دا. واتە ئازادی راستە وەك گوتارێكی سیاسی دەردەبڕدرێت، بەڵام رەنگدانەوەی لە ژیانی رۆژانەدا بریتییە لە پراكتیكێكی كۆمەڵایەتی. هەلومەرج و پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان گۆڕانیان بەسەر دادێ، بۆیە پێویستە تێڕوانینمان بۆ مانای

ئازادی بگونجێنرێ لەگەڵ هەلومەرجە تازەکان، کەوابێ ئەگەر پێویست بکات دەبێ بێ سڵکردنەوە قسە لەسەر ئازادی بکەین.

ئێمە لەکوردستان لە ناوەندە رۆشنبیری و سیاسییەکان دا زیاتر وەك گوتارێکی سیاسی باس لە ئازادی دەکەین، زۆر کات گوتاری ئازادیمان لە دروشمبازی نزیك دەبێتەوە. ئێمە زۆر بەکەمی باس لە رەنگدانەوەی ئازادی دەکەین لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و رۆژانەییەکانمان، بۆ نمونە تەداخولی گروپ لە کاروبارە تایبەتییەکانی تاك نەخراوەتە ژێر پرسیارەوە، تایبەتمەندییەکانی تاك تا ئێستا لای ئێمە نەبۆتە بابەتی گوتاری ئازادیمان. بەرای من ئازادی سیاسی دەستەجەمعی بەبێ ئازادی بۆ تایبەتمەندییەکانی تاك و پێگەی تاك لەکۆمەڵ دا ناتوانین بە رەهایی ناوی بنێین ئازادی، ئازادی کۆمەڵ ناکامڵە بەبێ ئازادی تاك.

***پ3/ توماس بین پێیوایە کێشەی ژیانی کۆمەڵایەتی لەبنەرەتدا بریتییە لە کێشەی دامەزراندنی حکومەت لەسەر بنەمایەکی راست و ڕەوان، تۆ پێتوایە ئێمە لە کوێی ئەو کێشەیەداین؟ بەرای تۆ بۆ چاوخشاندنەوە و خوێندنەوە ئەو کێشانەی راستەوخۆ پەیوەندیان بە تێگەیشتنی ئێمەوە هەیە بۆ ئازادی، پێویستە لە چ ڕەهەند و گۆشەنیگایەکەوە شرۆڤەی مافی ئازادی بوون بکەین؟***

د. دانا سعید: ئێمە لەسەرەتای ئەو پرۆسەیە داین کە پێی دەڵێن پرۆسەی دروستکردنی دەوڵەت، قەوارەی سیاسی یان بەواتایەکی تر پرۆسەی دروستکردنی نەتەوە. ئەگەر مەبەستت لە حکومەت دامودەزگاکانی وڵات بێ ئەوا بێگومان چۆنیەتی ئەو دامودەزگایانە کاریگەری بنەماییان لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی دەبێ، نەك تەنیا لەبەر ئەوەی کە دامەزراوە و دامودەزگاکان

پەیوەندییە فەرمی و نافەرمییەكانیش رێكدەخەن، بەڵكو بەهۆی ئەوەش كە دامودەزگاكان بەهۆی پابەندكردنی هاوڵاتییان بە رێنماییەكانیان هەڵسوكەوتی تاكەكانیش ئاراستە دەكەن. بڕیار و رێنماییەكانی دامودەزگاكان دەبن بەنۆرمی ژیانی رۆژانەی تاكەكانی كۆمەڵ كە پەیوەندییەكانیان لەسەر بنەمای ئەو نۆرمانە دادەڕێژن. جا بێگومان ئەگەر دامودەزگاكانی حكومەت بە شێوەیەكی عەقلانی دروست نەبووبن و چالاك نەبن لە راهی كردنی ئەركەكانیان، ئەوا رەنگدانەوەی نێگەتیڤی دەبێ لەسەر پەیوەندییە كۆمەلایەتییەكان و دواجار دەبنە هۆی سەرهەڵدانی كێشەی كۆمەلایەتی گەورە. ئەگەر حكومەت ئەركەكانی خۆی چالاكانە و بەدروستی جیبەجێ نەكات، ناتوانین چاوەروانی ئەوەبین كە مومارەسەكردنی ئازادی و مافەكان بەبێ كێشە بەڕێوەبچن. ئازادی تەنیا بریتی نییە لە مافی دامەزراندنی سەندیكا و كۆمەڵە، رێكخراو و حیزب، دەركردنی رۆژنامە و گۆڤار یان رێكخستنی خۆپیشاندان، بەڵكو چۆن مومارەسەكردنی ئەو ماف و ئازادیانەش لە ژیانی رۆژانە و لە پەیوەندییەكانمان رەنگدەداتەوە.

چۆن یان چ میكانیزمێك وادەكات كە ئازادی هەموو تاكەكانی كۆمەڵ لەپراكتیك دا بەریەك نەكەون و رووبەروو و دژ بەیەك نەبنەوە، ئەمەش روانگەیەكە دەبێ لێیەوە لە ئازادی بڕوانین وەكو پراكتیكی رۆژانە. ئەگەر ئێمە تاكەكانی كۆمەڵ ئازادییەكی رەهاشمان هەبێ، دەبێ كۆئۆردیناسیۆنێك یان رێكخەرێك هەبێ بۆ ئەوەی نەهێڵێ ئازادی تاكەكان سنوری یەكتر ببڕن و ببنە مایەی تەجاوزی مافی شەخسی. جا ئەو كۆئۆردیناسیۆنە دەكرێ یاسا، عورف یان نەریتێكی باو بێ كە وامان لێدەكەن سنوری ئازادییەكانمان بناسین و تەجاوزی نەكەین. لێرەوە ئازادی راستەقینە ئازادییەكی ئایدیال

نییە، بەڵكو ئەو ئازادییەیە كە لە پراكتیكی كۆمەڵایەتی و لەپەیوەندی لەگەڵ رێكخەرێكی كۆمەڵایەتییەوە بوونی هەیە. ئەگەر رێكخەرێكی كۆمەڵایەتی لەبابەتی یاسا و عورف و دامەزراوەكان نەبێ ئەوا رووبەرووی ئەنارشییەت دەبینەوە و دەگەڕێینەوە بۆ قۆناغی بەر لە پەیمانی كۆمەڵایەتی، دۆخی جەنگی هەمووان دژی هەمووان بە مانا هۆبزیەكەی. لە دۆخی ئەنارشی و بێ رێكخەری كۆمەڵایەتی دا ئازادی مانای خۆی لەدەست دەدات. من پێموایە ئەو تێگەیشتنەی بیرمەندە ئەنارشیستییەكان كە پێیانوایە ئازادی بێسنوری هەموو مرۆڤەكان دەبێتە هۆی ئازادییەكانی منیش تا ئەوپەڕی فراوانتر بێت، تەنیا روئیایەكی جوانە بەڵام پراكتیكی نییە.

***پ4بەشێكی زۆری چاودێران و روناكبیران لەو باوەڕەدان، پلان و میكانیزمی دارێژراو لە ئارادایە بۆ بەرتەسكردنەوەی رووبەرەكانی ئازادی، تۆ رات چییە لەو بارەیەوە؟ ئەگەر وایە،پرسیارەكە ئەوەیە چۆن میكانیزمەكانی ئەم پاشەكشێیە جێبەجێ دەكرێت؟ رۆڵی دەسەڵات چیە لە جێبەجێكردن و بەرتەسكردنەوەی رووبەرەكانی ئازادی؟ ئایا ئازادی مافێكی دەستبەردانەبوە؟ و سنورەكانی ئازادی بە ئازادی ترەوە گرێ دەدرێت؟***

د. دانا سعید: بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە پێمباشە لەو دابەشكردنەوە دەست پێبكەم كە عادەتەن لە پێناسەكردنی ئازادی دا لە گفتوگۆ فیكرییەكان ئاماژەی پێ دەكرێ، مەبەستم پێناسەكانی ئازادی پۆزەتیڤ و ئازادی نێگەتیڤە كە سەرەتا لەلایەن ئیزایا بێرلین و ئیمانۆیل كانت باسیان لێوە كراوە. ئازادی پۆزەتیڤ كە زیاتر لەلایەن بیرمەندە ئەڵمانی و فەرەنسیەكانەوە وەك هیگل، رۆسۆ، هێردەر و ماركس جەختی لەسەركراوە

هەندێ جار بە ((ئازادی بۆ)) ناوزەد دەكرێت ئاماژە بەو ئیمكانییەت و هەلومەرجانە دەكات كە تاكەكان لە پراكتیك دا هەیانە بۆ ئەوەی بتوانن بە ئازادی هەڵسوكەوت بكەن و ویست و ئارەزووەكانیان بەجێ بگەیەنن. ئازادی نێگەتیڤ كە لەلایەن فەیلەسوفە بەریتانییەكانەوە وەك هۆبز، لۆك و سمیث جەختی لەسەر كراوە هەندێ جار پێشی دەڵێن ((ئازادی لە)) باس لە غیابی كۆتوبەند، سنوربەندی، توندوتیژی و چەوسانەوە دەكات. دیارە هەردوو بۆچوون جێی رەخنەو پرسیارن بەڵام من باسی ئەوە ناكەم، تەنیا ئاماژە بەوە دەدەم كە دەكرێ لەروانگەی ئازادی پۆزەتیڤەوە لە حاڵەتێكدا ئەگەر ویست و ئارەزوویەكی نەگونجاو و نامەعقول ئیمكانی بەجێگەیاندنی نەبێت ئەوا دەتوانین بە نەبوونی ئازادی لێكی بدەینەوە، لەلایەكی دیكەوە ئازادی نێگەتیڤ هەلومەرجە كۆمەڵایەتی و بژێوییەكانی لەبەرچاونەگرتووە بۆ نمونە ئازادی چ مانایەكی هەیە ئەگەر تۆ هیچ چەوسانەوە و توندوتیژییەكت لەسەر نەبێ بەڵام لەبراسان بمریت یان نۆرمێكی كۆمەڵایەتی كۆسپ بێت لەبەردەم مومارەسەكردنی مافەكانت. واتە ئێمە لە ژیانی رۆژانەماندا هەلومەرجی جیاوازمان هەیە بۆ ئەوەی ئیختیارەكانمان هەڵبژێرین و رەفتار بكەین، بەلاَم لە هەمانكاتدا چالاكی و رەفتارەكانمان بە گوێرەی كۆمەڵێ یاسا و بڕیار، كۆمەڵێ نۆرم و نەریتی كۆمەڵایەتییەوە رێكخراون، ئەمە بێجگە لەوەی هەندێ لە رەفتار و ئیختیارەكانمان بە هۆكاری سروشتییەوە سنوردار كراون.

بێگومان دەسەڵاتداران لە هەرێمی كوردستان دەوریان هەیە هەم لە زەمینەسازكردن بۆ تاكەكانی كۆمەڵ بۆ ئەوەی بتوانن ئازادانە هەڵسوكەوت

بکەن هەم لە ڕێگرتن و کۆتوبەند کردنیان، لەبەرئەوەی دەسەڵاتداران لەرێی دامودەزگاکانی حکومەتەوە دەتوانن کەنالیزەی هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی هاوڵاتیان بکەن. ئەمە بێجگە لەوەی کە دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان دەتوانن زیاتر پۆزیشنەکانیان بە قازانجی خۆیان بەکاربهێنن چونکە دامودەزگاکان هێشتا وەك دامەزراوە و بەگوێرەی ڕەوایەتی عەقلانیەتی یاسایی کارناکەن. لە وڵاتێك کە دیموکراسیەت گەشەی نەکردبێ و دامودەزگاکانی بە دامەزراوەیی نەبووبن، دەسەڵاتداران بۆ مانەوەیان لە دەسەلآت هەوڵی سنورداركردنی ئازادییەکان دەدەن. لە هەرێمی کوردستان کۆنترۆڵکردنی دامودەزگاکانی وڵات لەلایەن کاربەدەستە حیزبییەکانەوە هۆکارێکە بۆ بەرتەسککردنەوەی ئازادییەکان. لە هەرێمی کوردستان زیاتر باس لە ئازادی پۆزەتیڤ دەکرێ بەو مانایەی کە باس لە لیستێك لە ئازادییەکان دەکرێ کە تاکەکان بۆیان هەیە، بەلآم لەبەرامبەر ئەوەدا کەمتر باس لە ئازادی نێگەتیڤ دەکرێ بەو مانایەی کە نابێ توندوتیژی بەرامبەر تاکەکانی کۆمەڵ بکرێ، نابێ بچەوسێندرێنەوە و کۆسپ بخرێتە بەردەمیان. بەرای من جەخت کردنە سەر ئازادییە پۆزەتیڤەکان و پشتگوێ خستنی ئازادییە نێگەتیڤەکان لە هەرێمی کوردستان هۆکارێکە بۆ ئەوەی دەسەڵاتداران دەستیان کراوەتر بێ لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ پرسی ئازادییەکان، شێوازی مامەڵەکردنی دەسەڵاتداران لەگەڵ کەیسی ئازادی ڕادەربڕین نمونەیەکی باشە. پێدەچێ بۆ دەسەڵات ئاسانتربێ خۆی لە فەراهەم کردنی ئازادییە پۆزەتیڤەکان بدزێتەوە نەك ئازادییە نێگەتیڤەکان، بۆیە کەمتر بەڵێنی دەستەبەرکردنیان دەدات.

**پ5/ ئەگەر بگەڕێمەوە سەر بۆچونێکی جۆن لوك، کەپێی وایە هەموو ئەو کەسانەی کەلە ڕێگەی یاساوە خوازیارن ئەوەی دەیانەوێت بەدەستی بهێنن، دەنوسێت" ئازادی بوونی نابێت ئەگەر یاسا بوونی نەبێت " ئازادی و یاسا لە کوێی مافە گشتیەکانی هاوڵاتیبوندا رادەوەستێت؟ ئایا یاسا دەتوانێت ببێتە پارێزەری ئازادی؟**

د. دانا سعید: پێموایە پێشتر کەمێ باسی پەیوەندی نێوان ئازادی و یاساکانم کرد. بە کورتی دەتوانم بڵێم لەغیابی یاساکان و رێکخەرەکانی دیکەی کۆمەڵایەتی وەك عورف و نۆرم و دامەزراوەکان کۆمەڵ لە دۆخێکی ئەنارشی و فەوزادا دەبێ، لە دۆخێکی ئەنارشی دا دەکرێ ئازادی تاکەکان سنوری یەکتر ببەزێنن و نەتوانرێ چوارچێوەیەك بۆ مومارەسەکردنی ئازادییەکان دابنرێ، لەکاتێکشدا کە یاسا وەك رێکخەرێکی کۆمەڵاتی پەیوەندی نێوان ئەندامانی زۆربەی کۆمەڵگاکانی ئەوسەردەمە رێکدەخات بۆیە زۆر لە ئازادییە گشتییەکان پێویستییان بە شەرعییەتی یاسایی هەیە بۆ ئەوەی بە پراکتیکی مومارەسە بکرێن. بەشێك لە ئازادییەکان، بە تایبەتی ئەوانەی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی رۆژانەی خەڵك دا رەنگیداوەتەوە، لەدەرەوەی یاسا فەرمییەکان رێکخراون، بۆ نمونە لەرێی نۆرم و نەریتەکان. دیارە وەزیفەی سەرەکی رێکخەرە کۆمەڵاتییەکان نەهێشتنی یان کەمکردنەوەی تەعاروز و بەریەککەوتنی ئازادی تاکەکانی کۆمەڵە، بۆیە یاسا و عورفەکان سنور و چوارچێوەك بۆ ئازادییەکان دادەڕێژن، و لەبەرئەوەی دامودەزگاکان لەو چوارچێوە یاساییەدا پەیوەندی نێوان تاکەکان رێك دەخەن، بۆیە لەو روانگەیەوە دەتوانین بڵێین کە ئازادییەکان لە پراکتیکی رۆژانەدا لە چوارچێوەی یاساو رێکخەرەکانی

دیكەی كۆمەڵایەتی مانای خۆیان وەردەگرن. هەر بۆیە ئەگەر یاساكان بەباشی جێبەجێ نەكرێن لە كۆمەڵگایەك ئازادییەكان ئەو مانایە لەدەست دەدەن كە بەپێی پەیمانی كۆمەڵایەتی لەسەری رێككەوتووین.

یاساكان ناتوانن ئازادییەكی رەها و ئایدیالی دەستەبەر بكەن، بەڵكو لە باشترین حاڵەتدا چوارچێوەیەك بۆ مومارەسەكردنی ئازادییەكان دیاری دەكەن، بێگومان ئەمە لە كاتێكدا كە یاساكان هارمۆنی بن و رێگرییان تێدا نەبێ، هەروەها لەلایەن دامودەزگاكان و هاوڵاتیانیشەوە بەباشی پەیڕەو بكرێن. هاوڵاتیبوون بریتی نییە تەنیا لە دیاریكردنی ئینتمای نەتەوەیی، بەڵكو ئەرك و مافەكانیش لەسەر بنەمای هاوڵاتیبوون دیاری دەكرێت. ئازادییەكان ئەو كاتە پارێزراو دەبن كە ئەرك و مافەكانی هاوڵاتییان لە چوارچێوەی یاساییان پەیڕەو بكرێن. یاساكان دەتوانن مومارەسەكردنی ماف و ئازادییەكان، هەروەها ئەركەكانیش رێكبخەن، بەڵام دەكرێ یاساكان ببنە رێگریش لەبەردەم مومارەسەكردنی ئازادی، بۆ نمونە لەرێی خراپ بەكارهێنانیان یانیش ئەگەر دەقە یاساییەكان هەر لە بنەڕەتدا خراپ و ناهاوسەنگ بن. كەواتە گرنگی تەنیا لە دەقە یاساییەكان دا نییە، بەڵكو پەیڕەوكردنیشیان. بەمانایەكی دیكە سەروەری یاسا گرنگترە بۆ پاراستنی ئازادییەكان.

***پ6/ ئینتما بۆ نەتەوە چ پەیوەندیەكی بە ئازادی تاكەوە هەیە؟ ئایا سەربەخۆیی نەتەوە شتێكی جیاوازە لە چەمكی ئازادی مرۆڤ وەك مرۆڤ خۆی؟***

د. دانا سعید: سەربەخۆیی نەتەوەیی بێگومان وەكو رەهەند و پانتایی جیاوازە لە ئازادی مرۆڤ وەك پراكتیكێكی كۆمەڵایەتی، بەڵام لە زۆر

رووەوەش بەیەکەوە گرێدراون. بۆ نمونە مێژووی نوێی سیاسی جیهان سەلماندوویەتی کە ئازادی تاکەکانی نەتەوە ژێردەسەتەکان تا ئاستێکی زۆر بەستراوەتەوە بە سەربەخۆیی نەتەوەییان. بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە تاکەکان لەژێر سایەی دەوڵەتی نەتەویی دا بە تەواوی ئازادی و مافەکانیان دەگەن، ئەمە دەوەستێتە سەر ئەوەی ئەو دەوڵەتە نەتەوەییە چەندە دیموکراسی و چەندە دەوڵەتی قانونە. بەڵام هیچ نەبێ لە دەوڵەتی نەتەوەییدا ئازادییە کولتورییەکان بۆ تاکەکانی نەتەوەی سەردەست بێ گرفت دەستەبەر دەبێ. لە لایەکی دیکەوە وەك پێشتریش باسم کرد گرفتی دەسەڵاتداریی کە خەسڵەتێکی زۆربەی ئەو بزوتنەوە نەتەوییانەیە کە بۆ سەربەخۆیی نەتەوەیی خەبات دەکەن، واتە بەڕووی بێگانە و دەرەوەدا رزگاریخوازانە مامەڵە دەکەن کەچی بەڕووی ناوەوە، هەندێ کاتیش بەتایبەت بەرامبەر بە کەمینەکان وگروپە لادەرەکان سەرکوتکەرانە هەڵسوکەوت دەکەن.

ئازادی مرۆڤەکان وەك تاك زیاتر لە پەیوەندی و پراکتیکە کۆمەڵایەتییەکان بەرجەستە دەبێ، لە چوارچێوەی مومارەسکردنی ئەو ئەرك و مافانەی کە بە هاوڵاتیبوونەوە گرێدراون. هاوڵاتیبوونیش بە نۆرەی خۆی پەیوەستە بە پرۆسەی دامەزراندنی دەوڵەت، دروستکردنی نەتەوەو پرۆسەی بەدیموکراسیکردنی کۆمەڵگا. بەڵام ئازادی مرۆڤەکان وەك هاوڵاتییەکی دەوڵەتێکی نەتەوەیی بەستراوەتەوە بە بوونی قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆ. ئەمەش رۆڵی بزوتنەوە ناسیۆنالیستیەکانمان بیر دەخاتەوە لە پرۆسەی بنیاتنانی دیموکراسی و دەستەبەرکردنی ئازادییەکان بۆ ئەو مرۆڤانەی کە دەکەونە سنوری قەوارە سیاسییەکەوە. لەبەرئەوەی

بزوتنەوە ناسیۆنالیستییەكان دەخوازن سنوری كولتوریی یان نەتەوەیی لەگەڵ سنوری سیاسی یەكبگرێتەوە، كۆمەڵێ رێكار دەگرنەبەر بۆ یەكڕەنگ كردنی كولتوری لە تانوپۆی سنورە سیاسییەكەدا. ئەو پرۆسەی یەكڕەنگكردنە یان هۆمۆجینەیشن كۆمەڵێ هەلومەرج و ئیمكانییەتی هابەش دروست دەكات بۆ مرۆڤەكان بۆ ئەوەی بتوانن بە ئاسانی بیرورا ئاڵوگۆڕ بكەن و بەشدارییەكی هاوبەش لە گەمەی سیاسی دا بكەن. ئەمەش لەبەرئەوەی لەچوارچێوەی قەوارەی سیاسی نەتەوەیی دا كۆمەڵێ دامودەزگای هاوبەش دروست دەبن كە لەرێی سیستمێكی سیاسی هاوبەشەوە بە كۆمەڵێ پرۆسیجەری هاوبەشەوە بەرێوەدەبرێن، هەر بەهەمان شێوە لە چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەیی دا مینبەرێكی هاوبەش بۆ گەمەو گفتوگۆی سیاسی دروست دەبێ كە تیایدا بەشێوەیەكی هاوبەش باس لە دابەشكردنی سامانی وڵات و بەڕێوەبردنی وڵات دەكەین. من لەو روانگەیەوە دەڵێم پرۆسەی بەدیموكراسیكردنی كۆمەڵگا پەیوەندی بە بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمییەوە هەیە، بەو مانایەی كە پرۆسەی یەكڕەنگكردنی كۆمەڵگا دەبێتە هۆی بەرپاكردنی دامەزراوە و مینبەر و رێكاری هاوبەش بۆ گەمەی سیاسی. ئیدی لێرەوەیە كە ئێمە دەتوانین باس لە ئازادی تاك یان مرۆڤەكان بكەین و بڵێین پەیوەندی بە سەربەخۆیی نەتەوەیی هەیە. ئەو تیۆرییە لەكاتێكدا راست دەردەچێ ئەگەر پرۆسەی یەكڕەنگكردنی ناسیۆنالیزم بەشێوەیەكی مەدەنیانە و عەقلانی بەڕێوەبچی، ئەگینا ڕەنگە پرۆسەی یەكڕەنگردنی قەوارەیەكی سیاسی یان سنورێكی جوگرافی دیاریكراو ببێتە هۆی نەهامەتی بۆ كەمینە و گروپە لادەرەكان.

لایەنێکی دیکە کە لە پەیوەندی نێوان سەربەخۆیی نەتەوەیی و ئازادی مرۆڤەکان دەکرێ باسی بکرێ مەسەلەی پەنابەرانە، کە بەرای من گرفت بۆ بوونی پەیوەندی لە نێوان ئەو دووانە دروست دەکات. زۆر لەو پەنابەرانەی کە ولاتەکانی خۆیان بەجێ دێڵن لەوانەیە بە هۆکاری سیاسی بێ، سەر بە گروپێکی ئیتنی ژێردەستە و بەهۆی نەبوونی ئازادیەوە بێ. زۆر لەو پەنابەرانە کە لە وڵاتە دیموکراسییەکان دەگیرسێنەوە و دواجار دەبنە هاوڵاتی ئەو وڵاتانە، هەست دەکەن ئازادی بەدەست دێنن، یاخود دەتوانین بڵێین کە گرفتی ئازادیان نابێ لە چوارچێوەی یاسایی دا، ئەمە لەکاتێکدا ئەو مرۆڤانە ئازادی بەدەست دێنن بەڵام لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی دیکە دا و دوور لە دەوڵەتی نەتەوەیی و سەربەخۆیی خۆیان. ئەم مەسەلەیە دەبێ بەهەند وەربگیردرێ لە گفتوگۆکردنی پرسی ئازادی بە سەربەخۆیی نەتەوەیی.

**ئامادەکردن‌و داڕشتنی پرسیارەکان: مەریوان عەلی**

پرۆفایل

د. دانا سەعید سۆفی

دکتۆرا لە کۆمەڵناسی، زانکۆی ستۆکهۆلم

پسپۆڕ و تۆژەر لە بواری کۆمەڵناسی سیاسی، پەیوەندی ئیتنی و سەرمایەی کۆمەڵایەتی

(سەرۆکی لیژنەی کۆمەڵی مەدەنی لە پەرلەمانی کوردستان)

# ئازادی و دەستور
# خوێندنەوەك بۆ دەستوری عێراق

د.تەها عومەر رەشید
دكتورای فەلسەفە لە یاسای گشتیدا

لە پەیوەندی ئازادی بە یاساوە ( وشەی یاسا گشتیە و دەستوریش لە خۆی دەگرێت ) هەندێ لە بیرو بۆچونەكان لەسەر ئەوە پێداگیرن كە دوو واتای دژ بەیەكن ، بەو مانایەی كە لەشوێنێك یاسا هەبوو ئازادی شوێنی نییە.یاخود چوارچێوە بەرتەسكەكانی یاسا بواری هەناسەدانی ئازادی نادەن.ئەم بۆچوونە یەكێكە لە بۆچوونە توندڕەوانەكانی بواری راڤەی پەیوەندی یاسا و ئازادی، كە دیارترینیان بریتیە لە بۆچوونی ئانارشیەكان سەبارەت بەم بابەتە.لە بەرامبەردا مەسەلەی داننان بە ئازادی و پاراستنی بە یاسا پێداویستیەكی عەقلانیە و رەهەندێكی قوڵی لە تێزە فەلسەفیەكان و دەستوریەكاندا هەیە.

پاراستنی ماف و ئازادیەكان بە دەستور ،بە واتا لیبرالیەكەی ،دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەڤدە و هەژدە.بەڵام رەهەندە فیكریەكانی پاراستنی ماف و ئازادیەكان زۆر لەوە دێرینترە، كە لە فەلسەفەی یۆنانەوە سەرچاوەدەگرن.هاتنەناوەوەی ماف و ئازادیەكان بۆ ناو دەستورێك كە دەسەڵاتداران ناچار بكات بە پەیڕەوكردنی لە پەڕاوەی دەسەڵاتیاندا ،

وەرچەرخانی یەكەمە لە مێژووی دەستوردا ،دواتریش پابەندكردنی دەستور و دەوڵەت  بە پاراستنی ماف و ئازادیەكانی مرۆڤ ، كە لە راگەیاندن و رێكەوتنامە جیهانیەكانی مافی مرۆڤدا هاتوون بە تایبەتی لە مێژووی دوای شەڕی دووەمی جیهانیەوە ،وەرچەرخانێكی ترە لەو بارەیەوە.

ئەوەی خاڵێكی گرنگە و لەو بۆچوون و روانینە جیاوازانەوە سەبارەت بە پەیوەندی یاسا و ئازادی  سەرچاوە دەگرێت بریتیە لە پرسی تەعامولی یاسا لەگەڵ ئازادی. لەڕاستیدا لەبەرئەوەی  ئازادی خواستێكی مرۆیی و بەرهەمی عەقڵ و پێداویستی بەردەوامی ژیانە، لە هەمانكاتدا دەبێت بۆ پاراستنی ئەم ئازادیە یاساش وەك دەركەوتەیەكی مرۆیی و پارێزەری ماف و ئازادی بێت.

بەڵام كاتێك كێشەكە دروستدەبێت كە ئازادی خواستی تاكە و یاساش خواستی دەسەڵات ، ئازادی پێویستی بە كەشێكی بێمەرجە و یاساش هەڵگری مەرجە، ئەوەی لە یاسا جوێنابێتەوە و بۆ ئازادی دەستنادات ئەوەیە ،كە یاسا هەڵگری توخمی توندوتیژی و هێزە.

یەكەم خاڵی پەیوەندی دەستور و ئازادیەكانی مرۆڤ دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفەی سیاسی دەسەڵات –دەوڵەت– .لەمەوە باوەڕی دەسەڵات بە دانںان بە ئازادیەكان و شێوازی پاراستنیان دەردەكەوێت. كەواتە بۆ فەراهەمكردنی ئازادی بەر لە یاسا سیاسەت گرنگە وەك سەرچاوەی روانیں بۆ مرۆڤ و ئازادیەكانی وە دواتر رێكخستنیان لە چوارچێوەی دەستور و یاساكاندا.

لە بەرئەوەی یاسا لەلایەن دەسەڵاتەوە دادەنرێ و جێبەجێدەكرێ بۆیە هەمیشە یاسا ئامانجدارە و ئەركی پێدەسپێررێت .وەك پاراستنی سیستمی حوكمڕانی ، دادپەروەری ، پەیرەوی ئایدۆلۆجی، رێكخستنی كۆمەڵ...

.بەڵام کێشەکە ئەو کاتە بۆ یاسا دروستدەبێت کە چۆن ئەرکی پاراستنی ئازادی جێبەجێدەکات چونکە ئەمە تاکە ئەرکی یاسا نیە بەڵکو رێکخستنی کۆمەڵ و راگرتنی رێکوپێکی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان، یان پاراستنی دەسەڵات وا لە یاسا دەکات لەگەڵ ئازادیەکانی مرۆڤ رووبەڕوو بێتەوە، ئەوەی دوچاری ئەم رووبەڕووبونەوەشی دەکات بریتیە لە دەسەڵات، واتا خواستی قۆرغکردنی ماف و ئازادیە سروشتیەکانی مرۆڤ خواستێکی ناو هەناوی یاسا نیە بەڵکو یاسا لەلایەن دەسەڵاتەوە دەکرێتە وەسیلەی ئەم قۆرغکردنە.

لایەنێکی پەیوەندی دەستور و دەوڵەت ئەوەیە کە دەستور نوسراو بێت یان نەنوسراو (عورفی) رێوشوێنێك دادەنێت بۆ دەسەڵاتداران ، کە پێویستە بەپێی ئەم رێوشوێنانە پەڕاوەی دەسەڵات بکەن، پەیڕەونەکردنی بنەما دەستوریەکان لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە واتای حوکمڕانی نادەستوریە،ئەمەش لەلایەك مەترسیە بۆ سەر ئازادی و مافی هاوڵاتیان کە لەدەستوردا هاتوون لە لایەکی تریشەوە دەسەڵاتداران رووبەڕووی سزا دەکاتەوە و دەسەڵاتەکەیان دەخاتە خانەی ناشەرعیەوە.دەستور ئەگەر بە ناوەرۆکەکەی و بەرزیەکەی (علویتە ) کە لە سەروو دەسەڵاتداران و یاساکانیانەوەیە، نەکرێتە بەڵگەنامەیەکی ئازادی و پابەندکردنی دەسەڵاتداران پێوەی ، ئەوا مانا راستەقینەکەی خۆی لەدەستدەدات.

لێرەدا بابەتێکی گرنگ هەیە کە بریتیە لە بابەتی پابەندکردنی دەوڵەت بە دەستور و کارکردنی دەسەڵاتداران بەو رێوشوێنانەی دەستور دیاریکردوون،بەڵام پرسیاری سەرەکی ئەوەیە ،ئایا دەوڵەت / دەسەڵات

پابەند دەكرێت بە دەستور یان هەر كاتێك بیەوێت دەستورشكێنی دەكات، بەبێ ئەوەی سزا بدرێ؟

بابەتی پابەندكردنی دەسەلات بەدەستور زۆر جار تەنها وەك بابەتێكی بیر و هزریی و بە دوور لە واقیعیبونی ئەم بیر و هزرە سەیردەكرێت،بۆیە ئەوەندەی وەك مەسەلەیەكی تیۆری بایەخی هەیە ،ئەوەندە لەواقعدا بوونی نیە،تەنها لەو بارانەدا نەبێت كە دەوڵەت خۆی خۆی پابەند دەكات ،بە هەر هۆكارێك بێت.

لێرەداو وەك لەبیروڕاكانی (جۆرج بوردۆ) سەبارەت بە دەوڵەت دەردەكەوێت ، دەوڵەت خۆیشی تەنها وەك بیرۆكەیەك لە ناو بیركردنەوەكاندا شوێنگەی هەیە ،وەك ئەوەی كە هەستیپێدەكەین و پەیوەستیشە بە ژیانەوە ،بەڵام نایبینین ،دەوڵەت تەنها بریتی نیە لە هەرێم و گەل و یاسا ،بەڵكو بابەتێكی بیروهۆشە و لەم بیروهۆشەوە بوونی دەردەكەوێت و داهێنانیشی لەلایەن خەڵكەوە بۆ ئەوەیە كە لەبری ئەوەی كەسەكان ملكەچی یەكتربن ،هەمووان ملكەچی ئەو بیرۆكەیە بن كە دەوڵەتە(بوردۆ –الدوله:ل 10–11).

لە روانگەی یاساییەوە گەڕانەوە بۆ دەقە دەستوری و یاساییەكان تێگەیشتنێكی سانا دەدەن بەدەستەوە بۆ زانینی روانینی یاسا بۆ ئازادی و تەعامولی یاسا لەگەڵ ئازادی مرۆڤ. لێرەدا ئازادی وەك هەر بابەتێكی تر ( وەك موڵك و ماڵ ) دەبێت بە بابەتی یاسا ،بەڵام ئەوەی لە پشتیەوە ئامادەگی هەیە ئەو ئایدیا و ئامانجانەی دەسەڵاتە كە ئازادی دەخەنە ناو دەقێكەوە. بۆیە ناتوانین بەبێ وەرگرتنی ئایدیا و بۆچوونی دەسەڵات لەمەڕ

ئازادی و فەلسەفەی حوکمڕانی دەوڵەت باس لە مەنهەجیەتی نێوان یاسا و ئازادی بکەین.

گرنگیدانی دەوڵەت بە ئازادی لەم سەردەمەدا مۆدێلێکی نوێی دەوڵەت دیاریدەکات ، کە جیاواز بێت لە مۆدێلەکانی رابردوو، دەوڵەتی مۆدێرن لەسەر ئەو خواستەوە بنیاتدەنرێت کە ئازادی مرۆڤ ئەسڵە و دەسەڵات ئیستسنایە، مەرجی مانەوە و خەسڵەتی شەرعیەتی خۆی لەپاراستنی ئازادیەکانەوە وەردەگرێت، بواری دەستێخستنی ئازادیەکانی نییە تەنها لەو بوارانەدا نەبێت کە دەستور دیاریدەکات ، سەرچاوەی دەستور و یاسا ئیرادەی ئازادی هاوڵاتیانە،دەوڵەت پابەندی بنەما دەستوریەکان دەکرێت و لادانی لەو بنەمایانە دوچاری لێپرسینەوەی دەکات .ئەمانە و کاریگەری رای گشتی لە سەر دەسەڵات بۆ فراوانکردنی مەودای ئازادیەکانی مرۆڤ لە بایەخی ئەو تێزە کەمدەکاتەوە کە یاسا تەنها خواستی رووتی دەسەڵات بێت بەڵکو دەسەڵات ناچار دەکات پابەندی ئەو ئازادیانە بێت کە تاکەکان وازیلێناهێنن، بۆ ئەمەش دەستور دەتوانێت پەیوەندیەکی گونجاو لە نێوان هاوڵاتیان و دەسەڵاتدا دروستبکات ،ئەویش بە بنیاتنانی شێوازی حوکمی دیموکراسی، کە باشترین سیستمی حوکمڕانیە بۆ پاراستنی ماف و ئازادیەکانی مرۆڤ .کەواتە ئەوەی رەنگدانەوەی دەبێت لەسەر ئازادی ئەوەیە کە ئەسڵی دەوڵەت چیە. ئایا دەگەڕێتەوە بۆ ئیرادەی ئازادی تاکەکان لە – چوارچێوەی پەیمانێکی کۆمەڵایەتیدا – ؟ یان دەوڵەت بەخشینێکی ئیلاهیە و تاکەکان ملکەچی دەسەڵاتی دەکات یان دەرکەوتەیەکی مێژووە و ئیرادەی مرۆڤ نایگۆرێت...؟

پابەندکردنی دەوڵەت بە جێبەجێکردنی راگەیاندن و رێکەوتننامەکانی مافی مرۆڤەوە، یەکێکە لە دەرکەوتەکانی دوای کۆتایی هاتنی شەڕی دووەمی جیهانی. ئەو سەرچاوانە کە بەشێکی گرنگن لە سەرچاوەکانی یاسای نێودەوڵەتی بەشێکی گرنگ لە ئازادیەکانی مرۆڤ لەخۆدەگرن. بەهۆی بوونی خەسڵەتی پابەندی ئەم رێکەوتنامانە دەوڵەت لە پای پێشێلی ماف و ئازادیەکانی مرۆڤ دوچاری سزای نێودەوڵەتی دەبێتەوە، کە لە سزای مەعنەوی وەك (سەرزەنشتکردن دەستپێدەکات تا پەنابردنە بەر سزای مادی وەك هێرشی سەربازی). ئەمەش واتای ئەوەیە ،کە یەکەم : یاسای نێودەوڵەتی لە رووی خەسڵەتی پابەندی و پلەبەندی یاساکاندا لە سەرووی دەستور و یاسا ناوخۆییەکانی دەوڵەتەوەیە و ، دووەمیش دەوڵەت ناتوانێت بەبیانوی تایبەتمەندی کاروباری ناوخۆیی و پاراستنی شکۆمەندی خۆی ماف و ئازادی هاولاتیانی، بە شێوازی یاسایی یان نا یاسایی پێشێلبکات.

خاڵێکی گرنگی تەعامولی یاسا لەگەڵ ماف و ئازادیەکان بریتیە لە بێلایەنی یاسا .لەراستیدا لە ئەدەبیاتی یاسادا چەمکێك نیە بە ناوی بێلایەنی یاسا ، تا ئێمە بتوانین لە روانگەی تێگەیشتنمانەوە بۆی ئەو ئەرکەی یاسا بدۆزینەوە، کە بەرامبەر بە ئازادی هەیەتی .هۆکاری ئەمەش جگە لە بەئایدۆلۆجیبوونی یاسا و بەکارهاتنی وەك دەستاوێژی دەسەلات ، بریتیە لەوەی کە دیاریکردنی چەمکی یاسا بە پوختکراوی (خاڵیکراو لە سیاسەت و ئەخلاق و ....) کارێکی ئەستەمە، لەبەر بوونی ئەو پەیوەندیە دانەبڕاوەی نێوان یاسا لەلایەك و سیاسەت و ئەخلاق لەلایەکی ترەوە.

لەو کۆمەڵگایانەدا کە هەژموونی دەسەلاتداران بەسەر یاساوە بالآیە بیرۆکەی بێلایەنکردنی یاسا کارێکی مەحاڵە. ئەگەر بێلایەنبوونی یاسا بریتیبێت لە

پاراستنی ماف و ئازادیەكانی مرۆڤ وەك ئەوەی عەقڵ دەیخوازێ بەبێ خواستی دەسەڵات، ئەوا دیاریكردنی ماف و ئازادیەكان سەرلەنوێ یاسا بە بیری سیاسی و ئەخلاقی بارگاوی دەكەنەوە. لەراستیدا ئەم بارگاوی بوونەی یاسا خۆی لەخۆیدا خەوشێكی یاسا نیە ئەگەر بێتو هیچ كام لە چەمكەكان لەلایەن یاسادانەری خاوەن دەسەڵاتەوە نەشێوێنرێن. بە تایبەتیش كە مەبەستمان لە بێلایەنبوونی یاسا ئەگەری دامەزراندنی مەنهەجێكی شیكاری مەعریفیە بۆ شیكاری یاسایە ، وەك كۆمەڵێ بنەمای رێكخستنی ژیان. لەهەمانكاتدا پەیوەستبوونی یاسا و دەستورەكان بە پێودانگە سیاسی و ئەخلاقیەكان تا بێت یاسا لە دادپەروەری نزیكتر دەكەنەوە.

دەستور، كە بە بڕوای هەندێ لە یاساناسە جیهانیەكان بنەمای یاسایی دەوڵەت دیاریدەكات لە ئێستادا وەك پێداویستیەكی گەرەنتی ماف و ئازادیەكان و پابەندكردنی دەوڵەت(دەسەڵاتداران) لە قەڵەمدەدرێت.بە بڕوای بیرمەندێكی وەك (كارل شمیت) لە دوای سەدەی هەژدەوە تەنها ئەو دەستورانە بە دەستور دادەنرێن یاخود دەخرێنە ریزبەندی پۆلێنی دەستورەكانەوە ، كە مافە مەدەنیەكان دەپارێزن و گەرەنتی پاراستنیان دەكەن. ئەم بۆچوونەی (كارل شمیت) ئەوە دەردەخات ، یەكەم ئەركی دەستور ئەوەیە ماف و ئازادیەكان بپارێزێت و دووەمیش ئەوە دەگەیەنێت ئەگەر دەستورێك ئەوانە نەپارێزێت پێیناوترێت دەستور و بایەخی بوونی هیچ ناگەیەنێت. هەروەكو ئەوەی (مۆریس دیفرجیە ) ئەڵێت: هەر كۆمەڵگایەك مافەكانی تیا پارێزراو نەبێت و – جیاكردنەوی دەسەڵاتەكانی تیا نەبێت – دەستوری نیە.

ئەگەرچی لێكۆڵینەوە دەستوریەكان سەبارەت بە پاراستنی ماف و ئازادیەگشتیەكان لە دەستوردا ، هەمیشە بۆ زانینی ماف و ئازادیە دەستوریەكان بوونی ئەو دەقە دەستوریانە دەكەنە بنەما كە باس لە ماف و ئازادیەكان دەكەن . بەڵام ئێمە بەباشیدەزانین سەرەرای ئەم لایەنە لەو خاڵەوە بۆ تەعامولی یاسا و دەستور لەگەڵ ماف و ئازادیدا بڕوانین ، كە بریتیە لە بابەتێكی تری دەستور ، ئەویش رێكخستنی دەسەڵاتی سیاسی و جۆری ئەو دەسەڵاتەیە لە ناو دەستوردا ،كە كاریگەری راستەوخۆی بە ئەرێنی و نەرێنی لە سەر ماف و ئازادییەكانی مرۆڤ هەیە .

پرسی دەسەڵات و دامەزراوەكانی ،لە ناو دەستوردا پرسێكی بنەڕەتیە لە پاراستنی ئازادیەكانی مرۆڤدا و خاڵی سەرەتای ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ:

1- تێگەی دەسەڵات سەبارەت بە مرۆڤ و هاونیشتمانی .
2- بەشداری هاونیشتمانیان لە دامەزراندنی دەسەڵات و رۆڵیان لە گۆڕینی ئەو دەسەڵاتە لە كاتی پابەند نەبوونی بە پاراستنی ماف و ئازادیەكان.
3- پابەندكردنی دەسەڵاتە گشتیەكان بە رێزگرتن لە دەستور و یاساكان و هەبوونی سزای گونجاو و هەستپێكراو لە كاتی سەرپێچیاندا(سەروەری یاسا).
4- جیاكردنەوەی دامەزراوەكان و سەربەخۆییان.
5- بەدامەزراوەكردنی دامەزراوە دەستوریەكان و رێگرتن لە بەكەسینەكردنیان.

لایەنی دووەم بریتیە لە دەقە دەستوریەکانی پاراستنی ماف و ئازادیەکان .کە بە شێوازێك لە شێوازەکان کە دواتر باسیاندەکەین، گەرەنتی کۆمەڵێ ماف و ئازادی دەکەن.

لێرەوە هەوڵئەدەین لەو دوو لایەنەوە کەمێك باس لە دەستوری عێراق بکەین :

## یەکەم :رێکخستنی دەسەڵات لە دەستوری عێراقدا:

بە پێی ئەو وەسفانەی لە دەستوری عێراقدا هاتوون عێراق دەوڵەتێکی (دیموکراسی، نیابیە )یە [1] و شکۆمەندی تەنها بۆیاسایە و گەل سەرچاوەی دەسەڵاتەکان و رەواییەتیە و بە شێوەی دەنگدانی نهێنی گشتی و راستەوخۆ و لە رێگەی دامەزراوە دەستوریەکانەوە پەڕاوەدەکرێت[2] و ئالوگۆڕی دەسەڵاتیش بە شێوەی ئاشتیانە و بەهۆی دەستاوێژە دیموکراسیەکانی دەستورەکەوە بەرێوەدەچێت[3] .

لە کۆی دەستورەکە و بنەما بنەڕەتیەکانی دەسەڵات لە دەوڵەتی عێراق ئەوەمان بۆ روونەبێتەوە کە دانیناوە بەوەی دەوڵەتێکی دیموکراسیە و لە سەر بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتە گشتیەکان پەراوەی دەسەڵات دەکرێت ،بەڵام لە راستیدا ئەم دوو چەمکە چەندە پەیوەندیان بە بەدەقکردن هەیە ئەوەندە زیاتر پێوەندی بە پەڕاوەی دەسەڵات و شکۆمەندی دەستور و یاساوە هەیە، کە لە ئێستای عێراقدا تا رادەیەکی زۆر

[1] مادەی (1)لە دەستوری عێراق.

[2] مادەی (5).

[3] مادەی (6).

رێژەیین .لە دوای راپرسیكردن و جێبەجێكردنی دەستورەكەوە ،ئەوەی وەك دیاردەیەك بینراوە پێشێلكردنی دەستور بووە ،هەر لە مادەی (140)وە تا پێكنەهێنانی ئەنجومەنی ئیتحادی و هەموارنەكردنی دەستور و نوێترین نمونەش بریتیە لە پێشێلكردنی دەستور لەلایەن پەرلەمانی تازە هەڵبژێراوەوە كە دەبوایە لە یەكەم كۆبوونەوەیدا سەرۆك و هەردوو جێگرەكەی هەڵبژاردایە ، لە كاتێكدا پەرلەمان خۆی دەسەڵاتێكی گشتیە و ئەركی نوێنەرایەتی خەڵك و چاودێری دەسەڵاتی جێبەجێكردنی یاسای هەیە ،بەڵام لەمەوە دەردەكەوێت بۆ ئایندەش زۆر لەوەش لاوازتر دەبێت لە پاراستنی شكۆمەندی یاسا و دەركردنی یاسا بۆ پاراستنی ماف و ئازادیەكان.

مەسەلەی پاراستنی ئازادی لە دەوڵەتی عێراقدا ،بە پێی ئەم دەستورەی لە كاردایە بەر لە هەموو بارودۆخێكی كەلتوری و تایفی، رووبەڕووی ناكۆكی دەستورەكە خۆی دەبێتەوە كە رێگە نادات بە پەرلەمان هیچ یاسایەك دەربكات ناكۆك بێت لەگەڵ بنەماكانی شەریعەتی ئیسلام لە لایەك و ناكۆكیش بێت لەگەڵ بنەماكانی دیموكراسی هەروەها ناشبێت پێچەوانەی ئەو ماف و ئازادیانە بێت كە لە دەستورەكەدا هاتوون[4]،لێكدانەوە و گونجاندنی ئەم سێ لایەنەش سەرەڕای نارۆشنی واتاكانیان، ئەگەری ئەوەی هەیە بنەماكانی شەریعەت سەربخرێن بەسەر بنەماكانی دیموكراسی و ماف و ئازادیەكانی ناو دەستورەكەدا، ئەمەش لەبەر پیرۆزی شەریعەت و زاڵبوونی هەژموونی ئاینی و تایفی ئاینی بەسەر دەوڵەتدا لای دەسەڵاتدارانی ئێستا .لەم شێوە پێكهاتەی ئێستای دەوڵەتی عێراقدا گەرەنتی پاراستنی ماف و

[4]بروانە مادەی ( 2).

ئازادیەکان زۆر لاوازە ،ئەمەش بە هۆی نەبوونی سەروەری دەستور و یاسا لەلایەك و نەگونجانی دەستور، وەك بەڵگەیەکی ئازادی، بۆ پاراستنی ماف و ئازادیەکان، بە بەراورد لەگەڵ دەوڵەتانی دیموکراسی، لەلایەکی ترەوە.

## دووەم :ماف و ئازادیەکان لە دەستوری عێراقدا.

بە پێی بنەما بنەڕەتیەکانی دەستوری عێراق ، کە لە دەروازەی یەکەمیدا هاتوون ، ناشێت هیچ یاسایەك لە عێراقدا دەربچێت پێچەوانەی بنەماکانی دیموکراسی و ماف و ئازادیە بنەرەتیەکان بێت ،کە لەم دەستورەدا هاتوون[5].و تەواوی مافی ئایینداری بۆ هەموو تاکەکان فەراهەمدەکات لە ئازادی عەقیدە و پەراوەی ئاینی[6]. سەرەڕای داننان بە مافی بەکارهێنانی زمانی نەتەوەیی کورد و سەیرکردنی وەك زمانێکی رەسمی لە عێراق و هەروەها مافی زمانی نەتەوەیی بۆ کەمینە نەتەوەکانی تر لە ناوچەکانیان پاراستوە[7].

سەرەڕای ئەمەش یاسادانەری دەستوری عێراق دەروازەی دووەمی تەرخان کردووە بۆ ماف و ئازادیەکان هەریەکەیان لە بەشێکی سەربەخۆدا .لە بەشی یەکەمدا بە دوو لق باس لە مافەکان دەکات ، لقی یەکەم باس لە مافە مەدەنی و سیاسیەکان دەکات کە بریتین لە (یەکسانی لەبەردەم یاسادا ،جیاکاری نەکردن لە نێوان عێراقیەکان بەهۆی رەگەز و نەژاد و نەتەوە و بنەچە و رەنگ و ئاین ....،مافی ژیان و ئاسایش و ئازادی و ،رەخساندنی هەلی گونجاو ، مافی تایبەتمەندی، رێزگرتنی شوێنی نیشتەجێبوون ،رەگەزنامە..) بەڵام لە لقی دووەمی ئەم بەشەدا باسی لە

[5] مادەی (2/أولاً– ب،ج)

[6] مادەی (2/دووەم)

[7] مادەی (4)

مافە ئابووری و كۆمەڵایەتی و رۆشنبیریەكان كردووە،كە بریتین لە (مافی كاركردن،دامەزراندنی سەندیكا و رێكخراوەپیشەییەكان ،مافی موڵكداری ،خێزان، ژینگە ، خوێندن،)[8] .

لە بەشی دووەمدا باس لە ئازادیەكان دەكات كە بریتین لە ئازادی (پاراستنی ئازادی مرۆڤ و كەرامەتی مرۆڤ، رێگرتن لە راگرتن تەنها بە بڕیاری دادگەری نەبێت ، قەدەغەكردنی ئەشكەنجە ، قەدەغەكردنی زۆرداری فكری و سیاسی و ئاینی ، قەدەغەكردنی بێگار و كۆیلایەتی و بازرگانی بە جەستە،ئازادی بیركردنەوە و دەربڕین و رۆژنامەگەری و بلاْوكردنەوە ، كۆبوونەوە و خۆپیشاندان، دامەزراندنی كۆمەڵە و پارتە سیاسیەكان ، ئازادی باری كەسی بە پێی ئاین یان ئاینزا یان بیروباوەڕ یان هەڵبژاردەی كەسیی ،ئازادی فكر و ویژدان و باوەڕ ، ئازادی ئاین و پەڕاوەی سرووتە ئاینیەكان [9] .

لە دوای ئەم سەیركردنە خێرایە و ناوهێنانی بەشێك لە ماف و ئازادیە دەستوریەكانی دەستوری عێراق لێرەوە هەوڵدەدەین خوێندنەوەیەكی كورت بۆ ئەم بابەتە پێشكەشبكەین:

یاسادانەری دەستوری جیاوازی كردوە لە نێوان ماف و ئازادیەكانی مرۆڤدا ،ئەمەش بە بیانووی جیاوازی چەمك و واتای هەریەك لەو دوو زاراوەیە ،ئەگەرچی ئەمە تەنها جیاكردنەوەیەكی مەنهەجی دارشتنی دەستورەكەیە بەلاْم بە هیچ شێوەیەك مانای ئەوە ناگەیەنێت كە پاراستنیان بە دەستور پێداویستیەكی ئەم جیاكردنەوەیە بێت یاخود كاریگەری هەبێت لە سەر

---

[8] بۆ زانینی زیاتری مافەكان بروانە مادەكانی ( 14–36)

[9] بۆ زانینی زیاتری ئازادیەكان بروانە مادەكانی ( 37– 46)

رەتکردنەوەی یەکێکیان ،چونکە دەستور خۆی یەکێك لە بایەخەکانی بریتیە لە پاراستنی ماف و ئازادیەکان لە ژێر هەر ناونیشانێکدا بێت .دەشێت لێرەدا سێ شێوەی پاراستنی ماف و ئازادیەکانی مرۆڤ لە دەستورەکاندا باسبکەین:

- دەستور ماف و ئازادیەکان ناودێر و پۆلێندەکات ،وەك ئەوەی ئەم دەستورەی عێراق کردوویەتی(وەك لە سەرەوە ئاماژەمانپێدا) .ئەمەش مانای ئەوەیە تەنها ئەم ماف و ئازادیانە پارێزراون و بە ماف و ئازادی دەستوری دادەنرێن کە لە دەستورەکەدا ریزبەندکراون.
- دەستور بە دەقێك ئەوە دەستنیشاندەکات ،کە ئەم دەستورە ماف و ئازادیەکانی مرۆڤ وەك لە راگەیاندن و رێکەوتننامە جیهانیەکانی مافی مرۆڤدا هاتوون دەپارێزێت.
- یاخود دەشێت سەرچاوەیەك یان چەند سەرچاوەیەکی مافەکانی مرۆڤ بکاتە دێباجەیەکی سەپاو ،وەك دەستوری ساڵی 1791 ی فەرەنسا کە راگەیاندنی مافی مرۆڤ و هاونیشتمانیانی فەرەنسی ساڵی 1789 کردە دێباجەیەکی سەپاو بۆخۆی.

بەڕای ئێمە نموونەترین شێوازی پاراستنی ماف و ئازادیەکانی مرۆڤ بەهۆی دەستورەوە بریتیە لە شێوازی دووەم دواتر شێوازی سێهەم و بەم شێوەیە .

وەك تێبینیمانکرد ،عێراق شێوازی یەکەمی دیاریکردوە کە سەرەرای جەختکردنەوەی لەسەر زۆربەی زۆری ماف و ئازادیەکانی مرۆڤ، هێشتا ناگات بە ئاستی شێوازی دووەم و سێهەم . ئەمەش سەرەڕای ئەوەی کە دەستوری عێراق دەقێکی کوشندە و ناڕۆشنی تیایە ، کە بە بڕوای

ئێمە ماف و ئازادیە پارێزراوەكانی ناو دەستورەكە دەخاتە بەر مەترسی رەتكردنەوە ،ئەویش دەقی مادەی ( 46 ) ە، و تیایدا هاتووە( نابێت پەڕاوەی هیچ كام لە ماف و ئازادیەكانی لەم دەستورەدا هاتووە كۆتبكرێت یان دیاریبكرێت [10] تەنها بە یاسا نەبێت یان بە پێی گەڕانەوە بۆ یاسا نەبێت ،بە مەرجێك ئەم دیاریكردن و كۆتكردنە كارنەكاتە سەر گەوهەری مافەكە یان ئازادیەكە). سەبارەت بەم دەقە ئەم سەرنجانەمان هەیە :

– ماف و ئازادیەكان بۆیە لە دەستوردا دیاریدەكرێن تا یاسادانەری ئاسایی ( واتا پەرلەمان ) نەتوانێت هەمواریان بكات، بە كەمكردنەوە یان گۆڕین. ئەگەر بێتو ماف و ئازادیەكان بە شێوەیەك لە دەستوردا نەهاتبن كە رێگری پەرلەمان بكەن لەم كارەیدا ئەوا هیچ بایەخێكیان نابێت. لە كاتێكدا دەقەكە بە راشكاوی باس لەوەدەكات كە دەكرێت بە یاسا كۆتبكرێن یان دیاریبكرێن. لە كاتێكدا دەقی ئاماژەبۆكراو زیاتر لەمەش ماف و ئازادیەكانی رووبەڕووی مەترسی كردۆتەوە كە ئەڵێ ( بەپێی گەرانەوە بۆ یاسا نەبێت ) ئەمەش واتای ئەوەیە بۆ كۆتكردنی مافێك یان ئازادیەكی ناو دەستورەكە دەكرێت یەكێك لە دەسەڵاتە گشتیەكان لە عێراقدا پەنا بۆ یاسایەك ببات كە پەرلەمان دایناوە یان پێشتر هەبووە بۆ ئەو مەبەستە.

– دەقەكە وشەیەكی هێناوە كە بەرێگری كۆتكردن و دیاریكردنی داناوە و بریتیە لە ( گەوهەری ماف یان ئازادی) لە راستیدا ئەم وشەیە راڤەی جیاواز لەخۆی دەگرێت، كە ئایا گەوهەری ماف چیە و روخسارەكەی

---

[10] – مەبەست لە دیاریكردن بریتیە لە سنووردانان بۆ پەراوەی مافێك یان ئازادیەك

چیە؟ بۆ نموونە ئازادی بیروڕا ئەگەر گەوهەرەكەی ئەوە بێت كە هەموو بیروڕایەك ئازادە و پارێزراوە ، دەشێت كۆتكردنی یان دیاریكردنی ،كە كارنەكاتە سەر گەوهەرەكەی ، ئەوە بێت كە ناكرێت ئەم بیروڕایە رەخنەگرتن بێت لە سیستمی دەسەلات یان خوێندنەوە بێت بۆ ئەسڵ و هیومانیستی ئاینێك لە ئاینەكانی عێراق ... لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێم ئەم دەرگا والآكردنە بەرووی كۆتكردن و دیاریكردنی ماف و ئازادیەكان بە یاسا یان بە گەڕانەوە بۆ یاسا، خراپترین و مەترسیدارترین شێوازی بەرهەمهێنانی ستەمكاری یاسایە، چونكە ئەگەر ستەمكاری لە دەرەوەی سنوری یاسا و بە شێوازی نایاسایی ئەنجامبدرێت دەشێت بە یاسا قەدەغەی بكەیت بەلآم كاتێك یاسا ستەم بكات ئەوا مانای ئەوەیە ئەو ستەمە هێزی دەوڵەتی لە پشتە و بەرگریكردن لێی ئاسان نیە ،سەرەڕای ئەوەی تەبریری پێداویستی دەوڵەت وەك سیستمێكی پاراستنی مافی مرۆڤ ناهێڵێت و ئیدی هاولآتیان ئازاد دەبن لە پەنابردنە بەر شێوازی نایاسایش بۆ بەرەنگاری ستەمكاری دەوڵەت. ئەمەش دەمانخاتە بەر ئەگەری نەمانی سیستم و ئاسایش لەلایەك و لە لایەكی تریشەوە بە بیانوی پاراستنی سیستم و ئاسایش دووبارە دەوڵەت دەستكراوەتر دەبێت بۆ پێشێلی ماف و ئازادیەكان و راگەیاندنی باری نائاسایی.

لە مادەیەكی تری دەستورەكەدا ،كە مادەی (38) ە و تایبەتە بە پاراستنی ئازادی بیروڕا و رۆژنامەگەری و بلأوكردنەوە و خۆپیشاندان و كۆبوونەوە ،بە شێوەیەكی تریش ئەم مافانەی كۆتكردوە، ئەویش بەوەی

كە تیایدا هاتوە كەئەم مافانەی ناو دەقەكە دەپارێزێت ئەگەر پێچەوانەی سیستمی گشتی و خوورەوشتی گشتی نەبن.[11]

ئەگەرچی لەگەڵ ئەوەداین  ماف و ئازادی سنووری هەیە و شێوازی پەڕاوەكردنی خۆی هەیە، بەڵام ئەم دەقەی ناو دەستورەكە زۆر زیاترە لە سنوردانانێك كە نەبێتە هۆی پێشێلی ماف و ئازادی كەسانی تر. ئەمە سەرەڕای ئەوەی  شێوازی رێكخستنی ماف و ئازادیەكانی ناو دەستور شێوازی ئەو دەوڵەتانەیە كە نایانەوێت سەرجەم ماف و ئازادیەكانی هاوڵاتیانیان بپارێزن.

---

[11] مادەی (38) (دەوڵەت دەستەبەری ئەمانە دەكات، كاتێ رەوشت و سیستمی گشتی نەشكێنن:

یەكەم:ئازادی گوزارشت لە بیروڕا بە هەموو دەستاوێژێك.

دووەم: ئازادی رۆژنامەگەری و چاپكردن و ئاگاداریكردن و راگەیاندن و بڵاوكردنەوە.

سێهەم :ئازادی كۆبوونەوە و خۆپیشاندانی ئاشتیانە ،ئەمەش بەیاسا رێكدەخرێن.)

# هەڵای ئازادی: ترسی کۆمەڵایەتی و پەرچەکرداری سیاسەت

**نەوزاد جەمال:**
**مامۆستای فەلسەفەی سیاسی و کۆمەڵایەتی**
**بەشی فەلسەفە زانکۆی سەلاحەدین**

پێشەکی:

دوابەدوای دوودەیە لە راپەڕین و چەشتنی بەهای ئازادی و ئەزمونکردنێکی سنورداریی، هێشتا ئازادی وەك بەهایەکی سیاسی و مافێکی مەدەنی و رۆشنبیریی جێگەی خۆی نەکردۆتەوە لە هەرێمی کوردستاندا. ئەمەش بەدیوێکدا دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی هۆشیاریی و تێنەگەیشتن لە ئازادی لەلایەك. ئیدی تێنەگیشتن لە ئازادی هۆکارێکە بۆئەوەی کە ئەو بەهایە وەك زەرورەتێك نەناسرێ و جێی خۆی نەکاتەوە لە کایەی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و سیاسی دا. هەر ئەم هۆکارەشە کە بۆتە رێخۆشکەرێ بۆ خۆدزینەوە لێی لە زۆربەی ئاستەکاندا. ئەوەی ئەمڕۆ بەرچاو دەکەوێ پاشەکشێی ئازادییە لە فەزای گشتی و سیاسی دا هاوکات خۆدزینەوەی دەسەڵاتی کوردی لەگرنگی و ئەرکەکانی ئەو بەهایەدا. شایانی باسە ئەم پرۆسەی پاشەکشەپێکردنە ئیستا لەلایەن دەسەڵاتی ئاینییەوە پیادەئەکرێ بەرامبەر ئازادی. هاوکات دەسەڵاتی سیاسی فەرمیش لە کرۆکی مەسەلەکە خۆی ئەدزێتەوە، چونکە هۆشیاری ئازادی و بەرتەسکردنەوەی ئازادی

بێقەیدوشەرت دژ بە بەرژەوەندییەکانیەتی. لێرەوە رەوشی ئازادی کەوتۆتە قەیرانێکی سەرسەخت و کۆمەڵگەی کوردی خستۆتە بەردەم دووڕیانێکی ترسناك: کە ئەویش خۆی لە رەتکردنەوەی ئازادی یا خراپ تیگەیشتن لێی و خراپ بەکارهێنانی دەبینێتەوە.

**قەیرانی ئازادی**

ئەوەی ئێستا دەرهەق بە ئازادی لە ئارادایە ئەوەیە بە قانون لە پەرلەماندا رێگری لێدەکرێ. بۆیە هیچ گومان نییە کە بڵێین حوکمڕانی قانون رەنگدانەوەی ویستی دەسەڵاتی حزبە نەك مافە مەدەنییەکان. لێرەوە سنوردارکردنی مافی هەڵسوڕان و خۆنمایشکردنی هاوڵاتیان بەمیکانیزمی قانونی قەیرانێکی سیاسییە! بەڕای من بۆ پەنجەخستنە سەر هۆکار و ئەو پاڵنەرانەی کە رۆڵییان هەبووە لەدروستبوونی ئەم قەیرانەدا، بۆخۆیان سەرچاوەی بەهانە و پاساوی دەسەڵاتە بۆ بەرتەسکردنەوەی ئازادی. یەکەم هۆکاریش بە پلەی یەکەم لە ترسەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەویش پاشخانێکی کولتوری هەیە. واتە ترس لە ئازادی وەك زەمینەیەکی کولتوری بۆ کۆمەڵگە. دووەهەم بەرژەوەندی دەسەڵاتدارانی حزبی و هەرێم وادەخوازێ ئازادی رادەربڕین و بیرکردنەوە لەرۆژنامە و خۆپیشاندا بخرێتە چوارچێوەیەکەوە بەناوی رێکخستنەوە. بەڵام فیلتەری ئەو رێکخستنە ئایین و نوێنەرانیەتی. ئەمەش سەیر نییە چونکە هەمیشە دەسەڵات میکانیزم و شێوازی باشی هەیە لە پینەوپەڕۆ و رووپۆشکردنی کارەکانی بە بەهانەی ئامادە و خۆشکراو، بەڵام بە ئەقڵیەتی پۆلیسی. چونکە ترس لە کۆنترۆڵنەکردنی قەبارەی دەربڕین و خۆپیشاندان لای دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس مەرجێکە بۆ کاریگەریان لە رەچاوکردنی ئاسایشی گشتی.

بۆیە زێدەڕەویی نییە ئەگەر بڵێین ئازادی لەبەردەم قەیران و هەڕەشەیەكی جدیدایە لە رووی تێوریەوە، چونكە دەسەڵاتی سیاسی دێت پێناسەیەكی بۆ دادەڕێژێ كە پێناسەیەكی ئامرازگەرانە، واتە ئامرازخوازییە و دواتر دەیسەپینێ بەسەر كۆمەڵگا لەڕێی قەیدوشەرتی قانونییەوە. واتە ئازادی وەك ئامرازێ بۆ رووسووركردنی دەموچاوی خۆی و رووپاڵماكردنی رای گشتی. هاوكات لەڕووی كۆمەڵایەتییەوە ئێمە ئازادی وەك ماف نابینین و پراكتیزەش ناكرێ، چونكە تێگەیشتن لەئازای كە هۆشیاری مەدەنییە پێش پراكتیزەكردنی دەكەوێ. ئازادی زۆرجار هاوتای لادان و سەرپێچییە كە پشێویی و سەركەشی بەرەو بەرەڵایی سەیركراوە. بەتایبەت دەزگاو دامەزراوە ئایینیەكان لە وتارو هێرشەكانیاندا ئازادی وەك رێگایەك بۆ دەرچوون لەكۆنترۆڵی باوەڕی ئایینی سەیردەكەن.

ئیدی لەم رەوشە ترسناك و پڕ قەیرانەدا ئازادی لە بەردەم وورووژمی ترس و رەتكردنەوەدایە چ لایەنی دەسەڵات یا كۆمەڵگەش بەگشتی. واتە بەو جۆرە ئازادی دەربڕین وەك هەڕەشە و بۆ سەر دامەزراوەكان و تێكدانی ئاسایشی گشتی نمایشدەكرێ. هەڵبەت ئازادی لە پێناسەی جێندەر دا لەو ماوەدا هەلایەكی تری نایەوە كە جێی قسە لەسەر كردنێكی بێ تام و لەڕوانگەی مزگەوت و هزری ئایینی كۆنەخوازەوە رەتكرایەوە. بۆیە پێوستمان بە ووردكردنەوە و لێكدانەوەی چەمكی ئازادی هەیە، چونكە هێندەی ئەو چەمكە سروشت وسیفەتێكی لاستیكی هەیە هێندە چەسپاو نییە.

وردكردنەوەی چەمكەكان: چەمكسازی ئازادی سەختە

ئازادی چییە و رەهەند و پێناسەی لە فەلسەفەی سیاسییدا چۆنە؟ هەڵبەت ئەمە بابەتێكی تێوریی فەلسەفیی پوختە كە لێرەدا ئاسان نییە قسەی

تەواوی لەسەر بکەین، چونکە نامان گەیەنێتە ئامانجێکی دیاریکراو بۆ ئەم نوسینە [i]. باشتروایە بێین قسە لەسەر نەبوونی ئازادی و شوێنەواری بکەین لە کۆمەڵگە و کایەی سیاسی کوردیدا؟ راستە ئازادی گرنگە وەك بنەمایەك بۆ مافی مرۆڤ و تاك، بەڵام چەمکێکی ناجێگیر و ناڕوون و نەچەسپاوە لە ئێستادا. ئەوەش خۆی دەگەڕێتەوە بۆ خودی چەمکەکە. چونکە ئازادی وەك بنەمایەك بۆ مافی مرۆڤ بەتایبەت تاك وەك هەر چەمکێکی نوێی کۆمەڵگەی مەدەنی کە هاوڵاتیبوون پێش هەموو ئینتمایەکی حزبی-سیاسی و ئایینی و نەژادی دێ. دیارە ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئازادی چەمکێکی ناجێگیر و نەچەسپاوە لەرووی تیۆرییەوە.

هەڵبەت لەبەرئەوەشە کە چەمکەکە یەك پێناسە هەڵناگرێ و ناکرێ لە رستەیەکدا دەستنیشانکرێ. بەمانایەکی تر: ناتوانین لە رووی تیۆرییەوە یەك پێناسەی جێگیری بۆ دابڕێژین، هاوکات قسەش زۆر هەڵدەگرێ، کە لە قەبارەی ئەم نوسینە دەردەچێ[12]. ئیتر بۆ ئێمە لەم دەرفەتدا و هاوکات لەم هەلومەرجە بزۆز و ناجێگیرەی هەرێمی کوردستاندا، باشترە باس لە نەبوون و مەترسییەکانی بەرتەسکردنەوەی ئازادی بکەین. بەتایبەت لە ئێستادا پەرلەمانی کوردستان بەمیکانیزمی قانون هەوڵدەدات بیکاتە میکانیزمێ تا گەرووی ئازادیی بگرێ. ئەوەش لەلایەك بە بۆچوونی من دەگەڕێتەوە بۆ رەوشێ کە دیاردەی "ترسانە لە ئازادی" لە ئێستا و لە رابردووشدا. هاوکات تێنەگەیشتنە لەوەی بنەمای ئازادی مافێکی بنەڕەتی

[12] بۆ زیاتر تیگەیشتن لە چەمکی ئازادی بگەرێوە بۆ لێکۆڵینەوەی نوسەر بەناوی"ئازادی لە دروشمێکی سیاسییەوە بۆ چەمکێکی فەلسەفیی" لە کتێبی "فەلسەفە و قەیران". موکریانی 2009

بۆ ژیانی سیاسی و كۆمەڵایەتی و مەدەنی. بەگەڕانەوە بۆ رەوشی ئازادی لە پێش راپەڕین زیاتر ئەم پەرچەكردارە دژ بە ئازادی دەردەخات.

**دوو قۆناغی هزری ئازادی لەكۆمەڵگەی ئێمەدا:**

بۆ تێگەیشتن لە گرنگی و بایەخی ئازادی لە كۆمەڵگەی كوردیدا، پێویستە قۆناغی پێش راپەڕین لە پاش راپەڕین جیابكەینەوە، نەك هەر لەبەرئەوەی دوو سەردەم و زەمەنی جیاوازن. بەڵكو ئەو گۆڕانە بنەڕەتی و ترسناكەی بەسەر چەمكەكەدا دێت تەواو رەوشی چەمكی ئازادیمان بۆ دەردەخات. هاوكات ئەوەمان بۆ دەردەخات كە ئێمە لەو قۆناغەدا چۆن لەئازادی تێگەیشتوون. لە پێش راپەڕین چەمكی ئازادی لەبەرئەنجامی بەرەنگاری و بەرگری نەتەوەیی لەدایكبوو. بۆیە رزگاربوون لە چەپۆكی دیكتاتۆریەت و چەوسانەوە یەكەم خواستی ئازادبوون بوو. بەڵام ئێمە لە دوای راپەڕین و تائێستاش لە قۆناغی خەباتی مەدەنیداین. هەر بۆیە پاش قوتاربوون لە چنگی سیستمێكی گشتگیریی رژێمی پێشوو، هێشتا ئازادی وەك بەهایەك و ماف بۆ خۆی لەژانی بووندایە و دەشكرێ بێ پەروا لەباربچێ.

هاوكات ئەوانەی نوێنەرایەتی ئازادییان دەكرد لە پێش راپەڕین ناتوانن ئێستا نوێنەری هزری ئازادی بن، چونكە بۆ ئەوان هزری ئازادی زێتر رزگاربوون بووە وەك میللەتێ لە داگیركەرو تارادەیەكیش گەیشتوون بەو ئامانجە. كاتێك فاكتی داگیركردن نەما، شتێكیش نەماوە بە ناوی خواستی ئازادی لەدیدی ئەواندا. هەر ئەمەشە ئەوان وەك سەركردە و سیاسەتمەدار لە حكومەتدا پێیان وابێ كە بەرفراوانكردنی رووبەری ئازادی لە فەزای سیاسی و گشتی دا، وەك جۆرە دژایەتی و خیانەتكردن بێ بە ئاسایشی نەتەوەیی و بێنرخكردنی هەوڵ وكۆششی ئەوان. لێرەوە، ئەو نەوە

سیاسیەی ئەمڕۆ کە دوێنێ خەباتی چەکداری کردووە پێی وایە بانگەشەی ئازادی وەك مافێکی تاکەکەسی و مەدەنی، تێکشکانی پرۆژەکانی ئەوانە. لەکاتێکدا کۆمەڵگەی ئێمە لە قۆناغێکی تری مێژووییدایە کە ئازادی وەك تاك و گروپ و رێکخراوە جەماوەری و مەدەنییەکان هێندەی خواستی رزگاری نەتەوەیی گرنگ و زەرووره.

## کێ دەسەڵاتی هەیە لەکۆمەڵگەی ئێمەدا؟

هەڵبەت پاش ئەو هەڵایەی دژ بەئازادی رادەربڕین و بیرکردنەوە هەیە، هەندێ لایەن توانیان لەڕێی هەندێ دامەزراوەیی ئایینی و لەڕێی دادگا و مینبەرەکانیانەوە فشار بخەنە سەر حکومەت و بەپشبەستن بە دەسەڵاتی سیمبولی ئایینی دژ بەهزرو بیری ئازاد بوەستنەوە. بۆیە پێویستە بپرسین ئاخۆ لەم دۆخە ترسناك و لەرزۆکەدا حکومەت بکەوێتە ژێر رکێفی هزری نەریتخوازەوە! ئیدی کێ دەسەڵاتی راستەقینەی هەیە لەکۆمەڵگەی ئێمەدا تا لەرووی دەستوریەوە ببێتە سەرچاوەی هێز و دەسەڵات و نوێنەری مافەکانی ئێمەی هاوڵاتی؟

لەراستیدا ئەم پرسیارە بۆخۆی گرێیەکی تێوریی و هەم کەموکورتی توێژینەوەیەکە، چونکە هەروا بەئاسانی ناتوانین ئەنجامگیری بکەین کە کێ خاوەنی هێز و دەسەڵاتی راستەقینەیە، بەڵام بەناچارییەوە پاش ئەو رووداوانەی ئەم دواییە دەبێ بپرسین: ئایا پەرلەمان و حکومەت و دامەزراوەکان قسە رۆیشتوون؟ ئیدی دەبێ جارێکی تر قسە لەسەر رەوایەتی پەرلەمان بکەینەوە کاتێ نەتوانێ لەبەردەم فشار و گوشاری ئەهلی توندڕەوا ملبدات. ئەوەی رووداوەکان دەریدەخەن ئەوەیە کە ئەوەی قەڵەمڕە و هەژمونی سەرەکی و زاڵی هەیە لەکۆمەڵگای ئێمەدا، کۆنەست و

سایكلۆجیەتی گشتییە كە بەرمەبنەمای بیروباوەڕی ئاینییە. واتە پێكهاتەیەكە كەڵەكەبووی بیروباوەڕی چەندین سەدەیە و هزرو كۆنەستی پێ هەڵشێلراوە. دواجار لەژێر سایەی سیستمی سیاسی و دەوڵەتی ناوەندیی و كولتوری باوكسالاری دا تۆخدەكرێتەوەو درێژەی پێدەدرێ.

بەتێبینیكردنی ئەو رووداوانەی دواییی و بەدەر لەپاكانەكردن بۆ حكومەت و سەركردایەتی سیاسی، پێموایە هیچ كەس و لایەنێكی دیاریكرا و بەتایبەتی دەسەڵاتی رەهای نییە. واتە نەدەسەڵاتی حكومەت وەك دامەزراوەیەكی جێبەجێكار، نە پەروەردە و خوێندن، نە رۆژنامە و میدیاكان. چونكە میدیاكانیش لە ئێستادا ئامرازی دەربڕینی ئەو هێز و گوشارە نەریتیەن و هیچی تر. واتە بیروباوەڕی كوردایەتی یا كوردەواری بەپشتبەستن بە نەریتی و كولتوری كۆمەڵ زاڵە بەسەر هەموو پەرچەكردار و هەڵوێستەكاندا بەتایبەت ئەو بابەتانەی پەیوەستن بەمەسەلەی پیرۆز باوەڕی ئایینیەوە.

ئیدی كاتێ شادەماری ئایینی جوڵا و خرۆشێنرا لەسەر ئاستی جەماوەری دەبێتە دێوەكەی لێڤیاتانی هۆبز و دەئاڵێتە مل وگەردنی هزری ئازاد و مەحكەمەی تەفتیشمان بۆ ساز دەكات! هەڵبەت ئەو هێزە نادیار و پەنهانە خۆی لە بونیاد و هەناوی ئێمەی كولتورییدا مەڵاسداوە. واتە ئەو هێزە زاڵ و دەنگسالارە تاڕادەی هەڕەشكردن لە چارەنوسمان ئەو پرسیارەمان لا دەوروژێنێ سەبارەت بە ئەرك و رەوایەتی پەرلەمان و حكومەت. چونكە دەسەڵاتی رەها و بێ سنووری خۆی هەیە كە تەنانەت حكومەت و دەسەڵات دەخاتە ژێر ركێفی خۆیەوە.

**ئاستی گوتاری سیاسەتی کورد**

لەبەردەم ئەو پشێویەی ئێستا فەزای گشتی تێکەوتووە، مرۆڤ دەتوانێ راستەوخۆ پەنجە بۆ ئاستی گوتار و هێزی وتوێژی سیاسەتی کوردی درێژبکات. زیادەڕەویی نییە، ئەگەر بڵێین سیاسەتی ئێمە ناتوانێ موخاتەبەی ئەقڵ بکات، بەڵکو دەتوانێ خۆی بەئاسانی لەگەڵ گوتار و دۆگمای ئایینیی دا بگونجێنێ و وتوێژی راستەوخۆ لەگەڵ هەست وسۆزی گشتی هاوتا بکات. واتە بەو شێوە رەفتاربکات و هەردەم خۆشی نزیکبخاتەوە لێی، بێئەوەی بزانێ کە نوێنەرایەتیکردنی هاوڵاتیان و جەماوەر دڵڕازیکردنیان نییە، لەرووی هەست و دەروونیەوە وەك مرۆڤێك، بەڵکو لە دابینکردنی ماف و پێداویستییەکانیان لەپێناو بەرژەوەندی گشتی. بۆیە سیاسەتی حکومەتی هەرێم هەمیشە لە خولیای خۆ هەماهەنگکردنە بە بۆیاخکردنی روخساری خۆی کاتێ لەسەر ریتم و ئاوازی سۆز و نەستی گشتی جەماوەر دەپەیڤێ. کاتێ کە ئایین زاڵە و هەژموونی سەرتاسەری و بەرفرەی هەیە لە دەستکێشانە نێو هەست ونەست و سایکۆلۆجیای جەماوەرەوە، کارەکە بۆ دەسەڵات ئاسانە کە رازیکردنی دەروونی جەماوەر بەکار بهێنێ وەك ئامراز و شاردنەوەی بێ توانایی و نائەقڵانی بوونی خۆی.

**مشتومڕ دەربارەی ئازادی لەنێو میدیاکان**

باسکردنی ئازادی بیروڕا و رۆژنامەگەری لە کۆی ئەو هەڵاو هەراوزەنایەی ئەمڕۆ بەدەر نییە لە دوو هەڵوێستی سەرسەخت وەلێ دژبەیەك: کەناڵی ئۆپۆزسیۆن بەئاوازێ، و کەناڵی حزبڕەو و حکومەتیش بە پاساوی ناشیاو. تائێستا ئەوەی قسەی لەسەر کراوە وتوێژێکی ووردو جیدی نییە، چونکە ئاخاوتنەکان لەنێوان رەتکردنەوەو بەگژاچوونەوەدا قەتیسکراوە. واتە

قسەکردنێکی سۆفستایانەیە، چونکە لەجەوهەری مەسەلەکە نادرێ، بەڵکو تاو دراوەتە سەر پرسیارێکی سادەکراو کە: ئایا ئازادی لە هەرێمدا هەیە یا نییە. ئیدی وەڵامی بەڵێ یا نەخێر چی پێ نییە بۆ کێشەکە. بەڕای من باسکردنی مەسەلەی ئازادی کارێکی هەستیار و چارەنوسسازە، وەکیتریش ناکرێ لە دەورازە و بازنەیەکی داخراوەوە بەڕەش و سپی گوزارشی لێبکرێ. چونکە مەسەلەکە رەهەند وەرگرتن نییە لەدەربڕین و گوزارش لە ئازادی بە هەیە یا نییە لەهەرێم دا. بەرای ئەوەی کە ئازادی چەسپیوە لە هەرێم دا، وەك واقیعێ سەیری دەکات و دەیکاتە دەستکەوتی حزب و دەسەڵات خۆی لەوێدا. واتە مەسەلەکە لێرەدا کۆتایی پی دێ، چونکە لەنێوان کێشمەکێش و بگرەوبێنەی ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات دا گیردەخوات.

بۆیە ئەگەر قسەلەسەر پاراستنی ئاستی قوڵایی فەرهەنگی و فەلسەفی ئازادی نەکرێ مەسەلەکە ترسناکترە. ئەوەشی باسی ئەرێ یا نەرێ دەکات، لەوەدا رەخنە و بەرهەڵستکاری دەکات و قورگی بۆ ریسواکردنی دەسەڵات بەکاردێنێ هیچی ئەوتۆی پێ نییە. بەڵام بۆ باسی جیدی ئەکادیمیکی فەلسەفیی لەوەزێتر هەڵدەگرێ، لەبەرئەوە دەبێ باس لەدیوەکانی تری ئازادی و بەرتەسکردنەوەی ئاست و بوارەکانی بکەین. هاوکات هەلومەرجی سیاسیی تایبەت وا دەخوازێ ئەمڕۆ باس لە کوالێتی ئازادی و ناواخنی بکەین، نەك پرسیارێکی سەرەتایی کە ئازادی هەیە یا نییە. پاشان کاتێ ئێمە هاتین ئازادی و ئاستەکانیمان خستە بەرپرسیار و گومان، ئەوە بۆخۆی بەڵگەیە کە ئازادی تاڕادەیەك هەیە. وەلێ کێشەی ئازادی نیشانە و کێشە هەبوونی و یا نەبوونی نییە لەئەمڕۆی هەرێمدا. بەڵکو کێشەکە ئەوەیە چۆن بەهێزتر و پاراوتر و پارێزگاری لێبکەرێ. هاوکات گرەنتی و دەستەبەری و

قوڵایی فەلسەفیی بدەینێ و دواتر لەڕووی قانونینیەوە بچەسپێ. ئەمە ئەو رەهەندەیە کە نادیار و وونە لە گفتۆگۆکاندا تا ئەو رادەی کە رەوشێك بەڕێوەیە کە گومان و سڵەمینەوە دەرهەق بەئازادی هەیە.

**مەترسی ئازادی یا هەڕەشە لەئازادی؟**

هەڵبەت دەبێ بپرسین: ئاخۆ ئێستا ئازادی هۆکارێکە بۆ شێواندنی دۆخی سیاسی وکولتوری و کۆمەڵایەتی هەرێم وەك ئەوەی باسدەکرێ لەلایەنی دەسەڵات، یا رەوشێ بەڕێوەیە کە هەڕەشەی جیدی لەئازدایی دەکات؟ بۆیە دەبێ سەرلەنوێ پرسیارێکی بنەڕەتیی لەخۆمان و ئەقڵیەتی باو بکەین: ئایا ئازادی هەڕەشەیە و مەترسیە بۆ ئاسایشی نیشتمانی و بێڕێزکردنی پێدراوە پیرۆزە کولتوریەکانە، یا لەراستیدا کێشەکە ئەوەیە ئازادی وەك ماف و بەهایەکی دیموکراسی و مافێکی مەدەنی بۆ کەسانێك کەلە ئازادی و گرنگی نەگەیشتوون، یا بەرژەوەندیان نییە لە ئازادبوونی مرۆڤ لەبیرکردنەوە و رادەربڕین دا؟ یا پێیانوایە بەرتەسکردنەوەی ئەو فەزایە ئامانجێ دەپێکێ کە پتەوکردنی ویستی سیاسی خۆیانە؟ کاتێ ئازادی وەك هەرەشە و ترسێ بۆ ژیانی مەدەنی و سیاسی کوردستان سەیردەکرێ، ئیتر هەلومەرجی زەروری بۆ پتەوکردنی دیموکراسی دەکەوێتە بە هەڕەشەی لەناوچوون بەتایبەت کاتێ هێزە دژەئازادەکان بەڕەهایی مافی ئازادی خۆیان لەپێناو لەباربردنی ئازادی بەکاردەهێنن. ئیدی کێ ئازادە؟ ئەوە ئازادیخوازەکان نین، بەڵکو بەرەی ناحەز بەئازادین.

**قانون لەپاراستنی مافەوە بۆ سنوردارکردنی**

دەرکردنی یاسای رۆژنامەوانی و دواتر یاسای خۆپیشاندان و رادەربڕین، پرسیارێکی تری خستە بەردەممان کە دەسەڵاتی جێبەجێکردن و لەسەرو

هەموویانەوە پەرلەمان، ناتوانن بەرگری و پارێزگاری لە مافی دەربڕین و بیرکردنەوە بکەن، بەڵکو پێیانوایە ئەو مافانە هۆکار بۆ پشێویی ماڵێ کورد. وەلێ ئەمە کێشەی راستەقینە نییە، چونکە چۆنێتی مامەڵەکردنی پەرلەمان و حکومەت لەگەڵ هەر کێشەوگرفتێ کە بەهۆی میدیاکان یا خۆپشاندانەوە دێتە ئاراوە، نابێ بیگەڕێنینەوە بۆ خودی بەهای ئازادی رادەبڕین و خۆپیشاندان. بەڵکو هۆشیاری و هاوکات چۆنیەتی بەدەمەوەچوونی کێشەکان بۆخۆیان رێگەچارەن. لەحاڵەتی ئەوەی مۆڵەت بۆ خۆپیشاندان بکرێتە یاسا کە بووشی، هەنگاوێکی لۆجیکی نییە، چونکە لەوڵاتی دیموکراسی و بەپێی بنەماکانی مافی مرۆڤ کە خۆپیشاندان مافێکی بنەڕەتی تاکەکەسە بەمەرجێ ئاشتیانە و چەکداریی نەبێ. بۆیە نابێ ترس لەکۆبوونەوەی گروپ و تاکەکان لە خۆپیشاندانێکدا ببێتە هۆکارێ بۆ سنورداركردن یاقەدەغەکردنی. بەڵکو ئەگەر لە بەرئەنجامی خۆنیشاندانی کاری تێکدەرانە روویدا، ئەوسا دەبێ دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش دەستپێشخەری بکەن و رۆڵی خۆیان ببین، نەك پێشتر مۆڵەت بدەن یا خۆیان لەبۆسەدا دابنێن. پاشان ئەگەر کارەکە گەیشتە گرتن و راوەدونانی چالاکەوانەکانی خۆپیشاندانێ، ئەوە نابێ خەڵکی لەبەر بیرکردنەوەیان دەستگیر بکەن، بەڵکو کاتێ کاری ئاژاوەگێڕی یاخود مەترسی لەناوچوونی گیانی خۆپیشاندان و تێکچوونی سیستمی ئاسایش و ئارامی وڵات کەوتە مەترسییەوە. واتە پاش رووداوەکان حکومەت بۆی هەیە دەستخاتە نێو خۆپیشاندان، نەك پێشتر داوای مۆڵەت بکاتە پێشمەرج بۆ چالاکی مەدەنی.

ئەمەش لەبەر هۆکارێکی گرنگ کەپاراستنی سەروەری یاسایە کە تێیدا مافی ئازادی رادەربڕین و خۆنمایشکردن دەبێت پارێزراوبێ. ناکرێ چاوەڕێبین

دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش بابەتیانە مامەڵە لەگەڵ پرس و داواکانی خەڵکی مەدەنییدا بکەن. واتە کاتێ هاوڵاتیان دژ بەکەمی خزمەتگوزاری پارێزگایەك یا دژ بەبێ دادیی ئابوری و سیاسی دەکەن، ئەو دامەزراوانە بتوانن وەك لایەنێکی بەرپرسیار لە دەسەڵاتی حکومەت رێبدات بە خەڵکی دژ بەحکومەت راپەڕن. ئەمەش هەر لەبەرئەوەی ناتوانن بێلایەن بن لەهەمبەر خواستی هاوڵاتیان لەو ساتەدا.

لەکۆتاییدا دەبێ جارێکی تر بڵێینەوە ئەو هەنگاوە خشکەییەی حکومەت و پەرلەمان بەرەو سنورداركردنی ئازادییەکان، هەنگاوێکە بۆ دوورکەوتنە لە دیموکراسیەکی بەشدارەکی– واتە دیموکراسیەکە کە بەشداری سیاسی بکاتە کۆلەکەیەك بۆ راگرتنی هاوسەنگی و هەماهەنگی– لەساتەوەختێکدا کە رای گشتی هاوڵاتیان لەسەر پەرلەمان وحکومەت پۆزەتییڤ نییە و خەڵکی لە سیاسسەت و بریارەکانی تۆراون و بێ متمانە بوون. چیدیکە خەڵکی گوێبیست و دڵخۆش نییە بەو رەفتارەی حکومەت. بۆیە ئەم رەفتارەی حکومەت گرانکردنی رەزای خۆی و ناشرینکردنی دیموکراسی و بێ باوەڕکردنی خەڵکییە بەئازادی وەك ماف و ئەرك و بەرپرسیاریەتی.

# ئازادی و گەشەسەندنی کۆمەڵگا

د. سەلیم بتروس
مامۆستای زانکۆ

هەموو کۆمەڵێك وەکو دیارە لە کۆمەڵێ تاك پێکدێت و ئەمەش بە شێوەیەکی سروشتی دەبێتە هۆی جیاوازی سروشت و بۆچوونەکان و هەورەها هەڵوێستی ئەوان لەو رووداوانەی کەلە ژیانیدا روودەدات لەسەر هەموو ئاستەکانی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابوری و رۆشنبیری .

هەروەها ئاساییە کە بۆچوون و پێشنیاری ئەوان جیاواز بێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی دێتە کێشانەی دێتە رێی رەوتی پەرەسەندنیان. هەروەها ئاساییە کە روانینی ئەوان بۆ ئاییندە و چۆنیەتی گەیشتن بەو ئاییندەیە جیاوازی تێدا هەبێت.

کۆمەڵ لە پەرەسەندنیدا دوو رێگەی لە پێشە، یان تاکێك کە دەرفەتی بۆ دەرەخسێ و دەتوانێ کۆمەڵە کەسێکی دیاریکراو لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە بۆ ئەوەی دەستبەرسەر زۆرینەدا بگرێ و بەمەش رێ لە ئازادی دەربڕین و هەڵوێست نواندن و تێڕوانینی ئەوان دەگرێت و خۆی بە دەربڕی هەمووان دەزانێت بڕیار دەزانێ و دەبێت هەمووان ملکەچی ئەو بن ئەگەر راست بێ یان هەڵە، هەروەها دەبێت ئەوان باجی بڕیارە هەڵەکانیشی بدەنەوە.

ئەگەر بەهەر جۆرێ نارەزایی دەربڕن، ئەوا رووبەرووی ستەم و چەوساندنەوەو دەمکوتکردنەوە دەبنەوە، تەنانەت لە دۆخێکدا کە کارەساتێك چاوەڕێی هەمووان بکات و ببێتە هۆی لەناوبردنی و قەڵاچۆکردنی هەمووان، یاخود، چەسپاندنی دیموکراتیەت کە رێ بە بۆچوون و هەڵوێست و تێڕوانینەکانی تر بدات بۆ ئەوەی بە ئازادی گوزارشت لە خۆیان بکەن.

رەوتی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و خوێندنەوەی بەسەرهاتە مێژووییەکان کە رووبەرووی ئەو کۆمەڵگەیە بووتەوە لە کاتی کۆششی بەردەوام بۆ گەشەکردن و پێشکەوتن، ئەوە دەسەلمێنێ کە پەیرەوکردنی رێبازی دیموکراسی باشترو بەسودترە، لەبەر ئەوەی کە دەتوانێت ئاوات و ئامانجە گشتیەکانی کۆمەڵ بەدیبهێنێ. بەرامبەر بەمەش ئەزمونی ئەو کۆمەڵگایانەی کە دەسەڵاتدارانیان پەنایان بۆ حوکمی تاکڕەوی و دەسەڵاتی رەهای تاکڕەوانە و سەرکوتکردنی ئۆپۆزسیۆن و پشتگوێخستنی ئەو ئۆپۆزسیۆنە بردووە، ئەوەی سەلماندووە کە چۆن ئەو کۆمەڵگایانە دووچاری کارەسات بوونەو بە هۆی ئەو کارەساتانەوە چۆن رەوتی پێشکەوتن و گەشەکردنیان لەکارکەوتووە. ئەمەش بەڵگەیە بۆ چەوتی رێبازو ئەو شێوازانەی کە دەسەڵاتدارانیان پەیڕەویان کردووەو بووتە مایەی زیانێکی گەورە بۆ کۆمەڵ.

کاروباری کۆمەڵگەی نوێ ئەوەندە ئاڵۆزە بووە. کە مەحاڵە تەنیا پارتێك ببێتە خاوەن راستیەکی رەها لە شیکردنەوەو تێگەیشتن و وەرگرتنی ئەو بریارەپێویستانە کە پێشکەوتن بەدیبهێنێ، هەروەها زاڵبوونی یەك بۆچوون دەبێتە مایەی بنبەستن و لە دەستدانی توانای داهێنان، هەرچەندە نیازو

ئامانجەکانی پارت و تواناکانی رابەرایەتی شیاو و پایەدار بێت، لە زۆر حاڵەتیشدا ئەگەرەکانی هەڵەی گەورەو زیانبەخشی لە ئارادایە، دەسەلآتداران بۆ ماوەیەکی درێژ ئەو پارتە تووشی گەندەڵی بکات کە بە تەنیا ئەو دەسەلآتەی بە رێوە بردبێت، لەبەر ئەوەی بوونی رەوتی سیاسی جیاواز و ململانێی ئاشتیانە دەربارەی بابەتەکانی کاری نیشتمانی دەبێتە تاکە توانای بەدیهێنانی راستی.

هەبوونی ئۆپۆزسیۆن، دۆزێکی پێویستە بۆ بەرقەراری کۆمەڵگەو پێشکەوتن و هەروەها دەرفەت دەدات بۆ کێبرکێیەکی ئاشتیانەی بنیاتنەر لە نێوان پارتە جیاوازەکان و دەستەبەری زەمانەتێکی دەستوری راستەقینەی دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەلآت دەکات، هەروەها دەبێتە هاندەری گفتوگۆو کارێکەری لە نێوان بیرە سیاسییە جیاوازەکاندا بە مەبەستی گەیشتن بە باشترین چارەسەر بۆ کێشە کۆمەلآیەتیە سیاسییەکان.

نەبوونی ئۆپۆزسیۆنێکی دیموکراسی، بنەما شەرعیەکانی سستەمی دەسەلآت لە بەین دەباو بێتوانایی و ئاست نزمی چالاکییەکانی ئاشکرا دەکات  و ئەمەش هەرەشە لە بوون و مانەوەی دەکات. سیستەمی تاك پارتی ناچارە لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا بەرەو بیروکراسیەتێکی مشەخۆری بچێت، پلە پلە هەموو ئەوانەی هەناسەیەکی دیموکراسی خەباتکارانەیان هەیە، پەراوێز دەخات و تەنیا ئەو هەلپەرستانە دەهێڵێتەوە کە رانەهاتوون جلەوی پێشکاری بگرنە دەست، نە کارا دەبن و نە دەتوانن هەنگاوێ هەڵگرن ئەگەر پاش وەرگرتنی رێنمایی نەبێت لە دەستە باڵآکانەوە .

یەكێك لە گرنگترین بەڵگەكانی نەبوونی دیموكراسیەت و دروست پەیرەوكردنی، ئازادی هێزە ئۆپۆزسیۆنەكانە لە كارو بەشداری لە باری گشتیدا.

ئۆپۆزسیۆنە رەتكردنەوەی ویستی دەسەلاتە، ئەگەر ئەو دەسەڵاتە ناشەرعی بووو، وە ئۆپۆزسیۆنیش دۆخێكی سروشتییە لە دۆخەكانی مرۆڤ، هاوكاتی هەر دەسەڵات، یان هەر ستەمكاریەك یان هەر ملكەچییەك. رەتكردنەوەو بەرەنگارییە كە سنورێك بۆ د\ەسەڵاتی رەها دادەنێ.

دەسەڵاتیش شەرعی دەبێت كاتێ: كە پەنا بۆ گفتوگۆ دەبات لەگەلَ ئەویتری ناكۆك و ماف و سەروەریەكانی دەپارێزێت. بە واتایەكی دیكە نابێت خاوەن دەسەڵات، سنوری دەسەڵاتەكانی فراوان بكات بە پەراوێزخستنی ئۆپۆزسیۆن و بێبەشكردنی لە بەشداری چالاك و بەرهەمێن لە ژیانی سیاسیداو پەنابردن بۆ قۆرخكردنی دەسەڵات و بڕیاری سیاسی.

لەبەر رۆرشنایی ئەوە دەتوانین بلێین دەسەڵاتی دیموەكراسی، لەرزۆك، یان مایەپووچ دەبێت لە سایەی بونیاتێكی تەشریعی كە لەسەر بناغەی بڕوایەكی پتەو بە بنەمای قۆرخكردنی دەسەڵات و پەنابردنەبەر شێوازەكانی ساختەكاری لە هەڵبژاردندا ، ئەگەر دەقە تەشریعیەكان نەتوانن زامنی مانەوەی دەسەڵات بن لە دەستی كۆمەڵە كەسانێكدا كە بە كردەوە دەسەڵاتیان بە دەستەوەیە، ئەمەش دەبێتە هۆی گەشەكردنی هەستی خۆبە پیرۆزانی و هەڵەنەكەری لای ئەم كۆمەڵە كەسە. ئەم هەستەش دەبێت لە خۆڕا گەشە بكات، لەبەر ئەوەی كە مانەوەی لەسەر كورسی دەسەڵات شێوازێكی هەتا هەتایی وەردەگرێت.

ناكرێ سیستەمی دیموكراسی بونیاد بنرێت بێ گۆڕانی پەیوەندی نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن. لە پەیوەندییەكەوە كە پشت بە سەركوتكردن دەبەستێت. بۆ پەیوەندییەك كە پشت بە دەستور دەبەستێت. بۆ كەمكردنەوەی هەژموونی دەسەڵات وە بە مرۆڤانەكردنی پەیوەندییە كۆمەڵایەتیە سیاسیەكان.

هیچ سیستەمێكی دیموكراسی دانامەزرێ بێ بوونی دەرفەتێكی راستەقینە بۆ رەوتە جیاوازەكانی كە ئەمرۆ كەمینەن و لەوانەیە سبەی ببنە زۆرینەو دەسەڵات بگرنەدەست.

پارتی دیموكراسیخواز ئەو پارتەیە نییە كە تەنیا سورە بگاتە دەسەڵات بە شیوازێكی دیموكراسی. بەڵكو ئامادەشە دەستی لێهەڵگرێت و رێز لەو ماوە یاساییە بگرێت كە دیاریكراوە بۆ مانەوەی بێ هیچ دوو دڵی و دواكەوتن. بێ ئەوەی پەنا بەرێتەبەر هێنانەوەی هەندێ رێدەر (مبررات)یان دانانی كۆسپ لە رێی گەیشتنی ئۆپۆزسیۆن بە دەسەڵات بە گوێرەی بنەماكانی دەستاودەستكردنی ئاشتیانەی دەسەڵات. بەمجۆرە دیموكراسیەت دەبێتە بڕوای دەسەڵات، نەك تەنیا بە هەندێ چاكسازی بۆ هەڵمژینی توڕەیی و بێزاری جەماوەر.

قۆناغی گواستنەوە لە ژیانی كۆمەڵدا، كۆمەڵە قۆناغێكی پڕ قەیرانەو لە ناخیدا ململانێیەكی سەخت لە نێوان كۆنی هەرەس بردووی روو لە نەمان و نوێی لە دایكبوو لە منداڵدانی كۆندا بەرێوە دەچێت، ئەمەش یەكێتی دژەكانە، لە رێچكەی ئەم گۆڕانەشدا سیستەمێكی كۆمەڵایەتی نوێ و جۆرە مرۆڤێكی نوێ سەرهەڵدەدات.

# ئازادی وەك ناوەڕۆكی ڕێكخستنی سیاسی

هاوژینی مەلا ئەمین

*"ئازادی هەموو ئەو كاتو كارو كردەوەو داهێنانو شێوازانەی بوونە كە جڵەویان لە دەستی عەقڵو مەعریفەو چاكەدایە، لە دەرەوەی ئەم واتایەشەوە، شتێك بە ناوی ئازادی لە ئارادا نییە. ئەگەر ئازادی پرسی مرۆڤە، واتە پرسی بوونەوەرێكە خاوەنی بیركردنەوەو كلتورە، تەنها ئازادییەك مرۆڤانەیە كە بەرهەمی عەقڵو ڕێكخستنو بەتەنگەوە هاتنو بەرەنجامی تاقیكردنەوەو بیركردنەوەیە".*

*هاوژین*

لە پشت هەموو تێگەشتنێكەوە بۆ سیاسەتو ڕێكخستنی سیاسی تێگەشتنێك بۆ ئازادیو تێڕوانینێك بۆ سروشتو شایستەییو پێگەی مرۆڤ هەیە.

باشترین نمونە بۆ تێگەشتن لە ئەم ڕاستییە هۆبزە، هۆبز دۆخی سروشتی وەك دۆخی فەوزاو پێكداپژانو پێكداگژان سەیر دەكات، دۆخێك كە بەدەرە لە هەموو ڕەوایەتیو دانپێدانانێك، هەر بۆیە گەورەترینو گرنگترین هۆكارو سەرچاوە بۆ ڕەوایەتیو دانپێدانانو باڵداكێشان كە هیوای هەموو مرۆڤێكە بە سروشتی خۆی، هەبوونو بە دەست هێنانی هێزە، چونكە لە جەنگەڵو

لە نێو گەڕەلاوژێدا، تاكە گرنتی هێزەو هیچی دی، مرۆڤەكان بە سروشتی خۆیان هەموویان عەودالّی بەدەستهێنانی هێزو دروستكردنی ناهاوسەنگییەكن ـ لە بەرژەوەندی خۆیان لە پەیوەندیدا بە هێزەوە ـ بەڵام ئەوان لە هیچ شتێكدا، یەكسان نین وەك یەكسانیان لە توانا جەستەییەكانو یەكسانیان لە گەڕان بە دوای هێزو ڕاكردن لە مەرگو یەكسانیان لە ترس لە مەرگدا، هەربۆیە دواجار دەشێت یەكەم حیكمەتی عەمەلی كە فێری دەبن، دوای گەڕانێكی بیّ هودە بەدوای دروستكردنی ئەو نا هاوسەنگیەدا، ئەوەبێت كە پەیمانێكی كۆمەڵایەتی ببەستن، كە ناوەڕۆكی ئەم پەیمانە كۆمەڵایەتییە، دەسبەرداربوونە لە بەكارهێنانی هێزو داننانە بەو ڕاستییەدا كە دەبێت هەموویان، ئەو بڕە هێزەی كە هەیانە بیبەخشن لە پێناو دەربازبونیاندا لە نائارامیو لە جەنگی بەردەوام، بەخشینی هێزو كۆبوونەوەی بە شێوەیەكی چەندانەی لە لای كەسێك كە هاوشێوەی وەحشێكی ترسناكە، ئەوان دەگەیەنێت بە ئەو نابەرابەرییە لە هێزدا كە پرۆژەی تاكەكەسی هەر یەك لە ئەوان بوو، واتە ئەم پرۆژە تاكە كەسییە كە بە هیچ یەك لەوان بە ئاكام نەدەگەشت، ئێستا، بە هەموویان پێكەوەو هەریەك لە شوێنی خۆیەوە هەوڵی بەجێهێنانی دەدەن.

ئەوەی لە دەسبەرداربوونی هێز لە لایەن ئەوانەوە بەدیدێت، فەرمانڕەوایەتییەكی ڕەهای ئەو بوونەوەرە ترسناكەیە كە هەموو هێزێك، یان لانیكەم زۆرترین ڕێژەی هێز، لە لای ئەوەو ڕەوایەتی بەكارهێنانی هێزیش بە تەنها هەر لای ئەوە، ئەمە دەشێت لە ڕوخساری دەرەكیدا، توندوتۆڵترین فۆرمی دەسەڵاتی سیاسی بێت كە گریمانەی ئەوە دەكرێت ئازادییەكان تەواو سنوردار بكات.ئەگەر، لێرەوە، سەیری سیستمی سیاسی

بكەین لە پەیوەندیدا بە ئەو هەموو ئەگەرانەی جەنگو ناكۆكیو مەرگەوە، دەشێت یەكەم وێنا كە دەستمان دەكەوێت جڵەوگیرییو دەستبەسەرداگرتنو كۆنترۆڵ بێت، بەڵام لە ژێر ئەم مانایەدا مانایەكی قوڵتر كە ئامادەیی هەیە ڕێكخستنو ئەگەری كەمكردنەوەی بەركەوتنو بەگژداچوونو دەسدرێژی كردنە. بەم مانایە سیستمی سیاسی لە میكانیزمێك بۆ وەرگرتنەوەو سەر لە نوێ بخشینەوەو دابەشكردنەوەی ئازادی دەچێت.

ئەو تێگەشتنە لە ڕواڵەتدا ڕەوایەتی هەیە كە كۆنترۆڵكردنو تەنانەت ڕێكخستنیش دژ بە ئازادییەو لێرەوە دەشێت سەرهەڵدانی سیستمی سیاسیو ژیانی كۆمەڵایەتی ببەستینەوە بە جۆرێك لە كۆنترۆڵكردنی ئازادییەوە. بەڵام ئەو پرسیارەش ڕەوایە كە ئایا ئەو فەوزایەی لە دۆخی سروشتیدا هەیە بە مانا هۆبزییەكەی ئازادییە؟

لەسەر ئاستی زمانو خەیاڵی ئازادیخوازانەی تاك لە نێو كۆمەڵگاداو وەك نۆستالۆژیایەك بۆ هەڕەمەكی بوونی مرۆڤ لە دۆخی سروشتیدا، دەشێت ئازادی ئەو مانایەی هەبێت، بەڵام باوەڕو تێگەشتنی ئێمە لە پەیوەندیدا بە هۆبزەوە، ئەوەیە كە ناشێت بەو فەوزایە بگوترێ ئازادی، یاخود دەتوانین بڵێین كە ئازادی ئەو بڕە لە سەروەریو ڕێزو ڕۆڵو پێگەی كۆمەڵایەتییە، كە سیستمی سیاسیو دەسەڵات دەیبەخشێتەوە بە ئینسانەكان دوای ئەوەی كە ئەوان دەستی لێهەڵدەگرنو لەبەردەم ترسی مەرگدا، دەستبەرداری دەبن، واتە لە بنەڕەتدا مرۆڤەكان لە پێناو ئازادیدا دەسبەرداری هێزو فەوزا نابن، ئەوان دەسبەرداری هێزو توانای تاكەكەسی خۆیان لە پاراستنی ژیانی خۆیاندا دەبن لە پێناو ژیاندا، نەك لە پێناو ئازادیدا. بەڵام دڵنیابوونی مرۆڤ

لە ژیانی خۆیو دڵنیابوونی لە ئەوەی كە دستدرێژی ناكرێتەسەر، مەگەر ئەو كاتەی كە ئەو دەستدرێژی بكات، ئەم دڵنیاییە یەكێك لە بەرهەمەكانی ئازادی تاكەكەسییە، ئەو یاساو ڕێسایانەی، ئەو دەستورەی كە دەسەڵاتی پاشایەتی ڕەها، یاخود لیڤیاسان دایدەنێت، كە بونەوەرێكی دەستكردە لە هێز، چ لە پەیوەندیدا بە جەوهەری خۆیەوە، چ لە پەیوەندیدا بە بەرژەوەندی خۆیەوەو چ لە پەیوەندیدا بە بەرژەوەندی هاوڵاتیانەوە، بە سروشتی خۆی هەموویان كۆمەڵێك یاساو ڕێسان كە دەبێت پەیوەندییان بە بەكارهێنانو بەكارنەهێنانی هێزەوە هەبێت، لە دەرەوەی سنوری بەكارهێنانی هێزو زەوتكردن، یاساو بڕیارەكانی ئەو هیچ پێویستییەكیان نییە.

بەمشێوەیە ئەو ئەركە سەرەكییەی كە بۆ ئەم دەسەڵاتە دەمێنێتەوەو ئەو مانا بنەڕەتییەی كە بەهای پێدەداتو ئەو چییەتییە ئۆنتۆلۆژییەی كە هەیەتی جگە لە پارێزگاری هیچی دی نییە. بەڵام پارێزگاری لە چی؟

ئەوەی دەشێت لێرەدا وێنای بكەین، لە پەیوەندیدا بە خودی دەسەڵات خۆیەوە، جگە لە پارێزگاری لە مانەوەی ئەو هێزانە لە دەستی خۆیداو ڕێگەگرتن لە دابەشبوونەوەی هیچی دیكە نییە. لە كاتێكدا كە لە پەیوەندیدا بە هاوڵاتیانەوە تەنها، پاراستنی ژیانو سەربەخۆیی ئەوانە.

بەمشێوەیە، دەتوانین بڵێین كە بەرهەمی ڕاستەقینەو یەكەمو بنەڕەتی ئەم سیستمە، دەستەبەركردنی دڵنیاییو ڕەواندنەوەی ترسەو لێرەوە، دروستكردنو ڕەخساندنی زەمینەی لەبارە بۆ ئەوەی كە هاوڵاتیان بتوانن، گوڕو تینی پارێزگاری لە خودی خۆیان، پارێزگاری لە ژیانو لە دەستكەوتەكانیان، بگۆڕن بۆ گوڕوتین لە جموجوڵی ئازادداو گوڕوتین لە

بەرهەمهێنانی زیاتردا، چ بەرهەمی ماددیو چ بەرهەمی مەعنەوی. ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین کە ترس لە ژیان مانایەك بۆ ژیان خۆی ناهێڵێتەوە، ئەوکاتە ڕەواندنەوەی ئەم ترسە مانا بەخشینەوە دەبێت بە ژیانو ڕەخساندنی دەرفەت دەبێت بۆ هەموو هاوڵاتیان ـ دەرفەتی وەك یەك ـ تاوەکو بتوانن بەبێ ترس هەڵسوکەوتو جموجوڵ بکەن، واتە مانای ڕاستەقینەی ئامانج لە بوونی خۆیان کە ئازادییە بە دەستبهێنن. بەم شێوەیەش دەتوانین بڵێین کە ئەم سیستمە سیاسییە، ئازادی بەخشە بە سروشتی خۆیو ئازادی بەرهەمی ئەوە، بەو مانایەی کە دروستکردنی ئەو هەلومەجەیە کە تێیدا، ترس لە مەرگی دڕندانەو ترس لە زەوتکردنی دەستکەوتەکان بە تەواوەتی یاخود تا ئەندازەیەکی زۆر ڕەوییوەتەوە.

ناکۆکیو دوژمنایەتی هۆبز، لە گەڵ سیستمی سیۆکراتیدا، بۆ تێگەشتنی باشتر لەم دیدەی ئەو، بەهای تایبەتی خۆی هەیە. ئەو دەسەڵاتە ئیدیعای ئەوە دەکات کە ڕەوایەتی ئەو لە ئاسمانەوە دابەزیوەو دەشێت لە دەستورەکانی خۆشیدا، پێچەوانەی ئازادی تایبەتی ئەوان ـ هاوڵاتیان ـ بجوڵێتەوە. هەروەها دەبێت کە لە ڕووی شەکڵییشەوە ئەوە لە یاد نەکەین کە ئەم سیستمە، هەمیشە، ڕەوایەتی ئاسمانیی خۆی لە تاقمێکی سەر زەوی، خاوەن بەرژەوەندی تایبەت، وەك چینێکی کۆمەڵایەتی وەرگرتووە، ئەگەرچی ئیدیعای ئەوەی کردووە کە بەرهەمی پەیمانێکی ئاسمانییە.

لە پەیوەندیدا بە نێوان هاوڵاتیانەوە، ئەوەی کە ئەم سیستمە سیاسییە دەبێت بیکات هیچ نییە جگە لە دووشت، ڕێگەنەدانو قەدەغەکردنی هەموو شێوەیەکی دەستدرێژی، سنوردارکردنی ئازادی هەموو ئەوان ئەوکاتەی کە

ئازادی من دەستپێدەکاتو هەروەها سنوردارکردنی هەموو ئازادی ئێمە ئەو کاتەی کە ئازادی ئەو دەستپێدەکات.

بەمشێوەیە دەتوانین لە سێ چەمکی سەرەکیدا کە لە دروشمی یۆتۆپی دەچن ـ بەڵام زۆر بەدیهیشن لە ڕووی عەقڵییەوە ـ دەستورو ماهییەتی ئەو سیستمە هۆبزییە کۆبکەینەوە، کە بریتین لە یەکسانیو دادپەروەریو ئازادی. یەکسانی بەردی بناغەی سیستمی سیاسیەو ڕیشەی لە ئەو یەکسانییەدایە کە لە دۆخی سروشتیدا هەیە، کە یەکسانی مرۆڤەکانە لە تواناو لە ترسو لە گەڕان بە دوای بەرگریو دەستدرێژیدا، بۆ یەکسانییەکی ئیجابی کە یەکسانی ئەوانە لە دەرفەتو لە ئاسایشو لە گەڕان بە دوای سەروەریدا. دادپەروەریش بە واتای ئەرکو ئازادیش بە واتای ماف. مافی هەمووومان لە هەڵسوکەوتو داهێنانداو ئەرکی هەموومان بەرامبەر بەجێهێنانی پابەندییەکانمان لە نێو پەیمانی کۆمەڵایەتیدا، ڕۆڵی سەرەکی ئەو هێزە گەورەیەش لەم پرۆسەیەدا، بە زۆر ڕاگرتنو دواجار ڕاهێنانمانە لە سەر ئەوەی کە ئەم پرۆسەو پەیمانە هاوبەشە دەبێت بە باشی بەڕێوە بچێت. ئەم هێزە ڕێگە دەگرێت لەوەی کە کەسێك بیر بکاتەوە لەوەی پەیمانو پابەندییە مەدەنییەکانی خۆی جێبەجێنەکات. چونکە تەنها کەمترین گومان بەسە بۆ ئەوەی دڕدۆنگی مرۆڤەکان سەرهەڵبداتەوەو بەرەو دۆخی جەنگ بگەڕێنەوەو وەك هۆبز خۆی دەڵێت: بەبێ هەبوونی هێزێکی پارێزەریش، پەیمانەکانو پابەندییەکان دەشێت تەنها قسە بنو هیچی دی (بڕوانە: دیلۆ، ستیڤن: التفكير السياسي والنظرية السياسيةو المجتمع المدني. وەرگێڕانی ربيع وهبة و علاء أبو زيد، المجلس الأعلى للثقافة، مصر،الطبعة الأولى، 2003، ل253.).

بەمشێوەیە ئەوەی کە دەبێت مۆرکی سەرەکی دەوڵەتی مەدەنی بێت لە دیدی هۆبزەوە، دادپەروەری‌و بێ لایەنییە، چونکە ئەو بەو یاساو بڕیارانەی کە دەریان دەکات، یاسا دانەرو دادگەرەو لە جێبەجێکردنیشدا ئەو ناوبژیوان‌و بڕیاردەرو لایەنی سێیەمە. واتە هەموو بڕیارو ڕاستکردنەوەیەك لە دەستی ئەودایە هەربۆیە سروشت‌و ڕۆڵی ئەو هەم تاقانەیی ـ واتە دابەشنەبوون ـو هەم بێلایەنی دەخوازێت..

مەبەستی ئێمە لەم وتارەدا قسەکردن نییە لە سیستمی سیاسی، بەڵکو قسەکردنە لە ئازادی، بەڵام لە پەیوەندیدا بە سیستم‌و ڕێکخستنی سیاسییەوە. ئەو وانە گرنگانەی کە ئەم بەستنەوەیە پێمان دەڵێت، لە پەیوەندیدا بە سروشتی ئازادی‌و هەلومەرجەکانی بەدیهاتنییەوە، بە ڕای ئێمە وانەی تەواو سەرەکی‌و گرنگ‌و پێویستن بۆ تێگەشتنی دروست لە زۆر لەو ئالۆزی‌و کێشانە، هەروەها بۆ تێگەشتن لە زۆر لەو بەدحاڵیبونانەی کە پەیوەندییان بە تێگەشتن‌و مومارەسەکردنی ئێمەوە بۆ ئازادی هەیە، ئازادی بە مانا کۆمەڵایەتییە بەرفراوانەکەی کە هەموو چالاکییەکانی ئێمە لە فەزای مەدەنیدا لە خۆ دەگرێت، ئیدی چ چالاکی مەدەنی‌و چ چالاکی ئابوری‌و چ چالاکی سیاسی بن، چ چالاکی تاکەکەسی‌و چ چالاکی گروپ‌و حیزبی سیاسی‌و کۆمپانیاو سەنتەرە ئابوری‌و بازرگانییەکان بن‌و چ جموجوڵ‌و بڕیارو هەڵوێستی ئەو دەسەڵاتە سیاسییە بێت کە ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا هەیە.

یەکێك لەو کێشە ڕیشەییانەی کە ئازادی هەیەتی لە کوردستاندا، پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە بێلایەن نەبوون‌و هەروەها دابەشبوون ـ یەکنەبوونی ـ دەسەڵاتی سیاسییەوە هەیە. دەسەلات لە هەرێمی

كوردستاندا ـ ئێمە چاومان لە ئەزموونی دوای ڕاپەڕینە كە ئەم قسانە دەكەین ـ هەمیشە دەسەڵاتی براوە، دەسەڵاتی یەكێك لە شەڕكەرەكان، دەسەڵاتی یەكێك لە دەعواچییەكان بووەو بە شێوەیەك لە شێوەكان لە غیابی لایەنی سێیەم ـ بە مانا ڕاستەقینەو بێلایەنەكەیدا ـ بەڕێوە چووەو زۆر لە كێشە سیاسیو تەنانەت كۆمەڵایەتیو ئابورییەكانیش، بگرە هەندێ لە شەڕەكانی بازاڕو پێكدادانی ئۆتۆمبێلەكانیش، لە دۆخێكی ئاوادا یەكلایی كراوەتەوە، كە ئەمە بە مانا هۆبزییەكەی باس لە دۆخی بەر لە پەیمانی كۆمەڵایەتیو باس لە غیابی دەسەڵاتی مەدەنیو باس لە لۆژیكی دۆخی سروشتی دەكات، باس لە غیابی ڕاستەقینەی چەمكی ئەركو مافو یەكسانیو عەدالەتو ئازادی دەكات، باس لە غیابی سەروەری یاسا دەكات. ئەمە تاڕاددەیەكی زۆر دەتوانێت تەفسیری ئەوەمان بۆ بكات بۆچی ئێمە زیاتر لە ئەو چەمكانەی سەرەوە، باوەڕمان بە لۆژیكی هێزو هەڕەشەو خولْقاندنی مەترسیو هۆسەو گزیو میكانیزمی دیكە هەیە لە ململانێكانمانداو هەموو شتێك بۆ خۆمان بە ڕەوا دەبینینو حەسودی بە هەموو ئازادیو دەسكەوتێكی ئەوانی دی دەبەین.

واتە دەسەڵات لە كوردستان بێلایەن نەبووە، ئەم بێلایەن نەبوونەش بووەتە هۆی ئەوەی كە خۆی هەمیشە بەشێك بێت لە ململانێكانو ململانێكانیش وێنەی یاخیبوون وەربگرن. هەروەها دەسەڵات یەك نەبووە، تەنها مەبەستم لە دوو ئیدارەییو پارتیو یەكێتیش نییە لێرەدا، بەڵكو هەر لە ئەزموونی بەرەی كوردستانییەوە، تا بە دوا كابینەی حكومەت دەگات، ئێمە چەندین سەنتەرو جەمسەری بڕیارو فتواو قەزاو هێزو شتی دیكەمان هەبووە كە مانایان بۆ ئازادی ئێمەو سەروەریی یاساو بەڕێوەچوونی

گەمەکان نەهێشتۆتەوەو هیچ یەکسانییەکیان لە دەرفەتو بواردا نەهێشتۆتەوە، کە بەبێ ئەم یەکسانییە، هیچ گەمەیەك ناکرێتو هیچ ئازادییەك بە شێوەیەکی ڕەوا پرۆسێس ناکرێت، چونکە ئەو ئازادییە لە هەر چرکەساتێکدا دەشێت مەترسی گەورەی بۆ دروست ببێتو هەڕەشەی ڕەوایەتی - واتە ڕەوا نەبوون - ڕوی تێبکات. ئەگەر چەمکی ڕەواو ناڕەوا، ڕێگە پێدراوو ڕێگەپێنەدراو ڕوونو جێگیر نەبوون، ئیدی ئازادی هیچ مانایەکی نامێنێتو هەر ساتێك لە بەردەم مەترسی ئەوەدایە کە لە ڕێگایەکی پڕ سەروەریو شانازی هێنەرەوە، ببێتە هەڵەشەییو سەرە ڕۆییو کێشەخوڵقێنەر.

یەکێکی دی لەو وانە گرنگانەی کە ئێمە لە بینینی ئازادییەوە لە سایەی سیستمی سیاسیدا، یان لە بینینی ئازادییەوە وەك ناوەڕۆکی سیستمی سیاسی فێری دەبینو پەیوەندی بە تێگەشتنمانەوە هەیە لە چەمکی ئازادی خۆی، ئەوەیە کە ئەم چەمکەش، یاخود ئەم حەقیقەتەش، کە ئازادییە ئەویش بە هەمان شێوەی دەسەڵات چەمکێکە قابیلی دابەشبوون نییە. قابیلی کلكو گوێکردنو خەساندنو کەم ئەندامکردن نییە، ئەگەر ئازادی ئابوری نەبوو، ئازادی هاتوچۆ نەبوو، ئازادی سیاسی مانای نییە، ئەمە بۆ هەموو بوارو ناونیشانو بەشو لایەنێکی دیکەی ئازادیش هەر ڕاستە، بڕین، کەمکردنەوە، لوت وگوێکردنی ئازادی ڕادەربڕین، ئازادی ئاینی، ئازادی هەڵبژاردنی هاوسەرو هاوڕێو...هتد، دەسدرێژیکردنە سەر ئازادی ئابوریو ئازادی سیاسیشە، بە پێچەوانەشەوە هەر ڕاستە. تێکدانی هاوسەنگیو یەکسانی دەرفەت لە بازاڕدا، لە خوێندندا، تێکدانی هاوسەنگیو یەکسانیو

دەسدرێژیكردنە سەر ئازادی سیاسی هەمان ئەو كەسانەو هەموو ئەو كۆمەڵگایەیە بەگشتی.

پاشان ئازادی تەواو پێچەوانەی دەسەڵاتە لەوەدا كە بێ لایەن نییە، تەواو هەڵەین كە گەر واتێبگەین ئێمە دەسبەرداری هێزبووینو چەكمان داناوەو وازمان لە خۆ پڕچەككردن هێناوە بۆ ئەوەی سەرشۆڕو سەلامەت بژینو ئەمەش ناوبنێین ئازادی، بە پێچەوانەوە ئێمە ئەوەمانكردووە، بۆ ئەوەی كە ئەوەی بە چەك ناكرێتو بەشەق ناكرێت، بە قەڵەمو بە زمانو بە تەعبیر لە خۆكردنو بە چالاكی دیكە بیكەینو گومان لەوشدا نییە كە وەك هەر گەمەیەكی جیهانیی تۆپی پێش، فاوڵو ئاوتسایدیش دەكەین، بەڵام دڵنیاییو ئاسایشی خۆشمان لە دەست نادەین، نەك لە بەر ئەوەی كە دەربایس نین، بەڵكو لەبەر ئەوەی كە دڵنیاین، هەموومان دڵنیاین لەوەی كە لە ئازادیدا، لە ڕەوایەتیدا یەكسانینو پاشان، دەسەڵاتو وەحشێكی بێلایەنو دەستكردی هەمووشمان لەوێ هەیە، كە ئەو بێلایەنەو یەكێك لە حیكمەتەكانی بێلایەنی ئەو ئەوەیە كە ئێمە هیچمان بێلایەن نین، حیكمەتی بێلایەنی ئەو ئەوەیە كە ئازادی بێلایەن نییە.

لێرەدا دەمەوێت ڕاگوزەر ئاماژەیەكی خێرا بە ڕاگەیاندنو دەسەڵاتی حەوتەمو چاودێرو...هتد بدەم لە پەیوەندیدا بە ئەم كێشەیەوە، لەم كایەیەدا پێویستە هاوسەنگی ڕەچاوبكرێ ئەم زەمینەیە نابێت دابڕبكرێت، نابێت هەندێ كتێب بە ئاڵتونو هەندێ كتێبی دی بە دەستنوسو بە دزیو بێ ژمارەی سپاردنو بە ناوی خوازراوەوە بڵاو ببێتەوە، بەڵام هەرگیز نابێت چاوەڕوانی ئەوەبین كە نوسەرێك، ڕۆژنامەنوسێك، وا بنوسێت كە نەشیش بسوتێو نە كەبابو نەزەرەری بۆ پەزەكان هەبێتو نە قازانجی بۆ ئەوانی

دی، ڕەنگە من بە باشی بزانم وابنوسم، ڕەنگە تۆ لە نوسیندا، لە چالاكی سیاسیدا، لە دەربڕیندا، سنوری ئازادییەكانی خۆت ببڕیت، بەڵام هەموو ئەم كێشانەی كە بەهۆی هەڵوێستو بێلایەنەبوونو بە هۆی ململانێكانی ئێمەوە ڕوو دەدات پێویستە دەسەڵاتێكی بێلایەنو یاسایەكی ڕەواو جێگیرو گشتی، یەكلایی بكاتەوەو كۆتایی پێبهێنێت.

مەسەلەیەكی دیكەی تەواو گرنگ لە پەیوەندیدا بە ئازادیو سیستمی سیاسییەوە، مەسەلەی دابەشكردنە، ئێمە باسی ئەوەمانكرد كە ئازادی دابەش ناكرێت، بەڵام دەرفەتو سەرمایە دابەشدەكرێن، هەر بۆیە بۆ ئەوەی نەبنە ئامرازی دابەشكردنو لاقەكردنی ئازادی پێویستە ئەو سەرمایەو داهاتانەی كە موڵكداری تایبەت نایانگرێتەوەو نابێت ببنە هی هیچ كەس، بە یەكسانی بۆ هەموومان بمێنێتەوە، دەبێت ئاوو هەواو ئاسمانو جادەو ڕێگاوبانو سەرمایە سروشتیو نیشتمانییەكان، بە ڕەمزو بە ڕابردوو بە بەها نەتەوەییەكانو ئاینییەكانیشمانەوە، هی هەمووما‌ن بێتو كەس قۆرخیان نەكاتو دەسەڵات پێویستە ئەم گشتیبوونە بپارێزێتو سوكایەتی پێ نەكات، نابێت دەسەڵات ببێتە هۆی ئەوەی كە تۆ بتوانیت ڕۆنساید لێخوڕیو من لە سەر ڕاستە ڕێگای خۆم دەركرێم، چونكە نەتۆ نەخۆشی بە پەلەیتو نە ئەو شوێنەی بۆی دەچیتماڵی ئاگرتێبەربووەو نە منیش هاوڵاتی پلە دوو.

لە پەیوەندیدا بە هەموو ئەو شتانەشەوە كە دەشێت كەسێك بیكاتە موڵكی خۆی، واتە ببنە موڵكی تایبەت، ئەوشتانە دەبێت هەمووما‌ن وەك یەك، بە هەمان نرخو هەمان ئاسانكاریو هەمان ڕێوشوێن بتوانین ئەوە بكەین، دەبێت دەرفەتی یەكسان لە بەردەمماندا هەبێت، دەبێت هەمووما‌ن

وەك یەك تەندەرمان بۆ دەرچێت، ئەگینا، ئەوە خراپبەكارهێنانی دەسەڵاتو دوكاندارییە بەناوی حكومەتو ئەوە گەندەڵو ئەوە دروستكردنی نا بەرابەرییەكە لە كایەی ئابوریو موڵكداریدا كە دواجار تای ترازوی ئازادیمان لەق دەكاتو دەسەڵاتی سیاسی لەكەدار دەكاتو ڕەوایەتی لێ دەسەنێتەوە، ئێمە هیچ دوور نییە كە لە بەر دەسدرێژیكردنە سەر مافو موڵكی خۆمانو بە هۆی تەراتێنكردن بە سەریەوە، دوور نییە ئەو پەیمانەی كە نەمانداوە، هەڵیبوەشێنینەوەو بە یەكجاری بیكەینەوە بە فەوزاو بیكەینەوە بە دەرپەڕین.

# میدیاو ئێتیك (*)

**مەم بورهان**

دەسپێك:

ناکرێت قسە لەسەر ئەرك‌و بەرپرسیارێتیی‌و بونی میدیایەکی دروست بکرێت، ئەگەر تیایدا رەچاوی "ئێتیك" نەکرێت. لەم وتارەدا، سەرباری پێناسەکردنی "ئێتیك" (ئەخلاق –مۆراڵ– بەمانا فراوانەکەی لەروی فەلسەفییەوە)، ئاماژە بەتیۆرەکانی ئێتیك‌و پاشانیش هەندێ لەپەیماننامەکانی ئێتیکی رۆژنامەنوسیی سەندیکاو رێکخراوو دامەزراوەکانی تایبەت بەکاری میدیایی دەکەین (کە تا نوسینی ئەم وتارەو بەگوێرەی زانیاریی متەوازیعی من، تائێستا بەکوردی بەشێکی زۆری ئەو بەندو پرەنسیپانەی سەندیکاو ئاژانسە نێودەوڵەتییانەی تایبەت بەمیدیا بڵاونەکراونەتەوە)، ئەمەیش لەو سۆنگەیەوە کە ناکرێت باس لەبونی هەر میدیایەکی بەرپرسیارو تەندروست‌و پرۆفێشناڵ بکرێت، ئەگەر بەندو پرەنسیپەکانی ئێتیکی تیا رەچاونەکرابێت.

چەمك:

ئێتیك، یان بڵێین ئەخلاق (مۆراڵ) بەمانا فراوانەکەی، لەروی فەلسەفییەوە چەندین روانین‌و پێناسەی جیای بۆ کراوە..

بەشێوەیەکی گشتی پێناسەی ئێتیك، چ لەفەلسەفەو چ لەزانستە کۆمەڵایەتییەکاندا، بریتییە لەو چوارچێوەو پرەنسیپە گشتییانەی بەهۆیانەوە هەم ئینسانو هەم کۆمەڵگە بڕیاری ئەوە دەدەن کە چی بەباشو چی بەخراپ، چی بەجوانو چی بە ناشیرین، چی بەپرسیارو چی بەبێدەربەست، کێ بەزۆردارو کێ بەدادوەر، کێ بە بەڕەحمو کێ بەبێڕەحمو چی بەئینسانیو چی بەنائینسانی، دابنێن. بەمانایەکی دیکە دەکرێت بڵێین ئێتیك، یان مۆراڵ، بریتییە لەکۆی ئەو پرەنسیپانەی لەکۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا، یاساکانی رەوشتو هەڵسوکەوت دەستنیشاندەکەن[1].

ئەخلاقناسی لەمانا گشتییەکەیدا، لەو سەرەتا سۆسیۆلۆژییەوە دەستپێدەکات کە پێیوایە تاکەکانی ناو کۆمەڵگە تەنها لەرێگای بەهاو پرەنسیپە ئەخلاقییەکانەوە، دەشێت بەیەکدییەوە ببەسترێنەوە. لەم دیدەدا، نەبونی مۆراڵ یەکسانە بەنەبونی کۆمەڵگە. لەسەدەی رابردوداو لەژێر کاریگەریی سۆسیۆلۆژیای دۆرکهایمدا، ئەم دیدە سۆسیۆلۆژییە بۆ ئەخلاق چەسپاو بونی کۆمەڵگە راستەوخۆ بەبونی سیستمێکی ئەخلاقی ناوکۆیی هاوبەشەوە بەسترایەوە، بەهاکان وەك "چیمەنتۆیەکی کۆمەڵایەتی" پێشنیازکرانو کۆمەڵگەیش خۆی وەك پێکهاتەیەکی یەکگرتوو چونیەك پێناسکرا[2].

ریشەی بیری ئەخلاقی بۆ فەیلەسوفی گەورەی چین کۆنفۆشیۆس Confucius (551–479پ.ز) درێژدەبێتەوە. کۆنفۆشیۆس، گەورەترین فەیلەسوفە لەچینی دێرینداو هێشتا کاریگەریی بیربۆچونەکانی بەسەر "چین"ی هاوچەرخو ویلایەتەیەکگرتوەکانی ئەمریکاوە بێسنورە.

"كۆنفۆشیۆس"، وایدەبینێ زانین مانای ژیرییە، بەتایبەتی ئەوجۆرەی ژیریی كە یارمەتیدەری ژیانێكی باشترە بۆ تاكو كۆمەڵگە،و "كۆنفۆشیۆس" بەیەكەمین چاككارەكانی خەڵكیو حكومەتەكان دادەنرێت(3).

رەگەزی سەرەكیی بیری ئەخلاقی لەلای كۆنفۆشیۆس، پشت بە "گونجان" Propriety دەبەستێ" بەمانا رەوشتی كۆمەڵگە،و هەڵسوكەوتەكانی گوزارشت لەچاكە دەكەن" ئەگەر بەشێوەیەكی گونجاو، یان هاوسەنگ لەگەڵ رەوشتی كۆمەڵگەدا یەكیگرتەوە. فەلسەفەی زێڕین لای كۆنفۆشیۆس، بەمجۆرەیە: "ئەوەی كە حەزناكەیت بەسەرتدا روبدات، لەگەڵ خەڵكیدا مەیكە"(4).

تیۆری سۆفستائییەكانیش لەبارەی ئەخلاقەوە، لەدوو پرەنسیپی سەرەكیدا كورتدەكەینەوە:

**یەكەم/ پرەنسیپی خودیی:** واتە مرۆڤ پێوەری هەمو شتەكانە،و مرۆڤ مانای تاكە،و دواتر چاكە، چاكەی تاكە، یان ئەوەی وەهای دەبینێ چاكەیە، لەكاتێكدا چاكە چێژی تاك بێت، ئەوە هەموی بەمانای وردی ئەو وشەیە ببێتە هۆی دارمانی ئەخلاق.

**دوەم/ پرەنسیپی رێژەیی:** لەوبارەدا پرەنسیپی خودیی دەبێتە پرەنسیپی رێژەیی، كە چاكەیەكی رەها Absolute لەئارادانەبێت، مادامەكی تاكە بكەرەكە وای ببینێ ئەوەی كە چاكەیە، بەنیسبەت خۆیەوە چاكەیە. شتێك نییە چاكەی گشتی بێو بەسەر هاوڵاتیاندا پەیڕەو ببێت. ئەوەیشی پێیدەوترێت چاكەی "بابەتیی"، بونی نییە" كە خەڵكی یان سەرجەمی تاكەكان لەسەری كۆك بن، هەروەكچۆن چاكە لەكەسێكەوە بۆ

كەسێكی تر جیاوازە، هەروەها لەچاخێكەوە بۆ چاخێكی ترو لەكۆمەڵگەیەكەوە بۆ كۆمەڵگەیەكی تریش جیاوازە[5].

دەشێ ئاماژە بەوەیش بكەین ئەخلاقناسی ئەفلاتون جیاوازە لەئەخلاقناسی ئەرستۆو ئەخلاقی هۆبز ناكۆكە بەئەخلاقی كانت. لەئیسلامیشدا، ئەخلاقی موعتەزیلە زۆر جیاوازە لەئەخلاقناسی ئەرتۆدەكسی ئیسلامییو لەنێوان ئێتیكی ئیبن روشدو ئێتیكی غەزالیدا، دەریایەك جیاوازی هەیە. ئەرستۆ پێیوابو تەنها ئینسان خاوەنی ئەو دەستەواژە سەرەكییانەیە كە لەرێگایەوە ئەخلاقناسی تەعبیر لەخۆی دەكات. بۆ نمونە دەستەواژەی یەكسانیو دادوەریی، دوو دەستەواژەن نە خواوەندو نەئاژەڵەكان هەستیپێناكەنو نایناسن. ئاژەڵ نایناسێت" چونكە ناتوانێت بیربكاتەوەو ئەم شێوازە ئاماژانە بەرهەمبهێنێت. خوداوەندەكانیش" چونكە نامرنو سنورێك بۆ تواناكانیان نییە، بۆیە ناتوانن ئەو چوارچێوەیەیان هەبێت" كە لەناویدا ئەخلاق لەدایكدەبێت[6].

"ئەرستۆ"یش بایەخێكی تایبەتی بەئەخلاق داوەو "نێوەندكاریی" لەفەلسەفەی ئەرستۆدا، چەمكێكی سەنتراڵییەو رەنگدانەوەی توانایە بەئاڕاستەی رێی راست بۆ هەڵبژاردنی رەفتارە باشەكە، ئەمەیش لەروی دیاریكردنی بابەتی چاكەدا: مرۆڤی چاكەخوازیش هەمیشە "نێوەند" لەنێوان زیادەڕەوییو كولەمەرگیدا هەڵدەبژێرێت (بەوشێوەیەیش چاكەكاریی دەبێتە نێوەندێك لەنێوان دوو خراپەكاریدا: چاكە لەنێوان بەفیڕۆدانو رەزیلیدا،و ئازایەتیش لەنێوان هەڵەشەییو ترسنۆكیدا. هەر لێرەیشەوەیە كە زاراوە بەناوبانگەكە "نێوەندكارییە ئاڵتونییەكە" هاتوە. بەڵام لەكاروبارە

چاكەكاندا، ئەوە بەس نییە كە نێوەندكاریی بگیرێتەبەر، بگرە دەبێت باشەكەیان بەهێند وەربگیرێت[7].

بەڵام، كانت پێیوابو ناكرێت مۆراڵ، یان ئێتیك لەسەر بناغەی ئەو پرەنسیپانە دامەزرێن كە كاتین‌و ناتوانرێت لەهەمو شوێنێكدا پراكتیك بكرێن. بۆ نمونە ناتوانرێت ئەخلاقناسی لەسەر بنەمای چێژو لەززەت دروستبكرێت" چونكە هەم چێژو هەم لەززەت، دوو شتی كاتین‌و بەردەوام لەگۆڕاندان، لەكاتێكدا ئێتیك پێویستی بەبونی پرەنسیپی نەگۆڕ هەیە. بەمانایەكی دیكە، كانت دەیەوێت بڵێت ئێمە ناتوانین تیۆرەیەكمان سەبارەت بەئێتیك هەبێت" كە پشتئەستوربێت بەپرەنسیپێك كە هەمیشە لەگۆڕاندا بێت[8].

كانت باوەڕیشی وابو ئینسان لەنیازی كردنی چاكەوە نابێت بەبونەوەرێكی ئەخلاقی، بەڵكو لەو كاتەوە دەبێتە بونەوەرێكی ئەخلاقی كە لەئازادییەوە دەستپێبكات‌و چاكەكاریی بكات، بەمانایەكی دیكە ئینسان كاتێك بونەوەرێكی ئەخلاقییە كە لەپشتی چاكەكارییەوە هیچ حەتمییەتێكی كۆمەڵایەتی‌و بایۆلۆجی نەبێت" ناچارییبكات چاكە بكات[9].

فیختە[*] یش وەك عەمانوئێل كانت بایەخی بەبابەتی ئەخلاق لەكۆمەڵگەدا داوەو بە "خود" (Ego)ی ناوبردوە. مەبەستیشی لەخود كەسی بیركەرەوەیە، خود، بەبڕوای "فیختە" بیردەكاتەوە،و "ناخود" ( Non-Ego)یش بیرناكاتەوە. ئەوەیشی كە لەدایكدەبێت، یان خود لەتاكەكەسدا بونی دەبێت "ئیرادەی ئەخلاقیی" (Moral Will)و پەیبردن‌و تێگەیشتنە لەنەفس لەرێی ئەدەب‌و ئەخلاقەوە[10].

لەفەلسەفەی كۆنی گریكیشدا، دەشێ ئاماژە بەوە بكەین كە "سوقرات"، یەكێكبوە لەو فەیلەسوفانەی "هۆگری ئەخلاقیات بو، چاكسازیی ئەخلاقیو ئەخلاق پەروەرێك بو كە هەمو جۆرە خەڵكێكی دەهێنا بۆ ئەوەی ناچاریان بكات بنچینەو بنەمای كردەوەكانیان بخەنە ژێر بیرلێكردنەوەو رونكردنەوەو هۆدۆزییەوە"[11].

بەپێی پرەنسیپە ئەخلاقییەكانی "ماركس"یش، هەندێ چەمكی وەك ئازادیو یەكسانی، لەهەمو شتێكی دیكە گرنگتر بوە[12].

لەبواری میدیایشدا، چەندین پرەنسیپ هەن كە وەك ئێتیكی كاری میدیایی، رێوشوێنەكانی كاری میدیایی بۆ هەر ناوەندێكی میدیاو میدیاكاران رێكدەخەن. هەربۆیە، گرنگترین ئەو لایەنانەی كە هەر میدیایەكی سەركەوتو لەمیدیاكانی تر جیادەكاتەوە، وردبینی، بابەتیبون،و رێوشوێنەكانی ئێتیكو پیشەییە. بەپێچەوانەیشەوە، هەندێ چالاكیی میدیایی بەسەرپێچیكەر دادەنرێن، ئەمەیش لەو روانگەیەوە كە لەسنورەكانو رێساكانی ئێتیك لایانداوە[13].

دەكرێت وەها پێناسەی "ئێتیكی رۆژنامەنوسیی"ش بكەین ئەو لقەی فەلسەفەیە كە یارمەتیدەری رۆژنامەنوسان دەبێت" تا دەستنیشانی ئەوە بكەن كە راستەو بیانكات. ئەم ئێتیكە، لەلایەكەوە بە فەلسەفەی ئەخلاقی (یان زانستیی پێوانەكاریی رەفتار) دادەنرێت، ئەو میتۆدەی كە دەشێ بەوە پێناسەبكرێت كردەوەی ئیرادەگەرییانەیە. ئێتیكی رۆژنامەنوسیش، دەبێت ئەو هێڵە رێنماییكارییانەو رێساو پێوەرەكانو یاساكانو ئەو پرەنسیپانەیش رونبكاتەوە" كە وەها لەرۆژنامەنوس دەكەن (ناچارینەكات) بڕیاری ئەخلاقیی دیاریكراو بدات. دەیشبێت ئێتێك پێوەری دیاریكراو بۆ

رۆژنامەنوس فەراهەمبكاتو لەرێیەوە بڕیار لەسەر ئەو رەفتارانە بدات كە ئایا راستن یان هەڵە؟ باشن یان خراپ؟ بەرپرسیارانەیە یان نابەپرسیارانە؟[14].

فەیلەسوفی ئەڵمانی "عەمانوئێل كانت"، كە لەسەدەی هەژدەیەمدا ژیاوەو بە "فەیلەسوفی فەیلەسوفەكان" دادەنرێت، پێیوایە مرۆڤ تەنها لەرێی ئەو یاسایانەوە ئازاد دەبێت كە بۆ خۆی دایدەنێ، رەفتارێكیش نییە بۆ كەسێك كە بشێ ئەخلاقیی بێت، ئەگەربێتو هەر فشارێكی دەرەكیی وەك پاداشتو سزای هەبێت. واتە، "كانت" پەنجەی خستوەتە سەر رەگەزێكی سەرەكیی ئەخلاق، كە ئەویش پیادەكردنی خودیی، یان یاسای خودییە. "كانت" جەختیشی لەسەر ئیشتراكییەتی ئەخلاق كردوەتەوەو دەڵێت: سەربارى ئەوەی ئەخلاق مەسەلەیەكی شەخسییە، بەدڵنیاییەوە مرۆڤ بەتەنها لەروی ئەدەبی یان ئەخلاقییەوە مامەڵەدەكات، ئەمەیش لەوكاتەدا كە خۆی دەبەسترێتەوە، یان خۆی وا دەبینێ ئەندامێكی كۆمەڵگەی مرۆییە. ئەم تیۆرەی "كانت"، ئاماژەیەكیشە بۆ ئەقڵانییەت، لەبەرئەوەی هەر كەسێك دەبێت ئەقڵ بۆ دیاریكردنی كارە تایبەتییەكانی بەكاربهێنێ. بەوجۆرەیش بیركردنەوە مەنتقییەكە دەبێتە بنەمای ئەخلاق، لانیكەم لەروانگەی "كانت"ەوە[15].

تیۆرەكانی ئێتیك:

چەندین رێگا بۆ پۆلێنكردنی تیۆرەكانی ئێتیك (ئەخلاق) هەنو لەخوارەوە بەكورتی ئاماژە بەو تیۆرانە دەكەین[16]:

*** رەها/ رێژەیی:** هەوادارانی ئەخلاقی رەها پێیانوایە تەنها جیهانێك هەیە،و یاسایەكی ئەزەلیش هەیە كە لەهەمو سەردەمێكدا بەسەر هەمو

كەسێكدا پەیڕەودەكرێت. جەختیش لەوە دەكەنەوە بیروبۆچونە گۆڕاوەكانو نەرێتو بارودۆخەكانیش، هیچ جیاوازییەك دروستناكەن" كە كاریگەرییان بەسەر ئەم یاسا ئەخلاقییە رەهایەوە هەبێت. رەفتاری "راست"و رەفتاری "هەڵە"یش هەن، بەچاوپۆشین لەجێگاو كاتو بارودۆخە تایبەتییەكانیان.

لایەنگرانی ئەخلاقی رێژەیی-ش، ئەخلاقێكیان هەیە كە بەسۆزەوە گرێدراوەو بڕوایان وایە ئێمە بەفیعلی ئەو مافەمان نییە بڕیار لەسەر ئەخلاقی كەسانی تر بدەین، لەبەرئەوەی ئەم حوكمدانە تەنها گوزارشتە لەخستنەئەستۆ،و لایەنگیریكردنە لەلایەنی ئێمەوە. پێیانوانییە زاڵبونێكی ئەخلاقیی یاسایەك بەسەر یاسایەكی ترەوە هەبێت. واتە، كردارێك یان "پیاوێك" نییە لەیەكێكی تر باشتر بێت. لایەنگرانی ئەم تیۆرەیش، پێیانوایە پێوەری ئەخلاقیی، بەگوێرەی جیاوازیی بارودۆخو كاتو كلتورەكان دەگۆڕرێت.

* **بابەتیی/ خودیی:** دەشێ كەسی بابەتیی لەروانینیدا بۆ ئەخلاق، پشتیوانیكەربێت لەئەخلاق بەشێوە رەهاییەكەی. پێیوایە هەمو پێوەرەكانی ئەخلاقی رەها، بەزەرورەت بابەتین.

بەڵام، ئەوەی لەروانگەی خودییەوە بۆ ئەخلاق دەڕوانێ، روانێكی پێچەوانەی هەیە. وەها لەئەخلاق دەڕوانێت وەك ئەوەی زۆر بەسادەیی گوزارشت لەرای كەسێك یان هەڵبژاردنەكەی دەكات. ئەخلاق" بەنیسبەت ئەوانەی لەم روانگەیەوە لێی دەڕوان، پرەنسیپی ئەخلاقیی رێژەییە، جیاوازیی لەحوكمەكانی ئەخلاقییدا دەبینێت، ئەمەیش وەك ئەنجامێك بۆ

حاڵەتی ئەقڵیی كەسێكی دیاریكراو. بۆ نمونەیش: كارێكی "باش" بەنیسبەت منەوە، ئەوەیە كە من خۆمم خۆش دەوێت.

*** ئاڕاستە/ ئەنجام:** ئەم دوو تیۆرە بەهەردو تیۆرەی بابەتیبونو خودییو روانینی ئەخلاقییەوە گرێگدراوە. تیۆرەی "ئاڕاستە"، بەیەكێك لەوێنەكانی تیۆرەی خودیی دادەنرێت. بەگوێرەی ئەم تیۆرەیە، رەفتاری كۆن ئەوەیە كە تاكەكەس هەست بەئارەزوكردن بەلایداو بڕواكردن پێی دەكات. بەمانایەكی تر، رەفتارەكە بەهێز دەبێت" ئەگەربێتو لەگەڵ ئاڕاستەی كەسەكەدا بگونجێت. بەڵام تیۆرەی "ئەنجام"، تارادەیەكی زۆر جیاوازە، زیاتر لەپێگەی تیۆرەی "بابەتیبون"ەوە نزیكە، ئەمەیش لەرو روەوە كە پێوەرگەڵێ بۆ بەها لەدەرەوەی كەسەكە دادەنێت، بەتایبەتی لەو لایەنانەدا كە پەیوەندیدارن بەئەنجامەكانو شوێنەوارە كەڵەكەبوەكانی سەر رەفتار. باشترین نمونەیش لەسەر ئەم تیۆرەیە، ئەوەیە كە بە"ئەخلاقی سودگەرا" ناسراوە، هەروەكچۆن جێرمی بێنتامو جۆن ستیوارت میل بەرگرییان لێكردوەو گەیشتونەتە ئەو بڕوایەی پێوەری ئەخلاقیی هەر رەفتارێك، بەوەوە گرێدراوە كە ئەم رەفتارە چەندە سودی بۆ زۆرترین ژمارەی خەڵكی هەیە.

***پابەندبونی ئەخلاقیی/ ئامانج:** تیۆرەی پابەندبونی ئەخلاقیی وەهای دیاریكردوە كە راستی، یان هەڵەی رەفتارێك، یان كارێك، لەسەر كارەكە خۆی دەوەستیّ، نەك ئەنجامەكان، یان ئەو شوێنەوارانەی لێی كەوتونەتەوە.

تیۆرەی "ئامانج" (Teleology)یش –پێیوایە هەمو شتێك لەسروشتدا مەبەست لێی بەدیهێنانی ئامانجێكی دیاریكراوە– لەبواری ئەخلاقدا، خۆی

لەگەڵ تیۆرەی "ئەنجام"دا دەبینێتەوە" كە پێشتر وەبیرهێنرایەوە. بۆ نمونە لایەنگری تیۆرەی "چێژ" (Hedonism) –ئەو تیۆرەیە كە پێیوایە چێژ تاكە چاكەی سەرەكییە لەژیاندا–ی رۆژنامەنوسیی هەڵگری روانینی ئامانجدار، دەڵێت: ریفۆرم، یان گەندەڵی كاری رۆژنامەنوسێكی دیاریكراو، پشت بەرادەی ئەو خۆشگوزەرانیی یان خەمە دەبەستێ" كە بۆی دەهێنێ.

***جەدەلیەتی ئەخلاقیی/ شێوازەكانی تر:** رەمزێكی سیانەییەو واپێدەچێ لەرێی جەدەلییەتی "هیگڵ"ەوە گەشەی پێدرابێت، كە لەرێیەوە جۆرێ لە پێكهاتن لەئەنجامی ئەو ركابەرییەوە دروستبوە" كە لەنێوان هەردو تیۆرەی ناكۆك "ناكۆكو ناكۆكی ناكۆك"دا هەیە. هۆیەكیش بۆ پەسەندكردنی هەمو ئەم تیۆرانە هەن،و تیۆرەی ئەخلاقیش دەكرێ لەگەڵ ئەم تێگەیشتنەی تایبەت بەجەدەلییەتی ئەخلاقیی، بەهەر سێ سیستمە سەرەكییەكەیەوە بگونجێت. لەزانستی ئەم نمونانەیشدا، دەشێ ناوی ئەخلاقی رەوا (یان یاسایی) لێبنرێت، لەگەڵ بیروبۆچونە ركابەرەكان، یان ناكۆكی ناكۆك، دەشێ دەستەواژەی ئەخلاقی ناكۆكی لێبنرێت. بەڵام تیۆرەی گونجاندن، یان پێكهاتن، دەشێ ناوی ئەخلاقی پێگەی لێبنرێت، كە لەخوارەوە بەكورتی ئاماژەیان پێدەكەین:

**–ئەخلاقی رەوا:** بێگومان ئەمە بەسیستمێكی ئەخلاقیی رەها، یان بابەتیی دادەنرێت. بەشێوەیەكی بەرچاو پشت بەنەریتەكان، خۆگونجاندنی كۆمەڵایەتی،و یاسای ئەخلاقی ئایینی توند دەبەستێ،و تارادەیەكیش ئەقڵانییە –رەنگە بەشێوەیەكی زۆریش– لەگەڵ ئەوەیشدا زۆر لەكەسەكان سوردەبن لەسەر ئەوەی هەر شێوەیەك لەئاڵۆزكردنی یاسای رەفتاری مردو

(جامد)، ناكرێت ئەقڵانیی بێت. دەشێ ئەوەیشی بخەینەسەر كە ئەم تیۆرەیە، بەشێوەیەكی چڕ پشت بەئەنجامو شوێنەوار دەبەستێ.

كاتێك كەسێك یاسا پێشێلدەكاتو رەفتارێكی دژ بەیاسای ئەخلاقیی دەكات، لەرێی تاكەكەسەكانی كۆمەڵگەكەیەوە كە تیایدا دەژی، بەكەسێكی "نائەخلاقیی" لەرەفتاركردندا دادەنرێت. كەواتە، ئەخلاق زۆرینەی زۆری هاوسەردەمی ئەو كەسە دیاردەكات. ئەمجۆرەیش لەكۆدەنگیی ئەخلاقیی، ئەوە روندەكاتەوە كەسەكە ئەخلاقیی، یان نائەخلاقیی دەبێت" تا ئەورادەی كە بگونجێت –یان دروبێت– لەگەڵ پێوەرەكان، یان یاساكانی كۆمەڵگەكەیدا. بۆ نمونە رۆژنامەنوسیی ئەمریكی دەستورێكی ئەخلاقیی بەدرێژایی وڵاتەكەی پەسەندكرد،و هەر پەیڕەوكارێكی پیشەی رۆژنامەنوسیش، بڕگەیەكی لەم یاسایە پێشێلكرد، ئەم كارەی، لانیكەم، بەنائەخلاقیی دادەنرێت، ئەمەیش لەبواری "پیشە" تایبەتییەكەیدا.

بەوجۆرە، دەبینین سیستمی ئەخلاقی رەوا، سیستمێكی رەهایە، هەڵە وەك هەڵە دەبینیێو راستیش بەراست. وایشپێدەچێ تێیدا ئاسان بێت حوكم لەسەر رەفتاری شەخسیی بدرێت. بەوەیشی كە ئەم سیستمە لەبنەمادا بەسیستمێكی رەها دادەنرێت، سیستمێكی توندە، ئەمەیش لەبەرئەوەی دەرفەتی هیچ نەرمییەكو پاساوێك ناهێڵێتەوە.

**–ئەخلاقی ناكۆك بەیاساكان:** گێرەشێوێنەكان، ئەوانەی لەگەڵ هیچ شێوەیەك لەشێوەكانی یاساكانی ئەخلاقیدا، كارلێك ناكەن، كە بەئەخلاقی ناكۆك بەیاساكان ناسراوە (دژی یاسا)، ئەو كەسانە ئارەزومەندن لەرزگاربون لەهەمو پرەنسیپە بنەڕەتییەكانو رێساو پێوەرو یاساكان. لەوكاتەیشدا كە لایەنگرانی یاسای ئەخلاقیی ئارەزو بەلای ئەخلاقی رەها،

یان ستەمكار دەكەن، ئەوكات لایەنگرانی ئەخلاقی ناكۆكی یاساكان پەنادەبنە بەر ئاژاوەگێڕیی، یان نەهێشتنی ئەخلاق.

هەمیشەیش" ئەخلاقی ناكۆك بەیاساكان، پێیانوایە پێویستیان بەئامانژەكان، یان یاساكان نییە، ئەوان هەڵوێستێكی دوژمنكارانەی بەرانبەر وەردەگرن. بڕیارەكانی بواری ئەخلاقیش، بەگوێرەی "هەست"ی ویژدانییو هەڕەمەكیی دەدەن، كە لەو ساتەوەختەدا لەناخیاندا دروستدەبێت.

ئەخلاقی ناكۆك بەیاسایش، جۆرێكە لەنەبونی ئەخلاقی "نائەخلاقی"[(*)] كە دەبێتە هۆی رەفتارێكی لەرێ لادراوو هەرەمەكی. ناكۆكبونیش (یان ئەخلاقی ناكۆك بەیاسا) لەرۆژنامەنوسیدا، رەنگە زۆرجار بونی هەبێت، ئەمەیش لەو كۆمەڵگەیانەدا ئەڤینداری ئازادینو شكۆداری دەكەن.

**–ئەخلاقی هەڵوێست:** واپێدەچێ ئێستا گەیشتبێتینە تیۆرەی "پێكهاتەیی"ی ئەخلاق. ئەخلاقی نێوەندكاریی، ئەخلاقی گونجاندن، كە بەگشتی بەئەخلاقی هەڵوێست دەناسرێ. ئەم ئەخلاقە –هەمیشە– ناوچەی نێوەندی نێوان یاسا وەك رێكخەرو سانسۆر لەگەڵ ئەخلاقی ناكۆكدا داگیردەكاتو دەبێت رونو پەسەندكراوبێت. هەندێ جار ئەخلاقی هەڵوێست ئەقلانیی دەبێتو هەندێ جاریش لەسەر ئارەزو دەوەستێ. واتە ئەخلاقی هەڵوێست، لایەنگرانی یاساو ئەوانەیش دەگرێتەوە كە لەدژی یاسان. مانای رەفتاركردنی بەگوێرەی هەڵوێستەكە دەبێت" ئەخلاقیی بێت یان نائەخلاقیی. لەراستیدا، ئەخلاقی هەڵوێست، لەگەڵ یاسای ئەخلاقی تەقلیدیدا دەستپێدەكات.

میدیاكارو ئێتیك:

پێویستە لەسەر هەر میدیاكارێك بەپرەنسیپەكانی ئێتیكی كاری میدیاییەوە پابەندبێت، ئەمەیش لەو روانگەیەوە كە خاڵی دەستپێكە بۆ ئەنجامدانی هەر كارێكی پیشەگەریی دروستو رەچاوكردنی بابەتیبونو بێلایەنییو راستگۆیی لەكاری میدیاییدا. ناكرێت بەهەر میدیاكارو ناوەندێكی میدیا بوترێت، پیشەگەرو سەركەوتون، ئەگەربێتو رەچاوی پرەنسیپەكانی ئێتیكیان نەكردبێتو بەبەڵگەنامەكانی تایبەت بەئێتیكی میدیاییەوە پابەندنەبوبن..

گرنگی ئەم ئێتێكو رێوشوێنانەیش لەبەر چەند هۆیەك بۆ میدیاكاران گرنگن، لەوانە[17]:

-بەراسپاردەی ناوخۆیی بڕیاری پیشەیی لەو بارو بابەتە جیاجیایانە دادەنرێت" كە لەكاتی كارەكەیدا رایاندەپەڕێنێت.

-ئێتیكی پیشەیی مانای كۆمەڵێ لەپرەنسیپو بەهای رێكخراوە سەبارەت بەوانەی كە راستو بابەتین لەكاری میدیاییدا، كە پشتبەستە بەكۆمەڵی پرەنسپی ئاڕاستەكراوی رەفتاری ئەخلاقی.

چەندین پەیماننامەی ئێتیكی-ش هەن كە پیشەی میدیایی رێكدەخەنو ئەم پەیامانناماناەیش دوو جۆرن[18]:

-پەیماننامەی ناچاری، یان زۆرەملێ: لەم حاڵەتەدا، پەیماننامەكان هەندێ سزا لەخۆدەگرن، ئەگەربێتو رۆژنامەنوسانی پابەندپێیەوە سەرپێچی تیا بكەن.

- پەیماننامەی ئارەزومەندانە: ئەمەیان لەسەر ئارەزوی كارمەندانی ناوەندەكانی راگەیاندن خۆیان دەوەستێ" كە بەبەندو بڕگەكانیانەوە

پابەندبن،و ئەمانەیش چەندین شێوازو لایەنی ئێتیكی لەخۆدەگرن، لەوانە: پەیماننامەكانی تایبەت بەناوەندەكانی پەیوەندیكردن، وەك رۆژنامەنوسیی چاپكراو، سینەما، شانۆ، ئێزگە، تەلەفزیۆن‌و شێوەكانی پەیوەندیكردنی ئەلكترۆنی. ئەو پەیماننامانەیشی كە بایەخ بەناوەڕۆكی پەیوەندیكاریی دەدەن، وەك فێركردن، راگەیاندن، خۆشی،و جاڕدان. هەروەها ئەو پەیماننامانەیشی كە تەنها ناوەندێكی میدیا لەخۆدەگرن، چ رۆژنامەنوسیی چاپكراو بێت، یان رادیۆ، یاخود تەلەفزیۆن، یان شانۆ، یاخود سیستمەكانی پەیوەندیكردنی ئەلكترۆنیی. ئەو پەیماننامانەیشی كە لایەنێك یان زیاتری دروستكردنی پەیوەندیكاریی لەخۆدەگرن، وەك ئەوەی بۆ نمونە لەرۆژنامەدا رومالی هەواڵ‌و روداوەكانی رۆژ بكەیت، لەگەڵ جاڕدان (ریكلام)و دابەشكردن‌و رەواجپێدان.

لەچەند ساڵی رابردویشدا، مەسەلەی ئێتیكی پەیڕەویكردنی میدیایی لەجیهانی عەرەبیدا، بوەتە یەكێك لەمەسەلە دیارەكان‌و جێگای گفتوگۆ بوە، ئەمەیش بۆ ئەو وەرچەرخانە دەگەڕێتەوە كە هەمەچەشن‌و قوڵە لەسەر ئاستی ئەو سیستمە سیاسی‌و ئابوری‌و كۆمەڵایەتی‌و رۆشنبیرییەی جیهانی ئەمڕۆی عەرەبی بەخۆیەوە دەیبینێ[(19)]، هەروەكچۆن لەهەرێمی كوردستانیشدا بەهەمان شێوەیە. بەڵگەیەكی حاشاهەڵنەگریشە كە ئێتێكی میدیایی‌و پابەندبون پێیەوە، یەكێكە لەئەركەكانی هەر میدیاكارو هەر ناوەندێكی میدیایی.

بەرلەوەی میدیاكار بەبنەماكانی ئێتیكی كاری میدیاییەوە پابەندبێت، دەشێ پێشوەختە هەندێ پرسیاری وەك ئەوە بكات كە چ شتێك لەئەستۆی میدیادایە لەپێناو كارمەندو وەرگر (متلقی)و كۆمەڵگەكەیدا بیكات؟ كامانەن

ئەو پێوەرانەی کە پێویستە لەسەر میدیاکار لەکاری میدیاییدا پێیانەوە پابەندبێت؟ کامەیە رۆژنامەنوسیی باشو کامەیشە رۆژنامەنوسیی خراپ؟ چ شتێك لەئەستۆی رۆژنامەنوسدایە کە لەحاڵەتێکی دیاریکراودا بیانکات؟[20].

لەروانگەی خۆرئاواییانەیشەوە، ئێتێك بەپلەی یەکەم بەمەسەلەیەکی شەخسیی دادەنرێت، بۆ ئەوەیشی ئێتێك بەنیسبەت رۆژنامەنوسەوە مانایەکی هەبێ، دەبێت خەسڵەتە خودییەکان (رەفتارە شەخسییەکان)ی بخرێتە سەر. دوو خەسڵەتی سەرەکیش هەن کە رۆژنامەنوسان لەروی ئێتیکی کاری میدیاییەوە ئاراستەدەکەن، ئەوانیش[21]:

1- رۆژنامەنوس هەڵگری "ئاراستەیەکی جەماوەریی"یە" کە بەکەسانی تر کاریگەر دەبێت: وەك ئەو کەسەی زۆربەی بڕیارەکانی پاڵپشت بەو رێگایە دەیاندات کە پێیوایە کاریگەرییان بەسەر کەسانی تر، یان خودی خۆیەوە دەبێت. ئەو رۆژنامەنوسانەیشی بەکەسانی تر کاریگەرن، هەمیشە جەماوەر دەخەنە سەنتەری کارکردنیانەوە، ئەمەیش نەك لەروانگەی ئەو چەمکە دێرینەوە "ناوەکان هەواڵەکان دروستدەکەن"، بەڵکو لەرێی چەمکێکی بابەتیی ترەوە کە کاریگەریی کارە میدیاییەکە بەسەر خەڵکیدا دەخاتە پێش چاوییەوە.

2- ئەو رۆژنامەنوسانەی روداوەکان ئاراستەیان دەکەن: ئەم رۆژنامەنوسانە گرنگی بەراستییەکان دەدەنو بەروداوەکانەوە سەرقاڵن. هەروەها بەبارودۆخەکانیشەوە. ئەوەیش پێدەزانێ کە خەڵکی لەچیرۆکە هەواڵدا گرنگن، بەڵام بایەخی کەمتریان دەداتێ، ئەمەیش بۆ کاریگەریی راپۆرتەکانی بەسەر ئەو کەسانەوە کە پەیوەندییان پێیەوە هەیە، تەنها بایەخ بەروداوە کەوتوەکە دەدات.

ئەم دوو ئاڕاستەیە، بەفیعلی بەشێکن لەئێتیکی رۆژنامەنوسییو هەیشن ئومێدی ئەوە دەخوازن ئەگەر پێوەرەکانی ئێتیکی پابەندبون پێیانەوە ناچاریی بوایە، ئەوکات دەتوانرا مرۆڤ هەژماربکرێن" تاکو ئەخلاقیی بن. بێگومان ئەم روانینەیش ناکۆکە لەگەڵ چەمکی ئەخلاقدا، لەبەرئەوەی ناکرێت ئەخلاق بەزۆربێت. کاتێکیش بەزۆر چوارچێوەکانی رەفتارکردنی کەسێك دیاریدەکرێن، ئیرادە ئازادەکەی لەدەستدەدات. کەواتە، ئێتێك بەیاسایەکی رەفتاریی دادەنرێت کە بەسەر خوددا دەسەپێنرێت.

پێوەرە پیشەییەکانی کاری میدیایی:

چەندین پێوەر هەن دەستنیشانی ئێتیکی پیشەیی کاری میدیایی لەهەر ناوەندێکی میدیاییدا دەکەنو پێویستە لەسەر رۆژنامەنوس لەکاری میدیاییدا پێیانەوە پابەندبێت، پێوەرەکانیش ئەمانەن[22]:

1–**وردبینیی:** وردبینیی" بنەمای راستگۆییو متمانەیەو بڵاوکردنەوەی راستییەکان لەخۆدەگرێت. لەگەڵ وردبینیی لەوانەی وەرگیراونو ئەوانەیشی کە وتراون،و دەبێت وێنەو نیگارەکانیش گوزارشت لەراستی بکەن، واتە رەچاوی ئەوە بکەن گۆڕانکاری لەناوەڕۆکی راستەقینەی وێنەکاندا نەکرێتو راستییەکان نەشێوێنرێن.

2–**دڵسۆزیی:** بەکارنەهێنانی فێڵو خۆگێلکردن، یان هەر رێگایەك بۆ رادێریی (تنصت) لەبەدەستهێنانی زانیارییەکاندا لەخۆدەگرێت، تەنها لەهەندێ حاڵەتی کتوپڕیدا نەبێت، لەگەڵ تۆمارنەکردنی دەنگو وێنە ئەگەربێتو رەزامەندیی سەرچاوەکەی لەسەر نەبێت.

3–**پاراستنی بەڵێن یان پەیمان لەگەڵ سەرچاوەکەدا:** بەجۆرێ کە ئەو بەڵێنانە دیاریکراوو رون بن، بەڵێنێکی تیا نەبێت کە لەدەسەڵاتی

رۆژنامەنوسەكەدا نەبێت. ئەمەیش خۆی لەیەكێك لەو لایەنانەدا دەبینێتەوە كە پێكهێنەری متمانەن بە رۆژنامەكە (ناوەندە میدیاییەكە)، سەرباری سوربونی بەردەوام بۆ بەدیهێنانی سەربەخۆییو ئازادبون لەكۆتوبەندو پابەندبونە پێشوەختەكان.

4-**بێلایەنیی:** واتە خستنەڕوی راستییە پەیوەندداره‌كان بەبێ لایەنگیریكردن، ئەمەیش لەو سیاقەدا كە ماناكەی بەدەستەوە دەدات. لەگەڵ بڵاوكردنەوەی روانینی لایەنە ناكۆكەكانیش.

5-**تێكەڵنەكردنی كاركردن لەبواری نوسینو ریكلامداو ئیمزانەكردنی ئەو بابەتانەی ریكلامن.**

6-**بونی توانا لەدداننان بەهەڵەو دوودڵ نەبون لەراستكردنەوەیدا.** هەروەها سورنەبون لەسەر تكاكردن لەبۆچونێك، یان روانینێكی رۆژنامەنوسیی شەخسیی، بەڵكو تكاكردن بۆ خزمەتكردنی بەرژەوەندیی گشتی.

7- **خزمەتكردنی گشتی:** ئەوەیش لەرێی خستنەروی ئەو زانیارییانەی كە وا لەتاكەكانی كۆمەڵگە دەكات بڕیار بدەنو بەشداریی كارایان لەژیانی مەدەنیدا هەبێت. لەگەڵ خستنەروی زانیارییەكان لەبارەی روداوەكانەوە لەكاتی خۆیاندا.

8-**هەمەرەنگیی:** ئەم هەمەرەنگییە رومالكردنی هەمو بوارەكانی كۆمەڵگەو هەمو جۆرەكانی كەسەكان بەشێوەیەكی دادوەرانە لەخۆدەگرێت. لەگەڵ فەراهەمكردنی موحەریری لەبار كە نوێنەرایەتیی تەواوی توێژەكانی كۆمەڵگەو تەوژمە هەمەجۆرەكانی بكات. سەرباری هەمەرەنگیی لەهەڵبژاردنی سەرچاوە رۆژنامەنوسییەكاندا.

9–دەرفەتدان بەكەسەكان بۆ وەڵامدانەوە لەسەر ئەوانەی كە وایدەبینن راست نین، یان رەچاوی وردبینیی لەبڵاوكردنەوەیاندا نەكراوە.

10–جیاكاریی لەنێوان هەواڵو بیروبۆچونو كۆمێنتدا.

11–رێزگرتنی تایبەتمەندیی كەسەكانو خێزانەكەی، تەنها لەوكاتەدا نەبێت كە ناوەندە میدیاییەكە پاساوی هەبێت بۆ بەرژەوەندیی گشتییە.

12–سورنەبون لەسەر وێنەگرتن لەجێگا تایبەتەكاندا، بەبێ وەرگرتنی رەزامەندییان. هەروەها سورنەبون لەسەر پەیوەندیكردنی تەلەفۆنیی.

13–خۆ تێوە نەئاڵان لەكەسانی تر لەحاڵەتی خەم یان شۆكدا.

14–رەچاوكردنی هەندێ لەپێوەرو پابەندبونەكانی تایبەت بەكاروباری منداڵان، هەروەكچۆن دەبێت پێشوەختە رای خێزانەكانیان یان قوتابخانەكانیان وەربگیرێت. ئەمەیش بەر لەقسەكردن لەگەڵ منداڵەكان، یان وێنەگرتنیانو پارە نەدانیش بەناكامەكان" بەرانبەر بەبڵاوكردنەوەی زانیاریگەلێ كە زیانیان بۆ سەر بەرژەوەندیی منداڵان هەبێت، بەتایبەتی ئەو مەسەلانە پەیوەندیدارن بەپرسەكانی سێكسەوە.

15–رەچاوكردنی هەندێ لەپێوەرەكان لەو شتانەدا كە پەیوەندیدارن بەوەڵامدانەوەی نەخۆشخانەكانو روماڵكردنی كاروبارەكانیان.

16–دروكەوتنەوە لەرونكردنەوەی ناسنامەی كەسە نزیكو هاورێكانی هەمو ئەوانەی تۆمەتباركراون، یان بەهۆی تاوانێكەوە تۆمەتباركراون، ئەگەربێتو رەزامەندیی خۆیانت لەسەر ئەو رونكردنەوەیە وەرنەگرتبێت.

17–روننەكردنەوەی ناسنامەی قوربانیانی دەستدرێژیكردنە سێكسییەكان، تەنها لەوكاتەدا نەبێت كە پاساوێكی بەهێز لەئارادابێت.

**18–دروكەوتنەوە لەجیاكاریی نەژادیی، ئەمەیش لەرێی درووركەوتنەوە لەو رومالْكردنەی تەركیزە دەخاتە سەر خستنەروی وێنەیەكی چەسپاوی هەندێ لەگروپەكان.**

**19–سودمەندنەبونی شەخسیی لەهەر زانیارییەك كە رەنگە رۆژنامەنوسەكە پێشوەختە پێی بزانێتو پێنەدانی بەكەسانی تر كە بەر لەبلاوكردنەوەی لێی سومەندبن[23]، لەگەڵ بەشدارینەكردن لەفرۆشتنیدا، یان كڕینی ئەو شتانەی كە لەبارەیەوە دەینوسن.**

**20– پارێزگاریكردنی بەنهێنیی هێشتنەوەی سەرچاوەی زانیارییەكانو ئاشكرانەكردنیان.**

**21–پارەنەدان بەرانبەر بەدەستهێنانی زانیاریی بۆ بابەتی رۆژنامەنوسیی، تەنها لەوكاتەدا نەبێت كە بەرژەوەندیی گشتیی تیابێت.**

پەیماننامەكانی ئێتیكی كاری میدیایی:

زێدەرۆیی نییە ئەگەر بڵێین ئەمرۆ لەجیهاندا، لەمپەڕی گۆی زەوییەوە بۆ ئەوپەڕی گۆی زەوی، سەدان پەیماننامەی ئێتیكی رۆژنامەنوسیی هەن، كە دەستنیشانی چوارچێوەی ئیشكردنی میدیاكارانو ناوەندە جیاجیاكانی میدیا دەكەن.

ئەم پەیماننامانەی تایبەت بەئێتیكی رۆژنامەنوسیی، رۆڵی گرنگ لەرێكخستنی كاری میدیاكارانو ناوەندەكانی میدیا لەروی رەچاوكردنی بەرپرسیارێتیی، راستگۆیی، دڵسۆزییو بابەتیبونو دادوەریی لەكاری میدیاییدا دەكەنو پاڵنەرێكیش دەبن بۆ میدیاكاران كە بەكردەیی میدیاكاری پیشەگەر (پرۆفێشناڵ) بنو ناوەندەكانی میدیایش بەرپرسیارانە ئەركە میدیاییەكانیان راپەڕێنن. دەكرێت ئاماژە بەوەیش بكەین، بونی پەیمانی

ئێتێکی میدیایی هەر ناوەندێکی میدیا، ئاماژە نییە بۆ ئەوەی کە ئەو ناوەندە میدیاییە بەتەواوی بەبەندو پرەنسیپەکانی ئێتیکی رۆژنامەنوسییەوە پابەنددەبێت، ئەمەیش لەو سۆنگەیەوە کە زۆرجار میدیاکارو ناوەندەکانی میدیا لەپرۆفێشناڵبون لادەدەنو سیاسەتو بەرژەوەندیی شەخسیی، دارایی، کۆمەڵایەتی.. هتد جڵەوگیریان دەکەنو دەبنە هۆی ئەوەی کە رۆژنامەنوسو ناوەندەکانی میدیا پێشێلی بنەماکانی ئێتیك بکەن، تەنانەت ئەگەر ناوەندە میدیاییەکە خاوەنی پەیماننامەی تایبەت بەئێتیکی رۆژنامەنوسیش بێت،و هەندێ جاریش لەبەرانبەر پێشێلکردنی بەندەکانی ئێتیکی رۆژنامەنوسیدا، سزای یاسایی دانراون، هەروەکچۆن لەم نمونەیەی خوارەوەدا روندەبێتەوە:

پەیامنێرێکی رۆژنامەی "وولْ ستریت جۆرنالْ" بەناوی "فۆستەر وینانز"، بەر لەچەند ساڵێك ستونێکی رۆژنامەنوسیی هەبوو لەزانیارییەکانیدا پشتی بەسەرچاوەکانی بازرگانیکردن بەپشکەکان دەبەستو بڕیاریدا زانیارییەکانی بەیەکێك لەهاوڕێی پشکدارەکانی بفرۆشێت.

"فۆستەر"" بەرانبەر ئەم بازرگانیکردنە بەزانیارییەکانەوە، بڕی 31 هەزار دۆلاری پێدرا، ئەمەیش لەبەرانبەر دزەپێکردنی زانیارییەکاندا بو بۆ ژمارەیەك لەخاوەن پشکەکانو ئەمەیش وایکرد ئەو پشکدارانە بتوانن کڕینو فرۆشتن بەپشکەکانەوە لەهەندێ لەکۆمپانیاکاندا بکەن" بەر لەوەی "فۆستەر" زانیارییەکان بڵاوبکاتەوەو بەمەیش پشدارەکان بەهۆی دزەپێکردنی ئەو زانیارییانەوە، بەبڕی نزیکەی 690 هەزار دۆلار سومەندبون. لەدواجاردا، فۆستەرو پشکدارەکان دەستگیرکرانو لەدادگادا بەپێشێلکردنی یاسای ئاڵوگۆڕپێکردنی پشکەکانو سەنەدەکان

تۆمەتباركران، ئەمەیش بەهۆی ئەوەی زانیاریی نهێنییان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەكارهێناوە. "فۆستەر ویناز" حوكمی 18 مانگ زیندانیكردنی بەسەردا سەپێنرا، سەرباری خستنە ژێر چاودێرییەوە بۆ ماوەی پێنج ساڵو كاركردن لەخزمەتكردنی كۆمەڵایەتی بۆ ماوەی 400 سەعاتو غەرامەكردنیشی بەبڕی 500 دۆلار(24).

ئەو نمونەیەی سەرەوە، ئاماژەیەكی رونو ئاشكرایە كە نەك هەر پێشێلی بنەماكانی ئێتێكی رۆژنامەنوسیی كراوە، بەڵكو تەنانەت بەرژەوەندیی دارایی وەهای لەو رۆژنامەنوسەی "وولّ ستریت جۆرناڵ" (كە یەكێكە لەرۆژنامە بەناوبانگەكانی جیهانو بەناوەندێكی میدیا پرۆفێشناڵ هەژماردەكرێت) كردوە، پێشێلی یاسایش بكات" كە بەكارهێنانی زانیاریی نهێنیی بۆ بەرژەوەندیی شەخسیی قەدەغەدەكات.

هەربۆیە، تێبنیدەكرێت لەنێو مێژوی رۆژنامەنوسیدا لەجیهان، زۆرن ئەو رۆژنامەنوسو ناوەندانەی میدیا كە سەرباری ئەوەی پەیمانی تایبەت بەئێتیكی رۆژنامەنوسییان هەیە، بەڵام دواجار بەهۆی بەرژەوەندیی جیاجیاوە، پرەنسیپەكانی ئێتیك پێشێلدەكەنو زیان بەپیشەی رۆژنامەنوسییو ناوەندەكانی میدیایش دەگەیەنن.

سەرنوسەرانی رۆژنامەكانی ئەمریكا (كە ژمارەیان لەسەروی دوو هەزار رۆژنامەوەیە)، لەرۆژی 1975/10/23دا، رێكەوتون لەسەر پەیمانی ئێتیكی رۆژنامەنوسیی، كە بەتەواوكەری رێساكانی ئێتیكی رۆژنامەنوسییان دادەنرێت، كە لەساڵی 1922داو لەژێر ناوی "یاساكانی رۆژنامەنوسیی"دا دەرچوە(25).

ئەم پەیماننامەیەی ئێتیكی رۆژنامەنوسیی سەرنوسەرانی رۆژنامەكانی ئەمریكا، كە لەپێشەكییەكەیدا ئاماژە بەیەكەمین چاككاریی دەستوری ئەمریكا كراوە" كە تیایدا زامنی ئازادیی رۆژنامەنوسیی كراوەو ئەم ئازادییە بەدەستوریی كراوە، بۆیە ئەم ئازادییەیش بەرپرسیارێتیی دیاریكراو دەخاتە ئەستۆی رۆژنامەنوسان، هەربۆیە كۆمەڵەی سەرنوسەرانی رۆژنامەكانی ئەمریكا ئەو بەیاننامەیەیان وەك مۆدێلێك، یان پێوەرێك داناوە" كە هاندەربێت بۆ گەیشتن بەبەرزترین ئاستی ئەداكردنی ئەخلاقییو پیشەیی[26].

لەپەیماننامەكانی ئێتێكی رۆژنامەنوسیی كۆمەڵەی سەرنوسەرانی رۆژنامەكانی ئەمریكادا، ئاماژە بەشەش پرەنسیپ كراون، كە ئەوانیش "بەرپرسیارێتیی، ئازادیی رۆژنامەنوسیی، سەربەخۆیی رۆژنامەنوس، راستگۆییو وردبینی، بێلایەنیی رۆژنامەنوس،و رەچاوكردنی دادوەریی لەنوسینەوەی چیرۆكەهەواڵدا"ن.

رێكخراوی یۆنیسكۆو ئێتیكی رۆژنامەنوسیی نێودەوڵەتی:

لەچوارەمین كۆبونەوەی رۆژنامەنوسانی جیهانیو هەرێمایەتیدا كە لەلایەن رێكخراوی "یۆنیسكۆ"وە سەرپەرشتیدەكراو ساڵی 1983 لەپاریس بەڕێوەچو، ئەم پرەنسیپە نێودەوڵەتییانەی ئێتیكی پیشەیی رۆژنامەنوسیی دانران[27]:

1–پرەنسیپی مافی گەل لەزانیاریی راستدا.

2–پرەنسیپی پابەندبونی رۆژنامەنوسان بەراستیی بابەتیی.

3–پرەنسیپی بەرپرسیارێتیی كۆمەڵایەتیی رۆژنامەنوس.

4–پرەنسیپی بێخەوشیی پیشەیی رۆژنامەنوس.

5–پرەنسیپی مافی گەل لەزانیارییەكانو بەشداریكردندا.

6–پرەنسیپی رێزگرتنی تایبەتمەندێتییو ئابڕوی مرۆیی.

7–پرەنسیپی رێزگرتنی بەرژەوەندیی گەل.

8–پرەنسیپی رێزگرتنی بەهای جیهانییو هەمەرەنگیی كولتورەكان.

9–پرەنسیپی زاڵبون بەسەر ئەو جەنگو شەڕەنگێزییانەدا كە روبەروی مرۆڤایەتیی دەبنەوە.

10–پرەنسیپی گەشەپێدانی سیستمی نوێی جیهانیی میدیاو پەیوەندیكردن.

ئاژانسی هەواڵی ئەسۆشەیتدپرێسو ئێتیكی رۆژنامەنوسیی:

ئاژانسی هەواڵی ئەسۆشەیتدپرێس رێسای ئێتێكی پیشەیی رۆژنامەنوسیی داناوە" تاكو هەواڵسازو كارمەندەكانی پێیانەوە پابەندبن، ئەوانیش[28]:

–بەرپرسیارێتیی: وەكچۆن رۆژنامەی باش دەبێت دادوەرو وردو دڵسۆزو سەربەخۆ بێت،و هەمیشە لەرومالكردنی هەواڵەكاندا چاوی لەسەر راستیی بێت.

–وردبینیی: دەبێت رۆژنامە بەوردییەوە كار لەگواستنەوەی هەواڵەكاندا بكاتو لایەنگیریی نەكات،و لەكاتی گونجاویشدا هەڵەكان راستبكاتەوە.

–دڵسۆزیی: بابەتییانە هەواڵەكان بڵاوبكاتەوە" بێئەوەی لەپشتی بڵاوكردنەوەكەوە بەرژەوەندییەكی شەخسیی رۆژنامەنوسەكە، یان هەواڵسازەكە، یاخود رۆژنامەكە، یان هەر لایەنێكی دیكە هەبێت.

–پێكدادانی بەرژەوەندییەكان: دەبێت كارمەندانی رۆژنامەكە، لەرۆژنامەنوسانو هەواڵسازەكان، ئازادبن لەهەر پابەندبونێك بەرانبەر سەرچاوەكانی هەواڵ، یان گروپەكانی بەرژەوەندییە تایبەتەكان.

هەروەكچۆن دەبێت دوربكەونەوە لەهەر بەرژەوەندییەكی دارایی لەبەرانبەر بڵاوكردنەوەی هەواڵدا.

ئەمەیش، كورتەیەكە لەرێسای نمونەیی رەفتاری رۆژنامەنوسیی" كە كۆمەڵەی بەڕێوەبەرانی نوسینی ئەسۆشەیتدپرێس لە1975/4/15دا، پەسەندیكردوە.

سیاسەتی ئاژانسی یونایتد پرێس ئینتەرناشیۆناڵ لەئێتێكی رۆژنامەنوسیدا[29]:

هـ.ل. ستیفنسۆن سەرنوسەری ئاژانسەكە، بەیاننامەیەكی لەمبارەیەوە ئامادەكردو بەكورتی تیایدا هاتوە كە ئاژانسەكە هەوڵەكانی بۆ رومالكردنی بێلایەنانەو هاوسەنگییانەی هەواڵی جیهان دەچەسپێنیٚ، ئەمەیش لەپێناو پاراستنی پێدانی زانیاری بەجەماوەر.

ئابڕوی ئاژانسەكە بەسەر هەمو وشەیەكەوە هەڵواسراودەبێت كە دەینوسێت. دروشمی ئاژانسەكەیش، ئەوەیە بەر لەكەسانی تر هەواڵی دەستبكەوێت، بەڵام دەبێت لەوە دەڵنیاببێتەوە كە هەواڵی راستن،و هەڵە نەكات،و دەیشبێت بەخێراییو بەتەواوەتی هەڵەكان راستبكاتەوە.

دەیشبێت تایبەتمەندێتیی بەهێند وەربگرێت، واتە هەمو كەسێك مافی پاراستنی كاروبارە تایبەتییەكانی هەیە.

سەرباری ئەوەی حاڵەتگەلێ هەن كە دەشیٚ پێكدادانی بەرژەوەندییەكانی تیابێت، بەڵام دەبێت لەسەر حسابی هەواڵەكان چارەسەری ئەم حاڵەتانە بكرێت،و پەیوەندیی نێوان كارمەندەكانیش لەسەر بنەمای هاریكاریی بێت،و لەروی هاریكاریكردنیشەوە، نابێت بەزانیاریو بەڵگەنامە كۆمەكی ئەو

ئاژانسانە بكرێت كە خەسڵەتێكی نهێنییان هەیە. ئەوەیش، لەساڵی 1981دا، بوە.

رۆژنامەنوسیی بریتانییو ئێتیكی رۆژنامەنوسیی:

یەكێتیی نیشتمانیی رۆژنامەنوسانی بریتانیا، لە 1994/6/29دا، پرەنسیپەكانی دەستوری رەفتاری رۆژنامەنوسیی داناوە(30):

1–پێویستە لەسەر رۆژنامەنوس پارێزگاری لەبالاترین ئاستی پیشەییو ئێتیكیی بكات.

2–لەهەمو ساتەوەختێكدا، رۆژنامەنوس داكۆكی لەپرەنسیپەكانی ئازادیی رۆژنامەنوسییو ناوەندەكانی میدیا دەكات" ئەمەیش لەوانەدا كە پەیوەندیدارن بەكۆكردنەوەی زانیارییەكانو گوزارشتكردن لەكۆمێنتو رەخنەكان.

3–رۆژنامەنوس" زامنی ئەوە دەكات ئەو زانیارییانەی كە بڵاویاندەكاتەوە، دادوەرانەو وردنو دورن لەساختەكارییەوە.

4–رۆژنامەنوس ئەگەر زانی وردبین نەبوەو زیانی بەهەواڵەكە گەیاندوە، یەكسەر هەڵەكە راستدەكاتەوەو ئەو راستكردنەوەو داوایلێبوردنانەیش كە پێیدەگات، بەشێوەیەكی بەرچاو بڵاویاندەكاتەوە.

5–رۆژنامەنوس بەرێگای راست زانیاریو وێنەو رونكردنەوەكانی پێدەگات. لەرەتكردنەوەی بەكارهێنانی رێگا ناگونجاوەكانیشدا، ویژدانی حەكەم دەبێت.

6–لەحاڵەتی پاساوی رەچاوكراوەكانی خەمباریدا" كە بەبەرژەوەندیی گشتییەوە پەیوەندداربێت، رۆژنامەنوس هەوڵی ئەوە نادات رۆبچێتە نێو خەمی شەخسیی، یان ئەو مەینەتییانەوە" كە كەسەكان تێیكەوتون.

7–رۆژنامەنوس" پارێزگاری لەنهێنیی هێشتنەوەی سەرچاوەی زانیارییەكان دەكات.

8–رۆژنامەنوس" بەرتیل یان ئیغراكردنەكانی تر وەرناگرێت" كە كاریگەرییان بەسەر ئەنجامدانی ئەركە پیشەییەكانیەوە هەبێت.

9–رۆژنامەنوس" رێگا بەخۆی نادات راستییەكان بشێوێنێ، یان بەهۆیەوە بیانشارێتەوە كە پەیوەندییان بەپرسەكانی ریكلام، یان پرسەكانی ترەوە هەبێت.

10–رۆژنامەنوس" ئاماژە بەزانیاریی شەخسیی لەبارەی حاڵەتی كەسی مەبەستدار ناكات، تەنها لەوكاتەدا نەبێت كە ئەو زانیارییانە پەیوەندییان بەو بابەتەوە هەبێت كە دەینوسێت. بابەتێكیش نانوسێت، یان پێشكەشناكات" هاندەربێت بۆ جیاكاریی، یان گاڵتەجاڕیی، یاخود رقلێبونەوە، یان ناهەقیی.

11–رۆژنامەنوس" هیچ سودێكی شەخسیی لەو زانیارییانە دەستناكەوێت" كە لەكاتی راپەڕاندنی ئەركەكانیدا، بەرلەبڵاوكردنەوەیان بۆ گەل، دەستیكەوتون.

12–رۆژنامەنوس" رەزامەند نابێت بەخستنەروی ریكلام بۆ هەر بەرهەمهێنراوێكی بازرگانیی، یان خزمەتێك" كە كاریگەریی خراپی بەسەر گەشەكردنی كارەكەیەوە هەبێت، یان بەسەر ئەو دامەزراوە میدیاییەوە كە لەگەڵیدا كاردەكات.

رێساكانی ئێتیكی رۆژنامەنوسیی كۆمەڵەی رۆژنامەنوسە پرۆفێشناڵەكانی ئەمریكا:

كۆمەڵەی رۆژنامەنوسە پرۆفێشناڵەكانی ئەمریكا "سیگما ندلتاشی"، كە بڕوای وایە ئەركی رۆژنامەنوس خزمەتكردنی راستییە،و ئاژانسەكانی میدیای جەماوەریش زانیارییەكانو گفتوگۆكردنی گشتی لەخۆدەگرن..

پێویستیی بەرچاورونیی جەماوەر بۆ بەدیهێنانی دادوەریی، بەمجۆرە پێوەرەكانی كاری رۆژنامەنوسیی راگەیاند(31):

—بەرپرسیارێتیی: مافی جەماوەرە لەبارەی ئەو روداوانەوە زانیاری هەبێت“ كە بایەخی گشتییان هەیە. هەروەكچۆن ئامانجی بڵاوكردنەوەی هەواڵ بەرچاورونیی جەماوەرە،و رۆژنامەنوسانیش لەوە بەرپرسیارن“ ئەمەیش بەبێ هیچ ئامانجێكی شەخسیی.

—ئازادیی رۆژنامەنوسیی: دەبێت پارێزگاری لەئازادیی رۆژنامەنوسیی بكرێت، ئەمەیش وەك مافێك لەمافەكانی گەل. نایشبێت دەستدرێژی بكرێتە سەر ئەم ئازادییە،و مافی رۆژنامەنوسانیشە هاوڕابن لەگەڵ رای زۆرینەدا.

—ئێتیكەكان: دەبێت رۆژنامەنوسان رەچاوی ئێتیكی پیشەیی رۆژنامەنوسیی بكەن، ئەمەیش بەقبوڵنەكردنی بەرتیلو دیاری، لەگەڵ بەدەستهێنانی ئیمتیازاتی تایبەت لەبەرانبەر بڵاوكردنەوەی هەواڵو زانیاریدا.

—وردیو بابەتیبون: دەبێت رەچاوی راستگۆییو بابەتیبون لەنوسینەوەی هەواڵدا بكرێت، هەروەها رەچاوكردنی وردیی لەنەبونی كەموكوڕیی لەزانیارییەكاندا،و دەبێت وێنەكان گوزارشت لەروداوەكە بكەن.

—دادگەریی: دەبێت رێزی خەڵكیو تایبەتمەندی، ناموس، مافو ئابڕویان بگیرێت، لەگەڵ هاندانی دیالۆگكردن لەگەڵ خوێنەران، بیسەرانو بینەرانی ناوەندەكانی میدیادا.

–بەڵێن: پێویستە لەسەر رۆژنامەنوسان بەڵێن بەم پێوەرانەو جێبەجێكردنیان بدەن‌و پێشێلیان نەكەن،و كاریش بۆ پارێزگاریكردنی پێكەوەگرێدانی متمانە لەنێوان رۆژنامەنوسانی ئەمریكی‌و گەلی ئەمریكیدا بكەن.

ئەم بەڵگەنامەو پێوەرانە لەكۆبونەوەی نەتەوەیی ساڵی 1979دا، پەسەندكران. لەكاتێكدا كۆمەڵەی رۆژنامەنوسانی پرۆفێشناڵ لەئەمریكا، لەساڵی 1996دا، دەستوری ئێتیكی پیشەكەی بڵاوكردەوە[32]، ئەمەیش لەنێوان ئەركەكانی رۆژنامەنوسان لەوردبینیكردندا لەراستیی زانیارییەكان‌و دروكەوتنەوە لەبەهەڵەدابردن‌و سیخورپیكردن‌و رەفتارنەكردن بەسەربەخۆیی.

ئێتیكی رۆژنامەنوسیی لەفەڕەنسا:

ساڵی 1918 سەندیكای نیشتمانیی رۆژنامەنوسانی فەڕەنسا، دەستوری ئەركە پیشەییەكانی رۆژنامەنوسانی فەڕەنسی گەڵاڵەكرد،و ساڵی 1938 پیاچونەوەی پێدا كرا، رۆژنامەنوس‌و ئەركەكانی بەمجۆرە وەسفدەكات[33]:

1–دەبێت بەرپرسیارێتیی هەمو ئەوانەی دەنوسرێن لەئەستۆ بگرێت.

2–دەبێت پێیوابێت ئابڕوبردن‌و ئەو تۆمەتباركردنانەی بنەمایان نییە، لەگەڵ ساختەكردنی بەڵگەنامەكان‌و شێواندنی راستییەكان‌و درۆكردن، گەورەترین رەفتاری پیشەیی خراپن.

3–دەبێت ددان بەوەدا بنێت قەزاو حوكمدانی هاوپیشەكانی تاكە قەزایە لەسەروەریدا بۆ مەسەلەكانی ئابڕوی رۆژنامەنوسیی.

4–ئەو ئەركە رۆژنامەنوسییانە قبوڵ بكات" كە لەگەڵ ئابڕوە پیشەییەكەیدا یەكدەگرێتەوە.

5–نابێت پەنابەرێتە بەر رێگای ناڕەوا بۆ بەدەستهێنانی زانیارییەكان،و نیەتباشی هەر كەسێك بێت، بەخراپ بەكاربهێنێ.

6–لەرێی پێگە رۆژنامەنوسییەكەیەوە، پارە لەدامەزراوەكانی دەوڵەت، یان كۆمپانیا تایبەتەكان وەرناگرێت" كە كاریگەریی بەسەر خراپ بەكارهێنانی پێگەكەو پەیوەندییەكانیەوە دەبێت.

7–ئیمزا لەسەر ئەو وتارانە ناكات كە رێكلامی بازرگانیی، یان دارایی لەخۆدەگرن.

8–رای كەسانی تر ناكاتە هی خۆی.

9–داوای جێگایەك ناكات كە هاوپیشەیەكی تر كاری تێدا دەكات. نایشبێتە هۆی بڕیاری دەركردنی لەپۆستەكەی، بەوەی كە لەژێر مەرجی ئاسانتردا قبوڵی پۆستەكە بكات.

10–پارێزگاری لەنهێنیی پیشەیی دەكات.

11–ئازادیی رۆژنامەنوسیی بۆ مەبەستەكانی گەڕان بەشوێن قازانجدا بەكارناهێنێ.

12–بەشەرەفەوە داوای ئازادیی بڵاوكردنەوەی زانیارییەكانی دەكات.

13–رێزی دادوەریی دەگرێتو ئەولەویەتی باڵای پێدەدات.

14–تێكەڵیی لەنێوان ئەركەكەیو ئەركی پۆلیسێكدا ناكات.

میدیای ژاپۆنییو ئێتیكی پیشەی رۆژنامەنوسیی:

بابەتی ئێتیكی پیشەی رۆژنامەنوسیی لەژاپۆن[34] لەرێی یاسای رۆژنامەنوسیی ژاپۆنییەوە هاتوە" كە لە2000/6/21دا، سەندیكای بڵاوكەرەوەكانو موحەریرانی رۆژنامەكان پەسەندیانكردوە،و گرنگترین ئەو شتانەی كە تێیدا هاتون:

–مافی گەل لەزانینیدا پرەنسیپێکی جیهانییە" پشتیوانی لەکۆمەڵگەی دیموکراسیی دەکات، ئەوەیش پێویستی بەئازادیی رادەربڕینو سەربەخۆیی و پاراستنی باڵاترین ئاستی ئەخلاقە.

–پێویستە لەسەر تەواوی کارمەندانی پیشەی رۆژنامەنوسیی، پشتیوانی لەئازادیی قسەکردنو دەربڕین بکەن،و بەشەرەفو رێزەوە رەفتاربکەن" تاکو متمانەی جەماوەر بەدەستبهێنن.

–هەتا ئازادیی رادەربڕین درێژبێتەوە کە مافێکی بنەڕەتی مرۆڤە، رۆژنامەنوسیش ئازادی بڵاوکردنەوەو سەروتار دەبێت، ئەمەیش داوا لەرۆژنامەنوسان دەکات پەی بەبەرپرسیارێتییەکەیان لەئازادیی رۆژنامەنوسییو زیاننەگەیاندن بەبەرژەوەندیی گشتی، ببەن.

–هەروەکچۆن یاسا ئاماژەی بەپێویستیی وردبینییو دادوەریی کردوە، ئەوا نوسینی هەواڵ، یان راپۆرتەکان، دەبێت بەشێوەیەکی وردو دادوەرانە بنوسرێن،و نابێت مەحکوم بێت بەبڕوای شەخسیی رۆژنامەنوسەکە، یان ئینتیماکانی،و دەبێت گوزارشتکردنەکە شکۆدارو دادوەرانەبێت.

–هەروەکچۆن یاساکە ئاماژەیکردوە بەسەربەخۆییو لێکبوردن، بەجۆرێ کە ئەرکی رۆژنامەکانە پاڵپشتی لەسەربەخۆیان لەپێناو وشەی ئازاددا بکەن،و روبەروی هەر دەستوەردانێك لەلایەن هەر هێزێکی دەرەکییەوە بێت" ببنەوە، لەگەڵ دورکەوتنەوە لەبەرژەوەندییەکانو نیەتە شەخسییەکان.

–یاساکە ئاماژەیشی بەگرنگییو پەیڕەویکردنی رێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ کردوە، بەجۆرێ کە رێز لەئابڕوی خەڵکیو ناموسیان بگیرێت،و بەجددییەوە

مامەڵە لەگەڵ مافەکانیاندا لەتایبەتمەندێتیدا بکەن. رۆژنامەنوسانیش ددان بەهەڵەکانیاندا بنێن‌و بەپەلەو بەوردییەوە هەڵەکان راستبکەنەوە.

–دەرفەت بەکەسانی تر بدرێت وەڵامی هەڵەکان بدەنەوە، ئەمەیش لەحاڵەتی کەوتنەوەیداو لەپێناو راستکردنەوەیدا.

–هەروەکچۆن یاساکە ئاماژەیشی کردوە بەبابەتی لێوەشاوەیی‌و میانڕەویی، وەکچۆن یاساکە ئاماژەی کردوە بەوەی پێویستە لەسەر رۆژنامەکان لەکاتی جێبەجێکردنی ئەرکە جەماوەریی‌و کولتورییەکەیدا، خوێندنەوەی بۆ هەمو کەسێك فەراهەمکراوبێت، لەهەر کات‌و جێگایەکدا بێت، لەگەڵ رەچاوکردنی لێوەشاوەیی لەلایەنی نوسین‌و ریکلامدا.

یەکێتیی نێودەوڵەتیی رۆژنامەنوسان‌و ئێتیکی رۆژنامەنوسیی:

دووەمین کۆنگرەی یەکێتیی رۆژنامەنوسانی جیهان کە لەنێوان 25–1954/4/28 لەبۆردۆ[35] بەڕێوەچو، راگەیاندنێکی جیهانی بۆ پرەنسیپەکانی رەفتاری رۆژنامەنوسان دەرکردوە:

ئەم راگەیاندنەیش، لەسێیەمین کۆنگرەی یەکێتییەکەدا کە لەنێوان 2–1986/6/6دا لە"هلسنگی" بەڕێوەچو، چاککاری تیا کراو لەپێشەکیی راگەیاندنەکەدا هاتوە: ئەم راگەیاندنە جیهانییە، پێوەری رەفتاری ئەو رۆژنامەنوسانەیە کە کار لەکۆکردنەوەو پەخشکردن‌و بڵاوکردنەوەی هەواڵ‌و کۆمێنت لەسەریان دەکەن، لەگەڵ کۆکردنەوەی زانیارییەکان‌و وەسفکردنی روداوەکان.

راگەیاندنەکەیش، بەندو ئەرکی رۆژنامەنوسانی بەمجۆرەی خوارەوە وەبیرهێناوەتەوە:

1–یەكەمین ئەركی رۆژنامەنوس، رێزگرتنی راستیو مافی گەلە لەزانینی راستیدا.

2–پێویستە لەسەر رۆژنامەنوس لەرێی گواستنەوەی دڵسۆزانەو راستگۆیانەوە بۆ هەواڵو بڵاوكردنەوەیان، داكۆكی لەپرەنسیپەكانی ئازادیی بكات، هەروەها داكۆكیكردن لەمافی وەڵامدانەوە،و مافی رەخنەگرتنی دادوەرانە.

3–رۆژنامەنوس" بەگوێرەی ئەو راستییانە بڵاودەكاتەوە كە سەرچاوەكانیان پێدەزانیٚ،و زانیارییە پێویستییەكانیش ناشارێتەوە، یان ساختەكاریی لەبەڵگەنامەكاندا ناكات.

4–رۆژنامەنوس" رێگای رەوا بۆ بەدەستهێنانی هەواڵو بەڵگەنامەكان بەكاردەهێنیٚ.

5–رۆژنامەنوس" ئەوپەڕی هەوڵی بۆ راستكردنەوەی ئەو زانیارییانە دەخاتەگەڕ" كە بڵاوكراونەتەوەو تێیاندا ورد نەبون.

6–رۆژنامەنوس" بەپرەنسیپی نهێنیی هێشتنەوەی سەرچاوەكانی زانیارییەكانیەوە پابەنددەبێت،و داوای لێدەكرێت نەیاندركێنیٚ.

7–لەسەر رۆژنامەنوسە" ئەوپەڕی هەوڵی كە لەتوانادابێت بخاتەگەڕ لەپێناو دروكەوتنەوە لەجیاكاریی، چ لەسەر بنەمای نەژاد بێت، یان لەسەر بنەمای رەگەز، یاخود رەچەڵەك، یان زمان، یاخود ئایین، یان باوەڕی سیاسیی، یاخود نەتەوەیی، یان كۆمەڵایەتی.

8–رۆژنامەنوس" لەوە دووردەكەوێتەوە رای تر بكاتە هی خۆی،و خۆی بەشێوەیەكی هەڵە نیشانبداتو بەرتیل وەربگرێت.

9–رۆژنامەنوس پابەند دەبێت بەئەنجامدانی ئەركەكەی بەگوێرەی ئەو بەندانەی وەبیرهێنراونەتەوە، ئەمەیش لەچوارچێوەی گشتیی یاسای هەمو دەوڵەتێكدا،و دوركەوتنەوە لەهەر جۆرێكی دەستوەردانی حكومی، یان هەر لایەنێكی تر.

ئێتیكی تر:

دیڤید راندالّ گەورە موحەریری هەواڵ لەرۆژنامەی "ئیندپێندنت"ی بریتانی، پێیوایە رێنماییگەلێ هەن یارمەتیدەر دەبن بۆ رۆژنامەنوس لەئێتیكی پیشەكەیاندا، لەوانە[36]:

1–لەسەر رۆژنامەنوسانە خزمەتی رۆژنامەكە (كەناڵە میدیاییەكە- لێكۆڵیار)و خوێنەرانیان بەتەنها بكەن.

2–پێویستە هەمو چیرۆكێك باسكردنێكی راستگۆیانەو بێخەوش بێت لەروی راستییەوە.

3–دەبێت رۆژنامەنوس بەرەنگاریی هەمو ئەوانە ببێتەوە كە بۆ بڵاوكردنەوەی ئیغرای دەكەن.

4–نابێت رۆژنامەنوس رێگا بدات بەپڕوپاگەندەكردن بەپەیڕەویكردنی كاریگەریكردنی راستەوخۆ، یان ناراستەوخۆ لەناوەڕۆكو ئاڕاستەكردنی رۆژنامەكەدا.

5–نابێت رۆژنامەنوس پێگەكەی بۆ هەڕەشەكردن، یان بەدەستهێنانی دەستكەوت، یاخو سود بەكاربهێنێت.

6–نابێت لەپێناو هاوڕێیەتیدا، بەڵێن بدات بەپەراوێزخستن یان بڵاونەكردنەوەی بابەتەكان.

7–نابێت زانیارییەكان هەڵبەسترێن، یان چاكبكرێن.

8-نابێت رۆژنامەنوس ئەو زانیارییانەی دەستیكەوتون، بكاتە هۆكارێك بۆ دەسكەوتی شەخسیی.

9-بەكارهێنانی ناوی دروستكراو لەبەردەم وتارو نوسراوەكاندا لەرۆژنامەكاندا بۆ رومالّكردنی هەڵەكان كە رۆژنامەنوسان بەئانقەست دەیانكەن، كارێكی مەترسیدارەو دەبێت لێی دوربكەونەوە.

10-بێزارنەكردنی تایبەتمەندێتیی. زۆرجار رۆژنامەنوسان رۆدەچنە نێو تایبەتمەندێتیی كەسەكان لەبڵاوكردنەوەی چیرۆكە هەواڵەوە لەبارەیانەوە، ئەمەیش بەپاساوی بەرژەوەندیی گشتی، یان بەو پاساوەی یاسا رێگای پێداون. بۆیە، دەبێت رەچاوی ئەم لایەنە بكرێت.

11-سەرپێچینەكردنی یاسا. لەگەڵ بونی ئازادیی رۆژنامەنوسیدا، ئەمە مانای ئەوە نییە رۆژنامەنوس ئازادی بۆ خۆی لەدژی یاسا بەكاربهێنێ، یان لەدژی سیستەمو رێنماییەكان، چ ئەوە بەرونیی بێت، یان بەفێڵێكی زیرەكانە.

پوختە:

لەرێی ئەوانی خرانەرو، كەم تازۆر لەگرنگیو بەهای ئێتیك لەكاری میدیاییدا تێدەگەین، هەروەكچۆن زۆبەی ئاژانسە نێودەوڵەتییەكانی تایبەت بەمیدیاو سەندیكاكانی تایبەت بەرۆژنامەو ناوەندە جیاجیاكانی میدیا جەختیان لەسەركردونەتەوە، كە كەم تازۆر لێكچون لەنێو بەشێكی زۆری پرەنسیپو پەیماننامەكانی ئێتێكی رۆژنامەنوسی ناوەندو ئاژانسە جیاجیاكانی میدیادا هەیە، ئەمەیش لەو سۆنگەیەوە كە پوختەی تەواوی ئێتێكی رۆژنامەنوسیی خۆی لەچەند خاڵێكی دیاریكراودا دەبینێتەوە، كە پێویستە لەسەر هەر میدیاكارو هەر ناوەندێكی میدیایش، پێیانەوە

پابەندبێت، ئەمەیش لەو سۆنگەیەوە كە لەكاری میدیاییدا، "ئێتێك"و ڕەچاوكردنی پرەنسیپەكانی، دەسپێكێكی گرنگە بۆ لەدایكبونی میدیایەكی بەرپرسیارو بابەتییو راستگۆو هاوكات ڕەچاوكردنی دادوەرییو وردبینیی لەبڵاوكردنەوەی هەمو ئەو زانیارییو بابەتانەی پەیوەندییان بەژیانی خەڵكەوە هەیە،و هەروەها سەرەتایەكیشە بۆ بونی میدیایەكی پرۆفێشناڵ، كە تا ئەم ساتەوەختەو لەهەرێمی كوردستاندا، هیچ میدیایەكی پرۆفێشناڵ بونی نییە.

(*) ئەم وتارە، بەشێكی یەكێك لەفەسڵەكانی لێكۆڵینەوەیەكی درێژە بەناوی "میدیاو دەسەڵاتو ئێتیك"، كە تا بڵاوكردنەوەی ئەم بەشەی، هەندێكی ئەو لێكۆڵینەوەیەم نوسیوە.

1- بگەڕێوە بۆ:
De Graaf, Elementaire begrip van de ethiek. Scheltema en Holkema 1979 Utrecht. لەرێی: مەریوان وریا قانیع، دەسەڵاتو جیاوازی، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، زنجیرە (58)، سلێمانی، 2000، لا 226.

2– بگەڕێوە بۆ:
Zygmunt Bauman, modernity and Holocaust, polity press, Cambridge UK 1989. لەرێی: مەریوان وریا قانیع، سەرچاوەكەی پێشو، لا 224.

3– د.حەسەن عماد مكاوی، ئەخلاقی كاری رۆژنامەنوسی، وەرگێڕانی: مەم بورهان قانع، بەڕێوەبەرایەتیی خانەی وەرگێڕان، زنجیرە (66)، سلێمانی، چاپی یەكەم، 2004، لا 33.

4– د.حەسەن عماد مكاوی، سەرچاوەكەی پێشو، هەمان لاپەڕە.

5– إمام عبدالفتاح إمام، فلسفة الأخلاق، دار الثقافة للنشر والتوزيع، القاهرة، 1990، لا 67–67. لەرێی: د.حەسەن عماد مكاوی، سەرچاوەكەی پێشو، لا 35.

6– مەریوان وریا قانیع، سەرچاوەكەی پێشو، لا 226–227.

7– محمد الخطيب، الفكر الإغريقي، منشورات دار علاءالدين، سورية– دمشق، الطبعة الثانية، 2007، لا 226.

8- بڕوانە: De Graaf, Elementaire begrip van de ethiek. Scheltema en Holkema 1979 Utrecht. لەرێی: مەریوان وریا قانیع، سەرچاوەكەی پێشو، لا 228.

9– مەریوان وریا قانیع، سەرچاوەكەی پێشو، لا 229.

(*) جۆزێف دی میستەر فیختە (1754–1821ز). لەخێزانێكی فەڕەنسی ئەرستۆكراتی بوەو لەئیتاڵیا خوێندویەتی. لەساڵی 1802دا، پاشای ساردینیا كردویەتییە باڵیۆزی بیلاتی روسیا" هەروەكچۆن پێشتر خزمەتی بنەماڵەی "سافۆی" پاشایەتی كردوە.

10– د. فایز صالح ابو جابر، الفكر السیاسي الحدیث، دار الجیل– بیروت، مكتبة المحتسب– عمان، 1985، لا 142.

11- كارل پۆپەر، كۆمەڵگای كراوەو دوژمنەكانی، وەرگێڕانی: ئیدریس شێخ شەرەفی، بەرگی یەكەم، دەزگای چاپو بڵاوكردنەوەی موكریانی، زنجیرەی –70–(173)، لا62.

12- كارل پۆپەر، كۆمەڵگای كراوەو دوژمنەكانی، وەرگێڕانی: ئیدریس شێخ شەرەفی، بەرگی دووەم، دەزگای چاپو بڵاوكردنەوەی موكریانی، زنجیرەی –71–(174)، لا 408.

13– د. محمد منیر حجاب، الإعلام والموضوعیة في القرن الحادي والعشرین (رؤیة تحلیلیة نقدیة)، دار الفجر للنشر والتوزیع، 2010، لا 39.

14– بگەڕێوە بۆ: جۆن میرل و رالف لوینشتاین، الإعلام وسیلة و رسالة، تعریب: د.ساعد خضر العرابي الحارثي، دار المریخ للنشر، الریاض، 1989، لا 305.

15– جۆن میرل و رالف لوینشتاین، سەرچاوەكەی پێشو، لا 310–311.

16– جۆن میرل و رالف لوینشتاین، سەرچاوەكەی پێشو، لا 311– 316.

(•) هەندێ هەن رای جیاوازیان لەمبارەیەوە هەیەو پێیانوایە نائەخلاقیش، جۆرێكە لەئەخلاق. یەكێك لەفەیلەسوفەكان گوتەیەكی هەیە، دەڵێت: "بێهەلوێستی جۆرێكە لەهەڵوێست". ئەگەر بێتو ئەم گوتەیە بۆ نێو ئەخلاق بگوێزرێتەوە، دەشێ بوترێت: نائەخلاقیی جۆرێكە لەئەخلاق. هەروەكچۆن پێناسەیەكو تیۆرەیەكی دیاریكراویش نییە" ئەخلاق لەتەواوی كۆمەڵگەكانی مرۆڤایەتیو جیهاندا بسەپێنێو روانینو تیۆرەی جیا بۆ ئەم چەمكە هەیە (لێكۆڵیار).

17– سەرچاوەكەی پێشو، هەمان لاپەڕە.

18– د.محمد منیر حجاب، الإعلام والموضوعیة في القرن الحادي والعشرین –رؤیة تحلیلیة نقدیة–، دار الفجر للنشر والتوزیع، الطبعة الأولى، 2010، لا 40.

19– د. محمد منیر حجاب، الإعلام والموضوعیة في القرن الحادي والعشرین (رؤیة تحلیلیة نقدیة)، دار الفجر للنشر والتوزیع، 2010، لا41.

20– بگەڕێوە بۆ: جۆن میرل و رالف لوینشتاین، سەرچاوەكەی پێشو، لا 305.

21– جۆن میرل و رالف لوینشتاین، سەرچاوەكەی پێشو، لا 306.

22– دكتور محمد علم الدین، أساسیات الصحافه فى القرن الحادى والعشرین، المكتبه العصریه، الطبعة الثانیة، 2009، لا 407–409.

23– لەمبارەیەوە نوسەری ئەم وتارە، لەوتارێكیدا كە لەرۆژی 2010/6/19ی رۆژنامەی "هاوڵاتی"داو بەناونیشانی "میدیا.. بەرپرسیارێتییو سیاسەت (روانینێك بۆ ئەمڕۆی میدیای كوردی)"

بڵاوكراوەتەوە“ كە تیایدا ئاماژەی بەیەكێك لەرۆژنامەنوسە بێگانەكان كردوە“ كە زانیارییەكی دەستكەوتوەو دواتر زانیارییەكەی فرۆشتوەو پاشان سزای یاسایی دراوە. واتە، ئەمجۆرە كارە، سەرباری پێشێلكردنی ئێتیكی رۆژنامەنوسیی، لەزۆربەی وڵاتانی جیهاندا (ئەوانەی دیموكراسین‌و یاسای تایبەت بەمافیزانینیان هەیە) سزا بۆ ئەم سەرپێچییە ئێتیكییەیش دانراوەو بەسەرپێچی یاسایش هەژماردەكرێت.

24– دیفید راندال، الصحفي العالمي، نقله الى العربية: معين الإمام، مكتبة العبيكان، الطبعة العربية الأولى، 2007. لا 230. هەروەها بگەڕێوە بۆ: د.فاروق خالد، الاعلام الدولى والعولمه الجديده، دار أسامه للنشر والتوزيع، عمان–الأردن، الطبعة الأولى، 2009، لا 124.

25– د.فاروق خالد، الإعلام الدولي والعولمة الجديدة، دار أسامة للنشر والتوزيع، عمان–الأردن، الطبعة الأولى، 2009، لا 104.

26– د.فاروق خالد، سەرچاوەكەی پێشو، لا102–104. هەروەها بگەڕێوە بۆ: جۆن ل.هاتلنگ، ئەخلاقی رۆژنامەنوسیی، گفتوگۆیەكی زانستیی رێساكانی ئەخلاقی رۆژنامەنوسییە“ هەروەكچۆن كۆمەڵەی سەرنوسەرانی رۆژنامە ئەمریكییەكان دەستنیشانیكردوە، پێشەكی‌و وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە: مەم بورهان قانع، چاپی یەكەم، سلێمانی، 2004. ئەم كتێبە، كە لەدوتوێی 144 لاپەڕەدایە، بەوردیی‌و بەچەندین نمونەوە، هەر شەش پرەنسیپەكەی ئێتیكی رۆژنامەنوسیی كۆمەڵەی سەرنوسەرانی رۆژنامەكانی ئەمریكای خستوەتەرو، سەرباری تاوتوێكردنی هەریەكە لەو پرەنسیپانە.

27– د.فاروق خالد، سەرچاوەكەی پێشو، لا 105–106.

28– جۆن. ل. هاتلنگ، سەرچاوەكەی پێشو، لا 128–132. هەروەها بگەڕێوە بۆ: د.فاروق خالد، سەرچاوەكەی پێشو، لا 106–107.

29– بۆ هەردو سەرچاوەكەی پێشو بگەڕێنەوە.

30– بگەڕێوە بۆ: طارق موسى الخوري، أخلاقيات الصحافة، وكالة الأنباء الأردنية، لا86. لەرێی: د.فاروق خالد، سەرچاوەكەی پێشو، لا 109–110.

31– جۆن. ل, هاتلنگ، سەرچاوەكەی پێشو، لا 136–140. هەروەها بروانە: د.فاروق خالد، سەرچاوەكەی پێشو، لا 111–112. هەروەها بگەڕێوە بۆ: د.حەسەن عیماد مەكاوی، ئەخلاقی كاری رۆژنامەنوسیی (لێكۆڵینەوەی بەراوردكردن)، وەرگێڕانی: مەم بورهان قانع، بەڕێوەبەرێتیی خانەی وەرگێڕان، چاپی یەكەم، 2004، سلێمانی، لا 167–169.

32– طارق موسى الخوري، سەرچاوەكەی پێشو، لا 110. لەرێی: د.فاروق خالد، سەرچاوەكەی پێشو، لا 112.

33– طارق موسى الخوري، سەرچاوەكەی پێشو، لا 118. لەرێی: د.فاروق خالد، سەرچاوەكەی پێشو، لا 113.

34– طارق موسى الخوري، سەرچاوەكەی پێشو، لا 241. لەرێی: د.فاروق خالد، سەرچاوەكەی پێشو، لا 115–116.

35– طارق موسى الخوري، سەرچاوەكەی پێشو، لا 260. لەرێی: د.فاروق خالد، سەرچاوەكەی پێشو، لا 117.

36– بگەڕێنەوە بۆ كتێبەكەی دیڤید راندال بەناوی: الصحفي العالمي، نقله الى العربية: معين الإمام، مكتبة العبيكان، الطبعة العربية، 2007. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ: د.فاروق خالد، سەرچاوەكەی پێشو، لا 122–124.

## بۆچی ئازادی؟
## تێروانینێکی سەرەتایی دەربارەی ستەمکاری و جیاوازیخوازی

**ببە بەخاوەنی ئیرادەی خۆت و کۆیلەی ویژدانت ـ ئەرستۆ**

**مەریوان عەلی**

### ستەمکاری و ئازدی

بۆچونێك هەیە لە ناوەندی لێکۆڵینەوە فەلسەفیەکاندا، پێی وایە هەر لە ئەزەلەوە(1) باشترین دەروازە بۆ ناسینی سروشتی مرۆڤ بریتی بوە لە ناسینی سروشتی کۆمەڵگا. راستیەکەی ناسینی سروشتی مرۆڤ تەنها لە چوارچێوە دەروونناسیەکەیدا ناگیرسێتەوە، بەڵکو ناسینی مرۆڤ پەیوەندی بەو جیهانە تایبەتەوە هەیە کە مرۆڤ بە کۆمەڵێك حەز و خۆشی و وێناکردن ..بەشداری تێدا دەکات، ئەوە جگەلەوەی مرۆڤ لە رێگەی رستێك چالاکی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و رووناکبیری و ئەدەبی... راستەوخۆ دێتە نێو کایە جۆراوجۆرەکانی ژیانی نێو کۆمەڵگا، لە راستیدا ئەگەر وردتر بدوێم ناسینی مرۆڤ راستەوخۆ پەیوەندی بە تێگەیشتنە لە ئەقڵی مرۆڤ، ئەقڵ وەك یەکەیەکی بیرکەرەوە و تەماشاکردنی دونیا، لەم ئاستەدا ناسینی مرۆڤ کەم تا زۆر پەیوەندی بە رواڵەتی دەرەکی مرۆڤەوە نییە، ئەوەندەی پەیوەندی

بە ئەقڵی تاك بە تاکی کۆمەڵگاوە هەیە، ئەم سروشتەیە ناسینی مرۆڤ بە بەردەوامی لە ئاڵۆزی و لغزدا دەهێڵێتەوە.

لەو روانگەیەوە مرۆڤ بونەوەرێکی ئاڵۆزە، بونەوەرێکی پرسیارکەرە، تاکە بونەوەرێکە لە چییەتی بوونی خۆی، لە چیەتی سنورەکانی بینین و بیستن و تواناکانی خۆی دەکۆڵێتەوە، هەروەك تاکە بونەوەرێکە لەو پێکهاتە ئاڵۆزەی دەماخ دەکۆڵێتەوە کە سەرچاوەی بیرکردنەوە و بریارەکانیەتی، بە بۆچونی من مرۆڤ خۆی جیهانێکی سەربەخۆ و ئاڵۆزە، جیهانێکە هیچی کەمتر نییە لە ئاڵۆزی و قەرەباڵغی جیهانە دەرەکی راستەقینەکەی دەرەوەی مرۆڤ. واتە دەکرێت مرۆڤ وەك مەملەکەتێکی سەربەخۆی ئەقڵانی و هێز و توانای تایبەت تەماشا بکەین، دەکرێت مرۆڤ وەك ئیرادە و خاوەن سەربەخۆیی خود ببینینەوە. هەر لێدانێك لەم پێکهاتەیە سەرەتا دەبێت بە لێدان لە ئەقڵ و بیرکردنەوەی و ئازادیەکانی مرۆڤدا تێپەرێت، نزیك لەم تێزە مۆنتسکیو لە کتێبی (رۆحی یاساکان)دا کاتێك دێتەسەر باسکردنی وڵاتێك کە تاك (بە دەربرینە مۆنتسکیویەکەی رەعیەت) کۆیلە نەکرابێت ئەوا تاك لەسەر زەوی خۆی سوڵتانی خۆیەتی، ئەو دەنوسێت (کاتێك لە وڵاتێکدا هەموو خەڵکی وەکو هاوڵاتی و تاکی ناو کۆمەڵگا سەیریان بکرێ ئەوا هەرکەس لەسەر زەوی و زاری خۆی دەرەبەگێکە و هەموو کەس لە موڵکی خۆی خاوەنی ئەو سەلاحیات و دەسەلاتەیە کە پادشا بەسەر هەموو وڵاتدا هەیەتی. لێرەدا دەگونجێ (تاکەکەس، زەوی، شتومەك) یان دوو دانەیان یان هەر سێکیان پێکەوە باجیان لێ وەربگیرێ)(2) ئەگەرچی لە پشتی ئەو بۆچونەی مۆنتسکیو وە جۆرێك گەران هەیە بۆ دادپەروەری و رێکخستنی باجەکان، هەروەك گەرانێکی قوڵ هەیە بۆ رێگری لە نادادپەروەری و

گەراندنەوەی بەختەوەری، بەڵام ئەوەی نەوتراوە لەم ئەرگومێنتەی (Argument) مۆنتسکیودا گەرانەوەی ئیرادەیە بۆ مرۆڤ، گەراندنەوەی بریار و حورمەت و ئازادیە بۆ مرۆڤ، واتە لە قوڵایی ئەو ئەرگومێنتەی مۆنتسکیودا مرۆڤی ئازاد وەك بەرئەنجامێك بۆخۆی پادشایەکە و خاوەنی هەموو توانا و هێزێکە، ئەمە وامان لێدەکات بە دیدێکی بەرهەمهێن تەماشای ئەو دەسەڵاتانە بکەین کە کۆیلایەتی بەرهەم ناهێنن.

ئەوەی وادەکات مرۆڤ نەبێتە کۆیلە، بوونی رۆحێکە کەلەقوڵایی بەرهەڵستکاریەوە سەرچاوەدەگرێت، بەرهەڵستاریش چییە جگەلە بریاردان و هەوڵدانی مرۆڤ لە رەهەندە فکری و ئیرادەگەریانەکەیدا بۆ دەربازبوون لە ژێری جەبری حوکمە بەتینەکانی ستەمکاری(3). هەڵبەت لە شاری ستەمکاریدا (نەکەسی ئازاد هەیە، نە فەزای گشتی، نە عەدالەت، نەسیاسەت، نە مەزنی، نە دەستکەوت، نە ئومێد، شاری ستەمکاری شارێکە ئەو کەسانە حوکمی دەکەن کە شایستەی حوکم کردن نین، ..)(4) بەو جۆرە دەبینین ستەمکاری لێدانێکی راستەوخۆیە لە جەوهەری مرۆڤ، لێدانە لە مانا سەرەکی و بنچینەیەکانی سیاسەت و فکر و کۆمەڵی مەدەنی، بە کورتی ستەمکاری جۆرێکە لە سیستەمی کۆنترۆڵکردن کە تێدا هەموو جۆرە چالاکییەکی سیاسی و بزوتنەوە کۆمەلایەتی و ئەدەبی و فکریەکان لە جەوهەر و مانا و دەلالەتەکانی دادەبرێت، تەنانەت هەندێك لە ترادسیۆنە ئاینیەکان(5)، لە ژێر سێبەری ئەم جۆرە دەسەڵاتانەدا لە مانا و حوکمە ئەخلاقی و ئیلاهیەکانی دادەبرێت.

یەکێك لە ستراتیژە سەرەکیەکانی دەسەڵات لە سیستەمی ستەمکاریدا، بڵاوکردنەوەی نائومێدیە لە نێو هاوڵاتیاندا، بەوەی هەر جۆرە بیرکردنەوە و

تەقەلایەك بۆ گۆڕانكاری لە سیستەمەكەدا، هیچ نییە جگە لە مایەپوچی و ئەنجامدەرانیش بە سزای گەل دەگەیەندرێن، دەسەڵات لە جیّ بەجێكردنی ئەم دۆخەدا بە تەواوی پشت بە هێزەكانی پۆلیسی نهێنی دەبەستێت، لە دەسەڵاتی ستەمكاریدا پۆلیسی نهێنی بریتیە لە چاوێك بۆ چاودێریكردنی ئەندامانی كۆمەڵگا، چاوێك بەشوێن دوژمنە ناوخۆییەكاندا دەگەرێت نەك دوژمنە دەرەكیەكان، ڕەنگە چیرۆكی گەران بەشوێن دوژمنانی ناوخۆ لە بنەڕەتدا بریتی بێت لە دەستوپەنجە نەرمكردنی ستەمكاری لەگەڵ ستراتیژێكی گەورەتردا كە بریتیە لەكۆنترۆڵ كردن و داگیركردنی كۆمەڵگا و ئازادیە گشتیەكانی.

دەپرسین لە چ ژینگەیەكی سیاسیدا ستەمكاری و ئازادی دژ بەیەك دەوەستنەوە؟ لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا با تیشكێك بخەینە سەر مەوقعی تاك لە دەوڵەتی پۆلیسیدا، ئەگەر ئەوە بزانین مەوقعی تاك لە چەمكی ئازادیدا، مەوقعێكی دیار و توخمێكی پێكهێنەری سەرەكی ئەم چەمكەیە، هەروەك پێویستمان بەوەشە چەند سەرنجێك لەسەر ستەمكاری بنوسین!

بە بۆچونی من ستراتیژی دەسەڵاتی ستەمكاری بریتی نییە لە جێبەجێكردنی توندوتیژی، توندوتیژی یەكێكە لە میكانیزمەكانی جێبەجێكردنی ستراتیژی ستەمكاری، ئەوەی دەبێتە ستراتیژ بریتیە لە دامەزراندنی دەسەڵاتێكی تاكڕەوی بیّ سنوری هەتا هەتایی، دیارە بیناكردنی ئەم دەسەڵاتە تەنها لە رێگەی دامەزراندنی جۆرێك دەوڵەتە كەلە سیّ كۆڵەكەی سەرەكیدا خۆی دەبینێتەوە، ترس، سیخوری، پەراوێزخستن، هەڵبەت هەریەك لەم چەمكانە رستێك دەزگا و دامەزراوەی جۆراو جۆر

کارەکانیان رێکدەخات، ئەوەی گرنگە بزاندرێت هەریەك لەو چەمکانە بە بەرنامە و پلانێکی تۆکمە کارەکانیان جێ بەجێ دەکەن.

یەکێك لە کوشندەترین ئەو شتانەی کە رژێمە ستەمکارەکان جێبەجێی دەکەن بڵاوکردنەوەی ترسێکی زۆرە لە نێو ئەندامانی کۆمەڵگا، بەوەی دەوڵەت هێزێکی داپڵۆسێنەری بێ ڕەحمە، خاوەن هێزێکی لە رادەبەدەر نامرۆڤانەیە کە دژ بە لادەران و تێکدەران بەکاریدەهێنێت، بێگومان لادەران و تێکدەران هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە ملکەچی دەسەڵات نابن، ترس تەنها ئەوە نییە مرۆڤەکانی ژێر ئەو سیستەمە لە جۆرێك سزا و تۆڵەسەندنەوە بترسن بەڵکو، ترس دەبێتە تارماییەك بەسەر هەموو شتێکەوە چونکە لە راستیدا سیخورەکان لە هەموو شوێنێك هەن و لە هەموو کائینێك دڵسۆزترن بۆ رژێمە ستەمکارەکان، هەڵبەت سیخورەکان نەوەی نێو کۆمەڵگان ئەو پیاوە ترسنۆك و گێلانانە کە توانای ئازاردان و لە ناوبردنی چەندین کەسیان هەیە، بەڵام ناتوانن تاکە بێ تاوانێکیش لە بەندینخانەکان دەربازبکەن، ترس لە سیخورەکان ترسە لە شتێکی نەبیندراو و ترسە لە درِندەیەك لەبەرگی مرۆڤدا، هەڵبەت ئەم ترسە سیستماتیزەکراوە، یەکێکە لە کۆڵەکە سەرەکیەکانی دەسەڵات، بێگومان ئەم دوو کۆڵەکەیە بەبێ کۆڵەکەی سێهەم ناتوانێت خۆی رابگرێت، ئەویش کە پەراوێزخستنە، لە سیستەمە توتالیتاری و ستەمکارەکاندا پەراوێزخستنی رۆڵی تاك و گروپ و جڤادە کۆمەڵایەتیەکان، پەراوێزخستنی کۆی کۆمەڵگا وەك ئەوەی هیچ رۆڵێك نابینن لە کۆی گۆران و بریار و رووداوەکاندا، جۆرێکە لە سیاسەت کە تێیدا لە ناوەوە ماتە وزە و هێزە کۆمەڵایەتیەکان لەبەریەك هەڵدەوەشێنێتەوە و لەیەکتریان دادەبرێت و یەك لەدوای یەك لەناویان

دەبات، واتە پێش ئەوەی هێزە كۆمەڵایەتیەكان خۆیان رێكبخەن، لەم جۆرە سیستەمانەدا رۆڵ و پێگە و تواناكانیان پەراوێزدەخرێت، وەك نەبوویەك ئەژماردەكرێن. هەڵبەت بەشێكی ئەم فكرەیە لەوەوە دێت كە پەراوێزخستن بریتیە لە دۆزینەوەی شوێنێك یان بۆشاییەك لە دەرەوەی كارتێكردنی سیستەمی سیاسی و دەسەڵاتدارێتی.

بەپێچەوانەوە لە كۆمەڵگا دیموكراسیەكاندا ، مرۆڤ خاوەنی بریاردانە لە سێ مەسەلەی جەوهەری كە پەیوەندی راستەوخۆیان بە بوونی مرۆڤەوە هەیە، ئیرادە و بیركردنەوە و پرسیاركردن، بێگومان لەگەڵ كۆمەڵێك مەسەلەی گرنگ كە تا ئەندازەیەكی زۆر پێكەوە بەستراون و بونیان دەبێتە بەشێك لە پێداویستی سیستەمە سیاسیەكە، وەك مافی بەشداری سیاسی و مافی هاوڵاتی بوون و سنوردانان بۆ دەسەڵات و پەیڕەوكردنی دەستورێكی ئەقلانی...، ئەو سێ چەمكە توانایەكی گەورە بە مرۆڤ دەبەخشن بۆ بەشداریكردن لە گەمە جیاوزەكانی رۆژگار و بەكارهێنانی ئەقڵ لە رایكردنی كارەكانیاندا، توانایەك دەبەخشێ بە رۆڵی تاك لە سیستەمی دیموكراسیدا بەوەی بوونی تاك و كاریگەریەكانی ئەو بەشێكن لە سیستەمەكە و ناكرێت ئەو بوون و كاریگەریە لە كۆی سیستەمەكەدا فەرامۆشبكرێت، لە سیستەمی دیموكراسیدا ئاسایشی كۆمەڵایەتی جۆرێكە لە پەیمانی كۆمەڵایەتی كە ئەندامانی كۆمەڵگا بەرامبەر كۆمەڵێك رێسا و یاسا گشتی رادەگیرێت، لەم پەیمانە كۆمەڵایەتیەدا هاوڵاتی تەنها ئیلتزامات و واجباتی لەسەر شان نییە، بەڵكو كۆمەڵێك مافی هەمە چەشنی هەیە كە شۆردەبێتەوە بە كۆی ژیانیاندا.

هەڵبەت زۆرجار ئەوە دووبارە كراوەتەوە كە دیموكراسیەت كورت ناكرێتەوە بۆ بەشداریكردنی تاك لە چالاكی گروپ و جڤادە كۆمەڵایەتی و

سیاسیەكاندا، دیموكراسیەت بەتەنها لە دەربرینی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانداندا گیرناخوات، هەروەك دیموكراسیەت بەتەنها بریتی نییە لە دەنگدان، دیموكراسیەت بریتیە لە پاراستنی مافەكان، بریتیە لە پاراستنی جیاوازیەكان و گەشەپێدانیان، دیموكراسیەت بریتیە لە گوێ گرتن و بەهەندوەرگرتنی بۆچونەكانی بەرامبەر، لە بنەڕەتدا دیموكراسیەت بریتیە لە رێزگرتن و دابەشكردنی روكنەكانی دەسەلآت لە بەرزترین بالآوە بۆ بچوكترین یەكەی كارگێری، دیموكراسیەت ساتێك راڤە دەكرێت كە كەمینە چانسی ئەوەی هەبێت ببێت بە زۆرینە و زۆرینە ببێت بە كەمینە، دیارە دیموكراسیەتی راستەقینە مانای لە كارخستینی دەسەلآتە لە كاتێكدا بە ئەركی خۆی هەڵنەسێت...بێگومان دیموكراسیەت ئەگەر لە گشتدا راڤەبكرێت، ئەوا لە تاكدا ماناكانی دەدات بەدەستەوە؟ بەوەی تاك شوناس و بوون و هەڵوێست و تێروانینەكانی لە نێو گشتدا وون ناكرێت، بەمانایەكی دی، ئەگەرچی تاك ماڤی بەدەستهێنانی ئینتما هەیە بۆ زیاد لە گروپ و جڤادێكی جیاواز، ئەوا هەر خۆی (تاك) خاوەنی بریار و ئیرادەیە بۆ داكۆكیكردن لە مەسەلەی ئینتما یان ئینتما نەبوون.

لەراستیدا مەسەلەی ئینتما بریتی نییە لە لایەنگری نائەقلآنی لە ئایدیۆلۆژیایەكی دیاریكراو، ئینتمای لە ژێر فشاردا هیچ ڕەوایەتیەكی نامێنێ بۆ هەر فەرمانڕەوایەكی ستەمكار، لە راستیدا ئەگەرچی ئینتما یەكێكە مافە سەرەكیەكانی هاولآتیان، بەلآم لە بنەڕەتدا جۆرێكە لە باوەرهێنان و هەڵوێستەكردنی ئەقلآنی و ئەخلاقی و مرۆڤدۆستی بەرامبەر (ساتێك) لە باوەرهێنان و پرنسیپ و فۆرمی بیركردنەوە لە رەهەندە مرۆڤدۆستی و گەردوونیەكەیدا، ئینتما دەشێت بۆ پشتگیری كردنی دۆزەخێك بێت بۆ

کۆمەڵگا، یان بەرگریکردن بێت لە ناعەدالەتی و ستەمکاری، بەڵام ئینتما لە چوارچێوەی ئەقڵانی و مرۆڤدۆستیەکەیدا بە ئاسانی توانای برینی سنورەکانی زمان و نەتەوە و نیشتمانی هەیە، ئینتما سیفەتێکی سەرەکی مرۆڤە لە کۆمەڵگا نوێکاندا، بەرئەنجامی دامودەزگا مۆدێرنەکانە و زیادەی پەروەردە و ئیدراکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و رووناکبیریە.

هەڵبەت لێرەدا باسکردنی ئینتما بۆ ئەوەیە بزانین کە ئینتما چ رۆڵێك دەبینێت لە کۆمەڵگا هاوچەرخەکاندا، لە کۆمەڵگا هاوچەرخەکاندا ئینتما بریتیە لە جۆرێك بەردەوامیدان بە ژیان(7) و ئاوێتەبوون لەگەڵ کۆمەڵێك بەهای گەردوونی و مرۆڤدۆستی. بێگومان ئینتما رۆڵی جیاواز دەبینێت لە نێوان کلتورە جیاوازەکاندا، کە بەگشتی بەسەر دوو ئاراستەی جیاواز دا دابەشی دەکەم، ئەگەرچی ئەوەش دەزانین کە مرۆڤایەتی لە دۆخی خۆرسکیدا یەك کائینە(8)، ئەو ئاراستانەی دەمەوێت مەسەلەی ئینتمای بەسەردا دابەش بکەم، یەکێکیان بەرەو سەربەخۆیی ئیرادەگەریانەی تاك لە بریار و بیرکردنەوە و پرسیارکردندا هەنگاو دەنێت، ئەویتریان بەرەو مەحفبوونەوە و نامۆبوون لە جڤاد و گروپەکاندا بەرێ دەکەوێت، دەرئەنجامی یەکەمیان لە کۆمەڵگا دیموکراسیەکاندا بریتیە لە ئینتما لەسەر بنەمای ئەقڵانی، کە بەدوای خۆیدا رستێك دیبەیت و تەماشاکردنی جیاواز و وردبونەوە دێنێت، واتە گیرسانەوە نییە لەسەر شتێکی ڕەها و کۆتایی، دەرئەنجامی دووەمیشان لە کۆمەڵگا دواکەتوەکاندا، ئەوانەی بیرکردنەوە و تێروانینی ئەقڵی تێدا غائیبە، ئەو کۆمەڵگایانەی بە دەست رستێك کێشەی ئابوری و سیاسی و کلتوریەوە دەناڵێنن و هەزاران فرسەخ لە دیموکراسیەوە دوورن، بەردەوام سەرقاڵی دارشتنی گوتارێکن لەپێناو مەدح و سەنای

دەوڵەت و موقدەسکردنی سەرکردەکاندا، لە راستیدا ئەم مۆدیلی ئیشکردنە لانکەی بەرهەمێنانی رۆحی ستەمکاریە، لە پاڵ بیّ رۆحی ئینتما و غیابی ئەقڵدا.

**ئازادی وێناکراوێکی نە بیندراو...**

هەمیشە چەمکی ئازادی ئیشکالیەتی جۆراو جۆری کلتوری بەدوای خۆیدا دەهێنێت، بەوەی کێشە دەخولقێنێت لە دنیابینی و تێگەیشتن و گۆڕان لە جۆری پەیوەندیەکان، ئازادی بەشوێن درزێکدا دەگەڕێت بۆ دەرچون لە ملکەچی ترادسیۆنە باوەکان، هەروەك ئازادی ئیشکردنە لە نێو سنور و رۆحی یاساکاندا، رووبەروبونەوەیە لەگەڵ هێز و ئەقڵیەتی باڵادەستی پۆلیسیانە، تا ئێرە ئیشکالیەتی چەمکی ئازادی بریتیە لە جۆرێك تەماشاکردنی دونیا لە دەرەوەی بینینی دەسەڵاتداران و ترادسیۆنە باوەکان، وەك ئەوەی ئازادی دەرچون بێت لە فەزایەکی داگیرکراو، یان راکردن بێت لەقەفەزێکی ئەبەدی کەلەسەری نوسراوە ترادسیۆن.

هەڵبەت ترادسیۆن لە سەرجەم رەهەندەکانیدا، پریەتی لە کێشەی کۆمەڵایەتی و ئاینی و سیاسی ..قوڵ، کە ڕەنگدانەوەیان لە پانتایی فکری و سیاسی و دارشتنی جۆری بریارەکاندا هەیە. ئەوەی تەفسیرێکی سیاسی و کلتوری بۆ ئازادی، ئایندەی ئەم چەمکەمان لە فەزای گشتیدا بۆ ساخ دەکاتەوە، لەوەوە دێت ئازادی وەك چەمك و راڤەکاری بریتیە لە خولقاندنی کێشە لە خودی پێکهاتە سەرەکیەکانی فەزای گشتیدا.

بەڵام چەمکی ئازادی بەتەنها لە سنوری دەسەڵات و کلتوردا کێشە نییە، ئازادی بینینی دونیایە لە گۆشە نیگایەکەوە کە مەرج نییە هەمان گۆشە نیگا لە دیدی دەسەڵاتدار و پرسە کلتوریەکاندا بیندراوبن... بەکورتی ئازادی

کێشەیەکی بەردەوام و نەبراوەیە لەگەڵ ئەو دیدەی دونیا و ژیان لە چوار گۆشەی دیارکراودا لەقالب دەدات، خواستێکە بۆ رێکخستنی ژیان و پەیوەندیەکانی ناوی، کە هەمیشە کێشە دەخولقێنێت لەگەڵ بیرکردنەوەی نا ئەقلانی و توتالیتاریدا، دەرچون لە چوارچێوەی ئەم بیرکردنەوەیەدا هەولێکە بۆ بینینی دونیایەك کە هێشتا لەسەر ئەرزی واقع نەبیندراوە..

**دەولەتی ئازاد**

هیگل لە تێروانینە فەلسەفیە سیاسیەکەیدا دەولەت بە کاری ئەقلی ئەزەلی وەسف دەکات، نەك هەر ئەوە بەلکو هیگل دەولەت بە مەزنترین بەرهەمی مێژوو دادەنێت، لای هیگل تاك لە ناو دەولەتدا حەقیقەتی خۆی بەدەست دەهێنێت، لەبەرئەوەی تەنها لەو رێگەیەوە و لە ناو دەولەتدا دەگاتە ئاستی گشتگیریی(9).

لای هیگل دەولەت بە رستێك پرۆسیجەری یاسایی و مۆرالی و سیاسی تەندراوە، لەبارێکی تردا دەولەت ناتوانێت کارەکانی رایی بکات تەنها لە رێگەی دەرکردنی یاساوە نەبێت، مۆرالیش کە بەردەوام لە هەولی گشتگیریدایە، هەرکات لەنێو دامودەزگاکاندا بەرجەستە بوو، ئەو کات دەبێتە مۆرالێکی کردەیی،(10) گرنگیدانی هیگل بە دەولەت تا ئەندازەیەکی زۆر پابەندە بە تیوری ئەقلانیەتەوە، لای هیگل دەولەت بریتیە لە شکلبەندی حەقیقەت، یان دەرکەوتەی خودایانە لەسەر زەوی، لەو نێوەندەشدا ئەگەرچی دەولەت دواهەمین ئامانجی تاکە، بەلام مۆرالی خودی تاك و ئاین دوو بەهای جاوید و سەربەخۆن لە دەولەتدا، جگەلەوەی تاك دەستبەرداری خواستە تایبەتیەکانی خۆی نابێت لە خۆشنودی و ئازادی، بەلام هیگل پێی وایە تاك تەنها لە رێگەی دەولەتەوە دەتوانێت شوێن پێی

خۆی لە جیهاندا دیاری بكات بەوەی وەك هاوڵاتیەك دەزانێت چ شتێك لە حەزەكانی گونجاوە.

هەڵبەت كە دێینە لای ئەزموونی دەسەڵاتدارێتی كوردی، تێدەگەین كێشەیەكی قوڵ لە تێگەیشتن و بیركردنەوە و ئەقڵی ئەو كەسانەدا هەیە كە كاری دەوڵەتداریان لە ئەستۆگرتووە، كێشەكە لە ئەقڵ و مامەڵەی ئەقڵانیدایە، هەڵە و كورتبینی لەكۆی بەڕێوەبردنی فەرمانڕەوایەتیدا هەیە، بەجۆرێك

هەست ناكەین دیبەیتێكی قوڵ لەسەر كێشەی چیەتی و چۆنیەتی فەرمانڕەوایەتیكردن ئامادەگی هەبێت.

تا ئەندازەیەكی زۆر درك بەوە دەكرێت ئەم فۆرمە دەسەڵاتدارێتیەی كوردی بێ هاوتا و وێنەیە، بەوەی ناتوانێت مامەڵەی ئازادانەی تاك و گروپ و جڤادە كۆمەڵایەتیەكان لە چوارچێوەی دەسەڵات و یاسا و مۆراڵدا رێكبخات. ناپرسێت ئایا دەوڵەت و دامودەزگانی دەسەڵات ئازادی دەپارێزن یان دەیخنكێنن؟ ئایا مۆرڵی گشتی و ترادسیۆنە كۆمەڵایەتیەكان ئازادی كۆتوبەند دەكەن (بەمانا رۆسۆیەكەی)، یان لە رێگەی داهێنانە ئەقڵانیەكانەوە هەنگاو بە هەنگاو لە پرۆسەیەكی مێژوویدا ئازادی بەرجەستە دەكرێت؟ ئەم دەسەڵاتە كوردیە هەرگیز ناپرسێت ئایا ئەو یاسایانەی دەریدەكات، یاسایەكن بۆ پاراستنی جیاوازەكان؟ یان یاسایەكن لە پێناو كۆتو بەندكردنی مرۆڤی كورد. هەڵبەت كۆت و بەندكردنی ئازادی لە رێگەی یاساوە راستەوخۆ لێدانە لە ماهیەتی مرۆڤ، ئەگەر ئەوە بزانین ماهیەتی مرۆڤ لە ئازادیدا چر دەكرێتەوەو یاسایش بۆ رێكخستنی كاروباری ژیانە نەك بۆ

دەستەمۆکردنی مرۆڤ، راستر یاسا بریتیە لە رێکخستنی پەیوەندییەکان لەسەر بنەمای ئەقڵ و لۆژیك.

قۆناغی بیناکردنی دەوڵەت لە سەدەی بیست و یەکدا قۆناغێکی خوێناوی و بریندارکەرە، قۆناغێکە بۆ رمانی ئەو شتەی بەناوی دەوڵەتەوە رۆڵ دەبینێت و دەوڵەت نییە، قۆناغی رمانی ئەو دامودەزگا پۆلیسی و سەربازیانەیە بەناوی یاساپارێزیەوە فرمان دەردەکەن، لە کاتێکدا دەستور و ئەقڵ لە غیابێکی ئاشکرادایە، قۆناغی کۆتایهێنانی دەسەڵاتی ئەو سەرکردە و بنەماڵە و شۆرشگێرانەیە کە تا ئێستا شەرعیەتی فەرمانڕەوایەتیان، هیچ نییە جگەلە شەرعیەتی هێز و مانەوە، هەڵبەت ئەم قۆناغە تێکەڵاوە لەگەڵ کێشەگەلێکی گەورەی ناسیونالیستی و ستەمکاری و شەپۆلێکی بەهێزی سەرهەڵدانی ئیسلامی سیاسی و گروپە کۆنەپارێزەکان، پرۆسیجەری بیناکردنی دەوڵەت لەم ناوچەیە بە نێو ئەو شارێگا ترسناك و قورس و  پر کێشانەدا تێدەپەرێت، بۆیە هیچ گومانێك نییە لەوەی قۆناغی بیناکردنی دەوڵەتی مۆدێرن بە مانا فیبریەکەی قۆناغێکی دژوار و سەختە.
ئەگەر هەنگاوێك لە کردەی بیناکردنی دەوڵەتی مۆدێرن دوربکەوینەوە، بێینە سەر ئەوەی چی لەسەر ئەرزی واقع دەگوزەرێت، ئەوا بەدیاریکراوی مەبەستمان لە دەوڵەتی ئازاد، کیانێکی سیاسی رووت نییە کە گوزارشت لە شوناسی دەوڵەتی نەتەوە بکات، دەوڵەتی ئازاد دەوڵەتێکە هاوڵاتیانی ناوی ئازادانە دەژین، ڕەخنەدەگرن، خۆپیشاندان سازدەدەن، لەسەر مافە مەدەنی و سیاسی و ئەخلاقی...دێنە دەنگ و رازی نابن دەسەڵات وەك داشی دامە بەکاریان بهێنێت.

هەڵبەت لەم جۆرە دەوڵەتدا سنورێکی یاسایی بۆ دەستڕۆیشتنی دەسەڵات کێشراوە، پرنسیپی دیموکراسی و بەشداری سیاسی و چالاکیە مەدەنیەکان... لەسەر کۆڵەکەی ئازادی بونیاد نراوە، لە دەوڵەتی ئازاددا دەسەڵات بۆ چارسەری کێشەکان بە هیچ کلۆجێك ناچێتەوە سەر چارەسەری عەسکەریانە، دەوڵەتی ئازاد جۆرێکە لە ڕێکخستنی کۆمەڵگا لەسەر باوەرهێنان بە توانا و رۆڵی تاك لە کایەکانی سیاسەت و کۆمەڵایەتی و یاسا و ئابوری و پاراستنی جیاوازیەکاندا...

بەپێچەوانەی دەوڵەتی ئازاد، دەسەڵاتی ستەمکاری، یان راستر دەوڵەتێك لەسەر بنەمای دەسەڵاتی پۆلیسی دامەزرابێت، مۆدیلێکی ترە لە دەوڵەت، لەم دەوڵەتەدا دەسەڵات هەرەمیە و سەرۆك کەسێکە لەسەرو هەموو شتێکەوەیە...سەرۆك لە رووبەروبونەوە و قەیرانەکاندا دواهەمین بریار دەدت، سەرۆك لە کێشەکاندا جگە لەو توندوتیژی و سەرکوتکردن هیچ چارەسەرێکی تری پێ نییە. لە دەوڵەتی پۆلیسیدا سەرچاوەکانی کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر بنچینەی کاری سیخوری و هەواڵگری بەرێوەدەچێت.

لەم مۆدیلەی دەسەڵاتدا هیچ دەرفەتێك نامێنێتەوە بۆ لێك تێگەیشتن و دەربرینی بیروبۆچونە جیاوازەکان، لە رێگەی بڵاوکردنەوەی ترس و هەرەشە و زوڵمی بەردەوامەوە، هاوڵاتیان هەست بە دڵنیایی و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و سیاسی و مەدەنی ناکەن. راستیەکەی لە دەسەڵاتی ستەمکاریدا سەرۆك و دامودەزگا بریار بەدەستەکەی هیچ بەربەستێك شك نابەن تا سڵی لێ بکەنەوە، ئەوان خاوەن دەسەڵاتێکی بێ سنورن، خاوەن ئابوریەکی زەبەلاحن، لە پاڵیدا خاوەن میللەتێکی هەژار و نەدارن، مێژووی ستەمکاری

لەسەر برسیکردن و لاوازکردنی کۆمەڵگا نوسراوەتەوە، ئەگەرچی دەسەڵاتداران لە مۆدیلی پۆلیسیدا لە رووکەشدا مەدەنی خۆیان نیشان دەدەن، بەڵام لە جەوهەردا عەسکەری و دڵڕەق، لە بیرکردنەوەیشدا توندڕەو، لە ڕەفتاردا نا ئەخلاقی، و لە هەڵسوکەوتیشدا وێرانکەر و نا دیموکراسی.

برێکی زۆری کێشەکانی نێو ئەم دەوڵەتە تەنها لە رێگەی توندوتیژی و سەرکوتکردنەوە چارەسەردەکرێت، ئەقڵیەتی بیرکردنەوە لە چارەسەری توندوتیژانە بۆ دامرکاندنەوەی کێشە و داواکاری و خواستی هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتیە نوێکان، جۆرێکە لە دنیابینی کە چارەسەری تێپەر و روکەشانە بۆ کێشەکان دەدۆزنەوە. دروست ئەم جۆرە لە بیرکردنەوە تا ئەندازەیەکی زۆر لەو ژینگەیەدا سەوز دەبێت، کە تێدا کۆمەڵگا لاوازکراوە و کارەکتەرەکانی ناوی گەمارۆدراون بە کۆمەڵێك گێلە پیاو و نەزان و درندە، دروست ئەمە لێدانە لە ئیرادەی تاك و پەراوێزخستنی هێزە کۆمەڵایەتیەکان.

بە دیوێکی تردا لە دەوڵەتی پۆلیسیدا دەلاقەیەك شك نابرێت تا مومارەسەی سەرەتایترین مافەکانی "ئازادی" تێدابکرێت تەنانەت لە سنورەکانی قسەکردن و دەربرینی بیروبۆچونی جیاوازدا، دروست قسەکردن و بیرکردنەوە و باسکردنی پرسی ئازادی لای دەسەڵاتداران بریتیە لە هەرەشەی راستەوخۆ لەسەر دڵی سیستەم و دەسەڵات.

**ڕەهەندەکانی ئازادی**

بە بروای من هەر قسەکردنێك لەسەر ئازادی لەسێ رەهەندی سەرەکیدا بەرجەستە دەبێت: مرۆڤ لە ڕەهەندە غەریزیەکانیدا(12)! دەسەڵات لە بێ

سنوری بڕیارەکانیدا(13)، جیاوازی نێوان کلتور و ڕۆشنبیرییەکان لە ڕەهەندی بەرزە من و نزمە باڵاکانیدا، ڕاستر لە ڕەچەڵەکی ڕەسەن و ڕەچەڵەکی نا ڕەسەندا، هەروەك لەو ترادسیۆنە ئاینی و کۆمەڵایەتیانەی بونیان هەیە.

لەسەر ئاستی کۆمەڵگا، ئازادی قوربانی سێ مەسەلەی سەرەکیە: زاڵبونی بڕیاری نائەقڵانی لە غیابی ئەقڵدا، باڵادەستی توتالیتاریزم لە غیابی دیموکراسیدا، توندوتیژی شۆڕشگێڕانە لە غیابی دەستور و کۆمەڵگای مەدەنیدا...بەم پێیە ئازادی چەمکێکە لە قەیرانەوە سەرچاوە دەگرێت! ئەوە قەیرانە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و فکریەکانە.... پرسیاری چیەتی ئازادی؟ دەکاتە پرسیارێکی سەرەکی نێو کایە جیاوازەکان، بێگومان هەموو قەیرانێك دەمانخاتە بەر گومانی ئەوەی مەسەلەیەك هەیە لە ڕێرەوی سروشتی خۆی لایداوە، سەرەتایترین لادان لە پرسی ئازادیدا لە پێشێلکردنی مافەوە دەست پێ دەکات.

بێشك ئەوەی وادەکات سەرباقی ئەو جەنجاڵی و قەرەباڵغیەی لە کۆمەڵگا هاوچەرخەکاندا هەیە، قەیرانەکان زوو ببیندرێن و زوو بگوازرێنەوە، پێشکەوتنی جیهانی پەیوەندیکردن و دیجتاڵە! ئەم پێشکەوتنە دووبارە رەهەندێکی تری ئازادیمان بۆ کەشفدەکات کە بریتیە لە جیهانی گواستنەوەی خێرای زانیاریەکان، ئەویش بچوکبونەوەی جیهانە لە داتابەیس و سایت و زومی کامێرەکاندا، جیهانێك لە چەند چرکەیەکدا هەرچی زانیاریەکانی ئەو پەری رۆژئاوا دەگوازرێنەوە بۆ ئەورپەری رۆژهەڵات...ئیدی سنورەکانی ستەمکاران و گەمەکارانی بەناو دیموکراسی بە ئاسانی ئاشکرا دەکرێن، زەحمەتێکی زۆرمان ناوێت بۆئەوەی بزانین چ درۆیەکی شاخدارە

سەرۆکێکی ستەمکار دەتوانێت لە سەدا نەوەد و هەشتی دەنگەکان بەدەست دەهێنێت، کارێکی گران نییە بزانین وڵات و شارێك چۆن بێدەنگ کراون، ئەو درۆیە زوو بەتاڵ دەبێتەوە کەسێك نزیکەی بیست ساڵ فەرمانڕەوابێت و دەستی هەبێت لە شەری ناوخۆ و هێنانی دوژمن بۆ سەر خاکی وڵات، دواتر لە هەڵبژاردندا زۆرینەی دەنگەکان بەدەست بهێنێت...ئایا ئەو چیرۆکە سیاسیە دروستکراوە، لەساتەوەختی رژانی جەماوەر بۆسەر شەقامەکان سەرلەبەری درۆکەی ئاشکرا نابن!

بۆ بەرجەستەکردنی دۆخێکی سیاسی کە لانی کەمی ئازادی تێدا فەراهەمکرابێت دەبێت لە پرۆسیجەری سنوربەندکردنی دەسەڵاتەوە دەست پێ بکەین! لەکاتێکدا سنورەکانی یاسا بە سنورەکانی دەستورێکی ئەقلانیەوە گرێ دەدرێت، دەبێت سنورەکانی ئازادی بە ئازادی ترەوە گرێ بدرێن، ئەمەش ئەو رەهەندە قوڵەی ئازادیە کەلە سیاسەت و کایە کۆمەڵایەتیەکاندا بەرجەستە دەکرێن.

هەوڵی رێکخستنی کۆمەڵگا لەسەر بنەمای دیموکراتیزەکردنی سیاسەت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریەکان بریتیە لە رەهەندێکی تری ئازادی..، بەڵام ئیشکالی گەورە لەم رەهەندەی ئازادیدا بریتیە لە ناکارایی سیاسیەکان لە پرۆسەی پرسی راڤەکاری دیموکراتیزەکردن و کرانەوەی کۆمەڵگادا بەرووی ئازادیە گشتیەکان و مافەکانی هاوڵاتیان، هەڵبەت بەبێ موتوربەکردنی ئازادی بە دیموکراسیەت و کرانەوە لە سەرجەم جومگە و کایە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکاندا، هەموو قسەکردنێك لەسەر ئازادی هیچ نیە جگە لە نوکتەیەکی سیاسی، بێگومان ئەوەش هەوڵێکی موزەیەف و رووکەشانەی دەسەڵاتە بۆ مکیاژکردنی رووی دەرەوەی دەسەڵات.

لێرەدا دەگەینە ئەو راستیەی هەموو قسەکردن لەسەر چەمکی ئازادی، پێویستە هەردوو لایەنی پەیوەندیدار بەم مەسەلە لەسەر یەك رووبەر کۆبکرێنەوە، واتە رووبەرێك نییە بریتی بێت لە دەسەڵات و رووبەرێکیش تایبەت بە هاونیشتمانیان، ئەوەی هەیە هەر دوولا لە کێشەیەکدا بەشدارن کە بریتیە لە کێشەی راڤەکردن و تێگەیشتن و گوزارشتکردن لە ئازادی، ئەو دوو لایەنەش کە کۆمەڵگایە بە هەموو پێکهاتە و ڕەگەز و جۆرەکانیەوە، لایەنی دووەمیشیان کە دەسەڵاتە بە هەموو پێگە و دەزگا و دامەزراوەکانیەوە، بێگومان چەمکی ئازادی بەتەنها لەم دوو لایەنەدا چڕ ناکرێتەوە، چونکە گەلێك بەها و دامودەزگای ئاینی و فەرهەنگی و ناحکومی هەیە، کە بەجۆرێك لە جۆرەکان تایبەتمەندی خۆیان هەیە، کاریگەری بەسەر ماناکانی ئازادیەوە بەجێدەهێڵن چ لای تاك یان کۆمەڵگا یاخود دەسەڵات.

**دەرئەنجام..**

چەمکی ئازادی وەك هەموو چەمکە گشتیەکانی تر، لە گەلێك رەهەندەوە کاریگەری لە ژیانی رۆژانەی تاك و گروپ و جڤاد و دەسەڵات.. دەکات، بەشداری ئەو تێروانین و تەماشاکردنەکانمان دەکات بۆ ژیان و پەیوەندیەکان کە بە رستێك شفرە و یاسا و ترادسیۆن و بۆچون ..تەندراوە. ئیشکردن لەسەر چەمکی ئازادی ئیشکردنە لەو کارتێکردن و کاریگەریانەی تاك و جڤاد و دەسەڵات کەلە سەر فکرەی رێکخستنی کۆمەڵگای بەجێی دەهێڵن، راستر ئیشکردنە لەسەر مۆدیلی دەسەڵاتی سیاسی و کایە جیاوازەکانی کۆمەڵگا کەلە ماوەی رابردوودا لەسەری راهاتووە، دەستکاریکردنی ئەندازەیی رێکخستنی پێکهاتەکانی نێو کۆمەڵگایە، لە

سەرجەم ڕەهەندە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینیەکانیدا... هەروەك ئیشکردنە لەو فەزا گشتیەی کاریگەری لەسەر پەیوەندیەکانی نێو کۆمەڵگا دروستدەکات.

بەپێ ئەو بۆچونەی سەرەوە بێت، ئەو پێناسەیەی لە رۆژئاوا بۆ چەمکی ئازادی دەکرێت، جیاوازی هەیە لەو پێناسەیەی لە رۆژهەلات فۆرمەلەدەکرێت. ئەگەرچی کۆمەڵێك هێڵی گشتی هەیە کە چەمکی ئازادی لە هەموو شوێنێکدا لەسەری دەوەستێت و وەك بنەمای ئەم چەمکە تەماشادەکرێت، بۆ نمونە دەتوانین پێناسی ئازادی لە فەزایەکدا بەرجەستەبکەین کە تاك (Individual) تێدا خاوەن ئیرادە و بریاری ئیرادەگەریانەی خۆی بێت، خاوەنی بیرکردنەوە و سەربەخۆیی مافەکانی خۆی بێت، هەروەك تاك ئازادی لە دەرەوەی هەر جۆرە فشارێکی دەرەکی ماف ئەوەی هەیە لە نێو ئۆپشنە جیاوازەکاندا هەڵبژاردن ئەنجام بدات، هەروەها تاکی ئازاد ئاراستەی دیاریکردنی ژیانی خۆی بەدەست خۆیەتی، ئەم هێڵە گشتیانەی چەمکی ئازادی ساتێك لە نێو کلتورە جیاوازەکاندا ورد دەکرێتەوە، دەبینین دەرئەنجامی جیاواز دەدەن بەدەستەوە، بێگومان ئەو هێڵە گشتیانەی ئاماژەی پێدرا هەموو رەهەندەکانی چەمکی ئازادی تێرناکات، بۆ نمونە کاتێك توماس أ. ئیمرسون باس لە ئازادی رادەربرین دەکات، پێی وایە ئەم مەسەلەیە لایەنێکی پەتی ئازادییە چونکە ئەوەی کەباس لە ئازادی رادەربرین دەکات دەبێت کۆمەڵێك مەسەلەی تر لەبیرنەکات ئەو دەنوسێت (گەیشتن بە ئازادی رادەربرین تاکە ئامانجی کۆمەڵگایەکی باش نییە. ئازادی رادەربرین وەك خواستێك لە خۆیدا ئەژماردەکرێت، لەبەرئەوەی مافێکی تایبەتی تاکە. بەڵام تاکە خواستی مرۆڤ

نییە وەك تاك. هەر تیۆرێك دەربارەی ئازادی رادەربرین پێویستە لە خۆیدا حساب بۆ چەند بەهایەکی تر بکات، وەك سیستەمی گشتی، دادپەروەری، یەکسانی، پێشکەوتنی ئەخلاقی، پێداویستی رێوشوێنی جەوهەریانە کە تایبەت بێت بە گەشەپێدان و بڵاوکردنەوەی ئەو ئایدڵانە. جگەلەوە کێشەیەکی راستەقینە بوونی هەیە، ئەویش دەربارەی گونجاندنە لە نێوان رادەربرین و بەها و ئامانجی تردا، کەلە کۆمەڵگایەکی باشدا هەوڵی بەدیهێنانی دەدرێت) (14) لێرەوە تێدەگەین چەمکی ئازادی هەوێنی راستەقینەی گەلێك چەمکی گەردوونییە، هەوێنی بەرجەستەکردنی یەکسانی و دادپەروەری و پێشکەوتنی ئەخلاقی و گەشەپێدانی کۆمەڵگایە..، دروست پرسی ئازادی پرسێکە راماندەگرێت بەرامبەر پرسیاری جەوهەری لە بوون و فکر و مومارەسە، بێگومان لە سەرجەم کایە کۆمەڵایەتی و سیاسی و رۆشنبیری و ئەخلاقیەکاندا، لەوەیشدا کە جیاوازی نێوان مرۆڤەکان و هێزە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان، جیاوازی نێوان کلتور و بیرکردنەوە و رۆشنبیرییە جیاوازەکانە، بریتیە لە جیاوازی کۆمەڵایەتی و شارستانی و ئابوری...بۆیە پرسی ئازادی ئەگەرچی پرسێکی گەردوونیە بەڵام خاوەن خەسڵەت و ئامانجی لۆکەڵیە.

ئەگەر ئەوە بزانین ماف ئازادی جگەلەوەی بنچینەیەکی سروشتی و خۆرسکی هەیە، بەڵام ئەم مەسەلەیە کە ئاوێتە دەبێتەوە لە نێو توخمەکانی کۆمەڵگا هاوچەرخەکاندا وە لەنێو سیستەمە سیاسی و رۆشنبیریەکان و ترادسیۆنە کۆمەڵایەتیەکاندا بە جۆرێك لە جۆرەکان لە قاڵب دەدرێت، برێکی لە رەهەندە قانونیەکەیدا، برێکی تری لە ڕەهەندە کۆمەڵایەتیەکەیدا و دیارە

بەشێکی گەورەی ئازادی ( بە مانا گشتیەکەی) لە رەهەندی سیاسی و ئەخلاقیەکاندا دووبارە لە قاڵب دەدرێنەوە.

هەر هەوڵێك بۆ ئەوەی هەمووان وەك یەك بیربکەینەوە، یان هەمووان لە نێو یەك رێکخستنی چوون یەکدا کۆببینەوە، لە راستیدا نزیك کەوتنەوەیە لە سەرەتاکانی دامەزارندنی دەسەڵاتی توتالیتاری.

رەخنەگرتن لەو کایە تاریکانەی دژ بە چەمکی جیاوازیخوازی و ئازادی کاردەکەن، بە سەرەتای دەستپێك دادەنرێت بۆ رووبەروبونەوەی سیستەمە سیاسیە داخراوەکان، بەتایبەت ئەو سیستەمە سیاسیانەی بۆشایەکی گەورەی دروست کردووە لە نێوان هاوڵاتیان و دامودەزگاکانیدا.

بێگومان ڕەخنەگرتن وەك شادەماری خوێنین و زندەگی ئەنزیمە سیاسیە کراوەکان، ئەوەمان پیێ دەڵێت کە کۆمەڵگای زیندوو و ئازاد، لەجەوهەردا پارێزەری جیاوازیەکانە، ئەمە جگەلەوەی کۆمەڵگایەکە لەسەر بنەمای ئەقڵانیەت بەرێوە دەچێت، لەهەمان کاتدا کۆمەڵگایەکە کە تاکەکانی ناوی چالاك و بەئاگا و خاوەن مافن، لە بیستن و درکردن و دەستکاریکردنی راستیەکانی نێو کۆمەڵگای خۆیان واتە لە ترپەی دڵی رووداوەکانەوە نزیکن.

ئەگەرچی هیچ کردە و گوتار و بریارێك نییە دوور بێت لە ڕەخنەگرتن و خوێندنەوە و تەفسیری جودا جودا، کە ئەمەش بۆخۆی بریتیە لە دەروازەی والا بۆ ڕەخنەگرتن لە حەقیقەت، هەروەك دەروازەیەکی سەرەکیشە بۆ تەماشاکردنی دونیای دەرەوەی خۆمان، تەماشاکردنی خودی خۆیشمان لە بارەگە کلتوری و سیاسی و رۆشنبیریەکەیدا.

له راستیدا ئەركی ڕەخنەگرتن بریتیه له هەڵوەشاندنەوەی ئەو دەمامك و فەیسه داپۆشراوانەی گوزارشت له راستی دەكەن، هەروەك به بارێكی تریشدا دەرخستنی دیوێكی تری ئەو راستییه كه پیشانماندەدرێت.

مافی بەدەستهێنانی ئازادی، جۆرێكه له ماف كه ئیشكالیەتی جدی هەیه له نێو سەرجەم رۆشنبیرییه جیاوازەكاندا، كۆمەڵگایەك شك نابەین لێوان لێو نەبێت له بیروبۆچون و تێروانینی ئازادانه، بەڵام ناكۆكی و دژ وەسان بەرامبەر ئەم مافه له سیستەمه سیاسی و كۆمەڵایەتیەكەدا بەرجەسته دەكرێت كه زۆرجار بەرهەمی نا دادپەروەری و دیموكراسیشه.

ئەگەرچی خودی چەمكی ئازادی پر كێشەترین چەمكه كه مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵدا دەكات، بەڵام به سروشت مرۆڤ و كۆمەڵگا و گروپەكانی ناوی دەستبەرداری ئازادی نابن، ئەمەیشه وادەكات هاوپەیمانی و یەكێتی نێوان بیروبۆچونه جیاوازەكان دەستەبەربكرێت، یاخود چارەنوسی جڤادیانەی كۆمەڵێك كەس پێكەوه كۆبكرێتەوه له پێناو مانەوه و ژیانی ئازادانه.

راستیەكەی مرۆڤایەتی به ئازادی و پارێزگاریكردن له جیاوازیەكان دەتوانێت پێشبكەوێت، ئەوەی وادەكات جەنگی نێوان جاوازییەكان ئازار و خوێن و ترس و هەرەشەی تێ نەكەوێت، تەنها بیركردنەوەی ئەقڵانیانەیه، ئەوەی وادەكات مرۆڤەكانی نێو كۆمەڵگا ئازادانه گوزارشت له بیروبۆچونی خۆیان بكەن چ لەسەر ئاستی شوناس یان فكر یان مەعریفه و تەنانەت ترادسیۆنه ئاینیەكانیش تەنها پرۆسەی لێك تێگەیشتن و قبوڵكردنی ئەقڵانیانەیەی یەكتره.

هەوڵدان بۆنوسینەوەی ئازادی، هەوڵدانه بۆ راكردن له هاوشێوەیی، راكردنه له دەسەڵات و مەعریفەی هاوشێوەیی، هەربۆیه هەموو گوتار و نوسینێك

لەسەر ئازادی لێدانێكی راستەوخۆیە لەو دەسەڵاتەی كار بۆ دامەزراندنی هاوشێوەیی یان دەسەڵاتێكی گشتگیر دەكات، بەمەش تەنها ئازادی دەتوانێت ئەو رووبەرە فراوان بكات كە توخمە جیاوازەكان بە خواستی خۆیان گوزارشتی راستەقینە لە خودی خۆیان بكەن.

گوزارشتێك كە دواتر دەبێتە شوناسیان، ئەگەر ئەوەش بزانین لە نێو شوناسە جیاوازەكانیشدا تێفكرینی جیاوازیخوازی وەك بزوێنەرێكی ئازادانە بۆ مانەوەی شوناس بەردەوام لە بزواندنی بابەتەكاندایە، شوناس لە كاتێكدا بوونی خۆی ئەسەلمێنێت كە دان بە بوون و ماف بەرامبەردا بنێت، هەوڵدان بۆ پارستنی بوون و ئازادی و جیاوازییەكان، راستیەكەی هەوڵێكە كێشەی شوناس و سنورەكانی نەتەوە و ئاین تێدەپەرێنێت.

تا ئەو ساتەی مرۆڤ دەمرێت، تا شكڵبەندی دەسەڵات لە هەرەمەوە شۆردەبێتەوە بۆ نێو بچوكترین خانەكانی كۆمەڵگا، تا ئەو كاتانەی ململانێی جیاوازیەكان و بەرژەوەندیەكان بەردەوامی دەبێت، ئازادی لە خەیاڵدا دێت و دەچێت! ئازادی كێشەیەكە لە نێو ئەو كێشانەی بەرۆكی سیاسەت و ئابوری و ئەخلاق دەگرێت، چەمكێكە توانای هەیە مرۆڤ و كۆمەڵگا و دەسەڵات و بەرژەوەندیەكان بەیەكدا بدات؟ هەڵبەت ئازادی چەمكێك نییە لە پێناو بەردەوامیدانی ململانێ و كێبركێكان، ئەوەندەی وێنایەك بۆ بینینی جیهانێك كە خاڵییە لە قودرەت و دەسەڵاتی ستەمكارەكان، وێناكردنێكە بۆ بینینی نەبیندراوێك، نەبیندراوێك كە ئیمكانی بینینی لە ئارادایە، ڕەنگە پرساری ئەوەی ئازادی چیە؟ پرسیارێك بێت بۆ بینینی دۆخێك كەلە ئێستا نەچێت! دۆخێك پراو پر گوزارشت لە ئازادی بكات.

كۆتایی

**پەراوێزەكان**

1. لای ئسبینوزا (1632ـ167) بەرهەمی فەلسەفی لە رێگەی وردبونەوە لە سیستەمی ئەزەلیەوە دێتە بەرهەم، بێگومان مرۆڤ لەو سیستەمەدا تەنها بەشێكی بچوك پێك دێنێت، بەڵام هەر لە رێگەی ئەو بەشە بچوكەوە، بەشێوەیەكی میانڕەوانە، وردبونەوە و گرنگیدانە كۆمەڵایەتی و سیاسیەكانی دەست پێدەكەن، ئەو رێگە میانڕەوانەیە بەسەر لەنوێ بیناكردنەوەی سیستەمی سیاسی و كۆمەڵایەتی دەست پێدەكات.
2. مونتسكیو..... رۆحی یاساكان ...وەرگێرانی بۆ كوردی ئیدریس شێخ شەرەف چاپی یەكەم 2003 لەبلاوكراوەكانی دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی موكریانی.
3. جبران خلیل جبران لە دەنوسێت"نەتەوەیەك لە رۆح و ئەقڵیەتیدا ستەمكار بێت ناتوانێت بە جلوبەرگ و دابونەریتەكەی ئازاد بێت"
4. بروانە كتبەكەی فاروق رفیق..(ماڵێكی لێك ترازاو و ویژدانێكی بیمار) لێكۆڵینەوە دەربارەی كورد- بوون لە ـ جیهاندا،ساڵی چاپ 2002 چاپخانەی ڕەنج.
5. لە یەكێتی سۆڤیەتی جاران رێوڕەسمی ئاینی و خودا پەرستی قەدەغەكرابوو، تەنانەت نوسەرێكی گەورەی وەك مەكسیم گۆرگی لە سەرەتای بیستەكاندا لە نامەیەكیدا بۆ لینین دەنوسێت و تێیدا داوای لێدەكات كە رێوڕەسمە ئاینیەكان قەدەغەبكرێن و لە بری ئەوەی لە قوتابخانەكاندا وانەی ئیلحاد بخوێندرێت، چونكە بە بۆچونی مەكسیم گۆرگی ناكرێت سوشیالیزم بونیادبنرێت لە قوڵایی فكری ئاینیدا.
6. رودنی أ سمولا لە كتێبەكەیدا دەربارەی ئازادی رادەربرین لە كۆمەڵگای كراوەدا دەنوسێت(قسەكردنی ئازادانە بریتیە لە كەرەستەیەكی بێ وێنەی حوكم كردنی خود لە كۆمەڵگایەكی دیموكراسیانەدا) بروانە ل 24.
7. لێرەدا سەرنج لە گوتەیەكی جان بول سارتر دەدەین، ئەو دەربارەی ژیان دەنوسێت (ئەگەر هەموو مرۆڤایەتی بەردەوام بێت لە ژیان بۆ ئەوە نییە كەلە دایك بووە، بەڵكو لەبەرئەوەیە كە بریاری داوە بەردەوامی بدات بە ژیانی، ئەگەر وانەبوایە شتێك نەدەبوو بە ناوی "جۆری مرۆڤایەتی"، لە هەمان كاتدا كۆمەڵگای مرۆڤایەتی خۆی بووەتە پارێزەری بۆمبی ئەتۆمی، ئەمەش بووەتە بەرزترین بەها لە چاو ئاستی هەر توخمێكی سروشتی كە پێشتر ملكەچی بووبو، لەبەرئەوەی ئێستا خۆی بەرپرسیارە لە ژیان و مردنی، ئێستا لەسەریەتی هەموو رۆژێك بەڵكو هەموو چركەیەك ڕەزامەندی نیشان بدات لەسەر ژیان، ئەمە ئەو شتەیە ئیمرۆ بە حسرەتەوە هەستی پێ دەكەین) بروانە كتێبی: (نظرات حول الآنسان تألیف روجیة جارودي، ترجمة د.یحیی هویدي ـ القاهرة 1983)
8. مرۆڤەكان بە سروشت و لە قۆناغی خۆرسكیدا هاوتان لە توانای ئەقڵ و بیركردنەوە و ماف و رێزدا..، ئەوە تەكنیك و تەكنەلۆژیا و سیستەمە سیاسیەكانە مەسەلەی ئینتما و بیروبۆچونی مرۆڤەكان دەگۆرێت، هەڵبەت شوێنی خۆیەتی لێرەدا باسی دیكارت بكەم، دیكارت پێی

وایه(خۆرسكی ـinstinctـ چاكه بریتیه له خاڵی هاوبەشی نێوان سەرجەم مرۆڤایەتی) مەبەستەكەی ئەوەیە كە ئەقڵ بە سروشت لەلای هەموان یەك شتە، ئەمەش وەك نمونەی باڵای دیموكراسیەت تەماشادەكرێت.. بڕوانە كتێبی: دیكارت و العقلانیه، نوسینی، جنفیاف رودیس لویس، وەرگێرانی بۆ عەرەبی، عبده الحلو، له بڵاوكراوەكانی عویدات بیروت ـ پاریس، چاپی چوارەم 1988.

9. بۆ زیاتر لەسەر بۆچونەكانی هیگل بڕوانە: ولتر ستیس ...فلسفة هیجل المجلد الأول (المنطق و فلسفة الطبیعة) تقدیم: زكي نجیب محمود، ترجمة د.أمام عبد الفتاح امام، دار التنویر للطباعة و النشر

10. بڕوانە كتێبی (العقل و الثورة، هیجل ة نشأة النظریة الاجتماعیة...تألیف هربرت ماكیوزـ ترجمة د. فؤاد زكریا، المؤسسة العربیة للدراسات و النشر، الطبعة الثانیة 1979)

11. بڕوانە كتێبەكەی ماكس فیبر الأخلاق البروتستانتیه و روح الراسمالیه، ترجمه محمد علی مقلد

12. له نوێترین لێكۆڵینەوەدا دەركەوتوە ئەو كەسانەی باوەڕیان بە غەریزەكانی خۆیان هەیە لە بڕیاردان، ئەوانە زۆرتر بڕیاری گونجاو ڕاست دەدەن، ئەو توێژینەوەیەی لە زانكۆی لەندەن ئەنجام دراوە بۆیان دەركەوتوە ئەو كەسانەی پشت بە بڕیاری ئەقڵی پاتن دەبەستن لە بەشێكی چركەیەكدا بڕیاری دروست دەدەن، لە چاو هەڵوەستەكردن و تێفكرینی ئەقڵانیدا، بێگومان ئەوەش دوای ئەو چەند تاقیكردنەوەیە هاتووە كەلەو توێژینەوەیدا پشتیان پێ بەستوە، تاقیكردنەوەیەكیان بریتی بووە لەوەی لەسەر شاشەی كۆمپوتەرێك 650 تەنێكی هاوشێوەیان نیشانی 10 كەس داوە تەنها تەنێكیان نەبێت كە هەمان شێوە بووە بەڵام بەسەروخواری پیشاندراوە، دوای ئەوە پرسیار لەو 10كەسە كراوە دەربارەی تەنە سەرەوخوارەكە كەلە ماوەی بەشێك لە چركەیەك لە 95٪ وەڵامەكەیان ڕاست بووە، بەڵام دواتر كاتێكی زۆرتریان دراوەتێ بۆ بیركردنەوە و وەڵامدانەوە ڕێژەی وەڵامە ڕاستەكە دابەزیوە بۆ 70٪، بۆزیاتر لەسەر ئەم بابەتە دەتوانن سەردانی ئەم لینكه بكەن:

http://www.amnesty.org/ar/news-and-updates/switzerland-votes-against-religious-freedom-2009113

13. بڕوانە سەرچاوە: الان تورین ماهي الدیمراطیة حكم الأغلبیة ام ضمانات الأقلیة

14. رودني أ. سمولا... حریة التعبیر في مجتمع مفتوح...ترجمة كمال عبدالؤوف...الناشر الجمعیة المصریة لنشر المعرفة و الثقافة العالمیة، الطبعة اول 1995

---

[i] شایانی باسە لە توێژینەویەكی تایبەت لەژێر ناونیشانی "ئازادی لەدروشمێكی سیاسیەوە بۆ چەمكێكی فەلسەفی" شرۆڤەیكی تێروتەسەل ئەنجامدراوە كە خوێنەر دەتوانێ بۆی بگەڕێتەوە: "فەلسەفە و قەیران" ل, 117 –دەزگای موكریانی 2009.